# وڵاتی کەروێشکان

کۆمەڵە چیرۆکێک لە فۆلکلۆری بیانییەوە



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی رۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

# وڵاتی کەروێشکان

کۆمەڵە چیرۆکێکی فۆلکلۆریی
ئەفریقا - ئەمریکای لاتینییە

**کاکەباس**

لە سویدییەوە کردوویە بەکوردی



ناوی کتێب: وڵاتی کەروێشکان - کۆمەڵە چیرۆکێکی فۆلکلۆریی
ئەفریقا - ئەمریکای لاتینییە
وەرگێڕانی لە سویدییەوە: کاکەباس
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٢١٣
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
بەرگ: ئاراس ئەکرەم
خۆشنووسیی بەرگ: محەمەد زادە
پیت لێدان: سۆزان جەبار
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل - لوتفی عەبدولفەتاح
سەرپەرشتیی کاری چاپخانە: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر- ٢٠٠٣
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر
ژمارە (٣٢٤)ی ساڵی ٢٠٠٣ی دراوەتێ

## چەند پەیڤێک

– چیرۆکەکانی کەروێشکی براخۆر کۆنن، کە ڕەچەڵەکیان دەچێتەوە لای کەنارەکانی خۆرئاوای ئەفریقیا.

– چیرۆکی کەروێشکی ئەفسووناوی هەوێنی ئەو کۆمەڵە چیرۆکەیە.

– ڕاستە کەروێشکی برا ئاژەڵێکی بچکۆلانەیە، بەلاّم تا بلّێی زرنگ و چاپووک کە کلاّوی لەسەر یەکە یەکەی ئاژەڵە گەورەکان ناوە ...

کەروێشکی برا بەو کەلەشە بچکۆلانەیە و ئەو زیرەکی و چاپووکییەی بووەتە سیمبۆلی خەلّکانی لاواز و چەوساوەی ئەفریقیا و ئەمریکا بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەسەلاّت و درندایەتی سیستەمی چەوسێنەران.

– ئەو کۆمەڵە چیرۆکە فۆلکلۆرییە سەرچاوەی کولتووریی بۆ ولاّتانی ئەفریقی – ئەمریکایی دەگەڕێتەوە.

– بۆ یەکەم جار لە لایەن ڕۆژنامەنووس (Joel Chandler Harris)ەوە کۆکراوەتەوە و بەزمانی ئینگلیزی چاپ کراوە... کە لە نێوان سالاّنی ١٨٩٦–١٩١٨ بەهەشت نامیلکە ئەو چیرۆکە فولکلۆرییانەی بلاّوکردووەتەوە و ناوبانگیان بەبەشێکی زۆر دنیادا بلاّوبووتەوە.

– بەکورتی ناوەرۆکی ئەو چیرۆکانە باس لە خەبات و کۆششی کۆیلەکانە بەرامبەر دەسەلاّتی سپییەکان لە ئەفریقیا و ئەمریکادا دەکات.

– جگەرگۆشەکانی کوردەواری... دوا بەدوای ئەو وشانەی سەرەوە هیوادارم ئەو بەرهەمی بەردەستتان، دلّتان خۆش بکات و تامی لێ وەرگرن و لە قوتابخانەی ژیانتان سوودتان پێ ببەخشێ.

– فۆلکلۆری کوردی، سەدان چیرۆکی سەبارەت بەرێوی تێدایە، ئاواتە خوازم بۆ داهاتوو بتوانم منیش کتێبێکتان بەناوی(ولاّتی ڕێوی)یان ئاراستە بکەم کە تێدا چیرۆکی تراژیدی بەڕانگژبوونەوەی نەتەوەکەمان بەرامبەر زۆرداران پێشکەش بەئێوە بکەم.

حاجی مەمۆ



## چۆن ئاژەڵەکان لەسەر ڕووی زەوی پەیدا بوون...!

زۆربەی زۆری مرۆڤ لەوە ئاگادار نین کە ئاژەڵەکان بەردەوام لەسەر زەوی نەژیاون.

دەبا بکەوینە گێڕانەوەی سەربردەکانمان؛ "جارێک لە جاران " کە ئەوان – ئاژەڵەکان لە ئاسماندا – دراوسێی خوشکە مانگ بوون. بێگومان هەتاکو هەنووکەش، ئەوان هەرلەوێ دەبوون ، ئەگەر کەروێشکی برا لەگەل خوشکە مانگدا، دەستیان بەورتە ورت نەکردبایە، کە دووهاوڕێی گیانی بەگیانی یەکتری بوون. ئەنجامەکەی بووە هۆی:

ئاژەڵەکان حەزیان لەوە بوو، شەوانە لە باخچەکانی خۆیانەوە، تەماشای خوشکە مانگ بکەن. چونکە ئەوان وایان دەزانی، مانگ جوانترین شتە کە دیویانە، کە مانگ بۆ خۆیشی شتێکی لەم بارەیەوە نەدەگوت. بەلاّم ئاژەڵەکان دیتیان، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خوشکە مانگ لاوازتر دەبوو، ئەگەر دروست و ڕەوان بلّێی؛ مانگ وەک ئەوەی هەر نان و ماست بخوات، لە جۆری نەمامێکی زراڤی لێ هاتبوو.

ئەوە بوو کەروێشکی برا هەر لە خۆیەوە بڕیاری دا، کە بەئاسماندا هەلّگەڕێ، تاکو بزانی خوشکە مانگ بۆ وای لێ هاتووە.

– خۆیشم ئەوە ماوەیەکە هەست ناکەم، باش بم...! خوشکە مانگ گوتی.

– لەگینە من بتوانم یارمەتیت بدەم؟

– سوپاس، کەروێشکی برا، بەلاّم من باوەڕ ناکەم، تۆ شتێکت بۆ دەردی من پێ بکرێ. لێرەدا کەروێشکی برا خۆی ناماقولّ هاتە پێش چاوان.

– ئەوجا هەرچۆنێک بێت، خۆ من لە( ڕۆژ)ی برا باشترم، کە مانگە و مانگ بەپانتایی ئاسمان ڕاوت دەنێ، بەبێ ئەوەی بەتۆ بگات.

خوشکە مانگ لەبەر خۆیەوە بزەیەکی هاتێ و گوتی:

– مادام خۆت گەرەکتە، کەروێشکی برا، باشە دەتوانی هەولّی خۆت

بدەی. دەبێ خودای گەورە بەوە ئاگادار بێت، کە تەندروستیم باش نییە. من لەو باوەڕە دام، بەهۆی بەدەرەوەبوونی شەوانەم، سەرمام بووە. جا ئەگەر ماوەک خۆم بکوژێنمەوە و پشوویەک بدەم، بێگومان دووبارە چاک دەبمەوە. بەڵام من نامەوێ ترس بخەمە دڵی مرۆڤ، ئەو دەمەی سەر بەرز دەکاتەوە و دەبینێ تیشکی من کوژاوەتەوە.

– من لەگەڵ ئەو دەپەیڤم. چونکە خۆیشم ماوەیەکی درێژە، گەرەکمە ئەو ئاسمانە ببێنم، تاکو بزانم چۆنە و چۆن نییە. کەروێشکی برا گوتی:

– سلاّوی لێ بکە و پێی بڵێ، من هەروا زراف دەبم، تاکو سەرلەنوێ بەهێز ببمەوە، دەبێ من ماوەیەک خۆم بخەمە بەر سێبەرەوە، بۆ ئەوەی ڕووناکییەکی نوێم هەبێ. خوشکە مانگ گوتی.

کەروێشکی برا، چەند جارێک پەیڤەکانی خوشکە مانگی لەبەر خۆی گوتەوە ئەوجا ملی ڕێگای گرت.

پاش خۆسازدانێکی تەواو، کەروێشکی برا، یەک بازی دوور و درێژی دا، ڕاست لە ئاسمانەوە، لە بەرامبەر ئەستێرەکانەوە، کلکی بەسەر سەربییەوە، خڕ و خڕ خولایەوە. ئەوجا ئەوە چییە بۆ کەروێشکێک... ! کەچی کەروێشکی برا ئەوەندە ترسا، هەر ئەوەندەی نەمابوو چاوەکانی لە قوولایی دەرپەڕنە دەرەوە، کە هەتا ئەمڕۆکەش هەر وا دەبینرێن. بۆیە لە لای خۆیەوە بڕیاری دا، کە بۆ لەمەودوا هەرگیز بەدەمە درێژەکەی، گفتی شتێک نەدات کە بەقاچەکانی نەتوانی جێبەجێی بکات.

ئەوە بوو، هەر کە کەوتەوە سەر زەوی، چەند چرکەیەک کەروێشکی برا لە شوێنی خۆی نەجوولایەوە و، تاکو دڵنیابوو، لەوەی کە هەموو ئەندامەکانی جەستەی لە شوێنی خۆیانەوە ماون و وەک جاران کاری خۆیان دەکەن. پاشان تەماشایەکی دەوروبەری خۆی کرد. یەکەم شتە کە بەرچاوی کەوت، باغ و بیستانەکەی خودا بوو. کە پڕاوپڕ بوو لە فاسۆلیا، پاقلە، خاس و سەرکە کەلەم، گەڵای کەلەمی سەوز، کەوەر و کەرەوز. مێرگەکانیش پڕبوون لە مەڕ و بزن و بەراز. بەجۆرێک کەروێشکی برا بەدەم



لەرزینەوە، لیکاوی بەدەمدا هاتە خوارەوە. ئیتر کەروێشکی برا، بەهەنگاوە وردەکانی، چووە بەردەرگای ماڵی خودان لە دەرگای دا گوتی:

– من ڕاسپاردەیەکی خوشکە مانگم بۆ تۆ پێیە.

– بڵێ بزانم چییە!

کەروێشکی برا تاوێک وەستا. ئەوجا گوتی:

– خوشکە مانگ گوتی؛ من هەست بەبێ هێزی دەکەم، من توانای جارانم لە دەست داوە و گەرەکمە بچمە بەر سێبەرەکانەوە.

خودان بەڕاستی نیگەران بوو.

سلاّو لە خوشکە مانگ بکە و پێی بڵێ: – دەرەوەی داخراو واتە ناوەوە لە بیرکردنە، و مەرگیش دیارە مایەی قاچ و قولێکی سارد و سڕە.

کەروێشکی برا سەری بۆ دانواند و بەیەک بازی گەورە خۆی گەیاندەوە لای خوشکە مانگ و هەموو پەیڤەکانی خودانی بۆ گێڕایەوە. خوشکە مانگ زۆر تووڕە بوو. بەجۆرێک یەک زیکەی تیژی کرد و قەمپارێکی ئەوەندە توندی لە کەروێشکی برا گرت، کە لە داخان قەڵەشێکی گەورەی کەوتە نێوان لێوەکانییەوە. بەڵام کەروێشکی برا وەک ئەوانە نەبوو، کە هەر لە شوێنی خۆی بوەستێ و سەری کز بکات، بەڵکو بەچڕنۆکەکانی کەوتە ڕنینەوەی سەر و پۆتەڵاکی خوشکە مانگ. کە ئەوەتە هەتا هەنوکەش پاشماوەی ئەو زۆرانبازییە دیارە، بەوەی کە کەروێشکەکان لێویان وەک تەوشی و مانگیش قەڵەشی نێوان لێوەکانی و چاڵێکی قووڵ بەڕوویەوە دەبینرێ.

هەر کە کەروێشکی برا، سەربردەی ئەو هەموو سەوزە و مەڕ و بزنەکان و ئەو بەرازە قەڵەوانەی بۆ ئاژەڵەکانی دیکە گێڕایەوە، کە ئەو لەناو باغ و بیستانی خودانی دیتبوو، ئاژەڵەکان یەکسەر کەوتنە خۆیان و خوشکە مانگیان بەم چارەنووسە بەجێ هێشت. ئەوە بوو، هەر هەموو ئاژەڵەکان بەیەک بازی زۆر گەورە، بەرەو زەوی شۆڕبوونەوە، کە هەتا ئەمڕۆکەش لەسەری دەژین...

## هەرکە ڕیوی برا و سەگی برا بوون بەبرادەر

لەو ڕۆژەوە ئاژەڵەکان بەژیانی سەر زەوی شاد بوون، هەزار و یەک ڕووداو لە ژیانیاندا هەبوو. جاران باش لەگەڵ یەکتری گونجا بوون، بەڵام هەنوکە لەناو خۆیاندا، کەوتوونەتە مڕەمڕ و گێچەڵ بەیەکتریکردن. بەجۆرێک ماوەیەکی زۆری نەبرد، تا دروست وەکو مرۆڤیان لێ هات.

ڕۆژێکیان ڕیوی برا و کەروێشکی برالە، لە کەناری ڕێگاوە دانیشتبوون. بەیەکەوە لەسەر هیچ دەپەیڤین. کە لە ناکاو ئەوان گوێیان لە دەنگێکی سەیر بوو

– شپ، شپ، شپ.

– ئەو دەنگە چییە؟

– ئەوە هەر لە کاری خوشکە قاز دەچێ، کەروێشکی برالە وەڵامی دایەوە.

– ئەوجا ئەوە خەریکی چییە؟

– بۆ خۆی جل دەشوا، کەروێشکی برالە گوتی.

– من چاک دەزانم ئێوە لە مەبەستی من ناگەن کە باسی دەکەم. ئێستا ئێوە جلەکانی خۆتان بەماکینەی ئۆتۆماتیکیی گەرەک دەشۆن، ئەگەر لە ماڵەوە ماکینەی شوشتن و وشککردنەوەتان نەبێت. بەڵام پێشان ئەو خەڵکە جل و شمەکی دەبردە سەر ڕووباری، یاخود سەر جۆگەلەیەکی نزیک ماڵان، وە لەوێ کۆڕیان دادەمەزراند. جلکەکانیان دەخستە سەر بەردێکی گەورەوە، یاخود هەر شتێکی دیکەی لەم جۆرە، ئەوجا بەداردەستێک دەکەوتنە بەر کوتانی، تا جلەکان ئاویان لێ چک دەبوو و پاشان لەسەر دارودەوەن هەڵدەخران، بۆ وشکبوونەوە. با لەوە بگەڕێین و بچینەوە لای سەربردەکەی ئەوان. هەرکە مام ڕێوی ناوی خوشکە قازی بیست، کە لەسەر ڕووبار بۆ خۆی خەریکی کۆڕکردنە یەکسەر چاوەکانی هێناو برد. کەروێشکی برالە یەکسەر لە مەکری ڕێوی گەیشت، کە ئەوە بیری لە خواردنی ئێوارە کردۆتەوە. ئەوە بوو، ڕێوی برا گوتی:



– وا چاکە بچمە ماڵەوە و کەروێشکی برالەش گوتی، ئەویش هەر نیازی چوونە ماڵەوەی هەیە. ئەوجا لە یەکتری جیابوونەوە. بەڵام کەروێشکی برالە، پێچی کردەوە و بەبازدان خۆی گەیاندە لای خوشکە قاز، کە لەسەر جۆگەلەکە خەریکی کۆڕکردن بوو.

– خوشکە قاز، ئەتۆ چۆنی ئەمڕۆکە؟

– من باشم، کەروێشکی برا، دەبێ بمبووری کە ناتوانم دۆقەت لەگەڵ بکەم، چونکە هەموو چەچ و پلم کەفاوییە.

کەروێشکی برالە گوتی، تێدەگەم و خۆت نیگەران مەکە.

لێرەدا گەرەکمە پشوویەک لە گێڕانەوەی ئەو سەربردەیە بدەم، تا گوێم لەوە بێت، کە تۆ دەڵێی، کەی قاز چەندان چەچ و پلی هەیە. هەروەها دواتریش دێتەوە بیرت، کە بپرسی، ئەدی کەی مار چەندان قاچ و قولی هەیە و کەی پشیلە باڵی پێوەیە، و دیارە من باشتری لێ دەزانم! بەڵام ئەگەر تۆی منداڵ لێم نەگری، من دەزانم تۆ فەنتازییای خۆت لە خۆتەوە دەبینییەوە، بۆیە وا باشە گوێ لە درێژەی سەربردەکە بگری.

هەرکە کەروێشکی برالە و خوشکە قاز مەودایەکی کورت پەیڤین و تێر گاڵتە و گەپیان کرد، کەروێشکی برالە لە پڕ گوتی:

– دەزانی من پێشتر لەگەڵ مام ڕێوی بووم و باسی تۆمان کرد، هەنوکە ئەو بەدوای ڕاوکردنی تۆوەیە. دڵنیام پێش بەرەبەیان دەگاتە سەرت.

خوشکە قاز بەشڵەژاوی و ترسەوە گوتی:

– ئەوجا من ڕوو لە کوێ بکەم! کەروێشکی برا؟ مێردەکەم مردووە، ماڵەکەم بێ پیاوە. من پەنا بۆ کێ بەرم؟

کەروێشکی برالە، دوای هەندێ بیرکردنەوە گوتی:

– هەموو جلە شۆراوەکانت لەناو چەرچەفێکی خاوێن تۆپەڵە لوول بدە، پاشان ئەو تۆپەڵە لوولدراوە لە جێگای خەوتنی خۆت بەدرێژی دابنێ، و خۆت لە پەنایەک بشارەوە.

بەڵێ خوشکە قاز دروست ئەوەی کرد کە کەروێشکی برا بۆی دانابوو.

بەڵام پێشتر لەگەڵ دراوسێیەکەی، سەگی براش، پەیڤی بوو کە ئەو شەوە چاوێکی لە ماڵەکەی بێت، سەگەکەش بەوە ڕازی ببوو.

ئەو ڕۆژە لەگەڵ تاریک و ڕوونی بەیانیدا، مام ڕێوی بەپەنادزە خۆی گەیاندە بەر ماڵی خوشکە قاز، لەپێشەوە ئاورێکی بەملا و ئەولای خۆی دایەوە، ئەوجا بەئەسپایی دەرگای دەرەوەی کردەوە و خۆی خزاندە ژوورەوە. ڕێوی شتێکی لوولدراوی لەسەر جێگای خەوتن دیت، خێرا گازی لێ گرت و بەدەرگادا قوچاندی. لەو دەمەی ڕێوی بەسەر پەرژینەکەدا بازی دایە خوارەوە، سەگی برا لە شوێنی خۆ شاردنەوەکەی دەرپەڕی و لەگەڵ مام ڕێوی ڕووبەڕووی یەکتری بوون. سەگەکە کەوتە مۆڕەکردن و بەچرنووکەکانی پێ کوڕەی دەکرد، کەچی مام ڕێوی وەک ئەوەییەک تۆپەڵە داری ئاگرگرتووی بەپشتەوە بێت، ئەو تۆپەڵە جلکەی فرێ دا و بای غاریی گرت. سەگی براش بەبێ ئەوەی دڵی پێ بسووتێ، بزەیەکی هاتێ. چونکە چوار مانگ بوو ئەو بەدواییەکێکدا دەگەڕا، تاکو بێجامەکەی جوان وەک خوشکە قاز بۆ بشوا و ئوتوو بکات. بۆیە هەرگیز لێ ناگەڕێت شتێکی بەسەر بێت.

بۆ ڕۆژی دوایی، هەموو ئاژەڵەکان زانییان، ڕێوی برا هەوڵی دزینی جلە شوراوەکانی خوشکە قازی داوە، کە تا یەک هەفتەی تەواو چاو و ڕووی هاتنە ناو ئاژەڵەکانی نەبوو.

لێرەدا ڕێوی برا، ئۆباڵی بڵاوبوونەوەی ئەو ڕووداوەی خستە ئەستۆی سەگی برا، ئەو هەموو بەند و باڵۆرانەی بۆ هەڵبەستووە، هەر بۆیەش لەو ڕۆژەوە ڕێوی و سەگی برا دانوویان بەیەکەوە نەدەکوڵا.

## ڕێوی برا، نەکەی بەری بدەی...!

ڕێوی برا هیچ بەڵگەیەکی بەدەستەوە نەبوو، بەڵام هەر لەوە دڵنیا بوو، کە ئەوە کەروێشکی برا، خوشکە قازی ئاگادارکردووەتەوە.

بۆیە لەلای خۆیەوە بڕیاریدابوو،تۆڵەی خۆی لە کەروێشکی برا وەرگریتەوە. کەروێشکی برا گوێ بیستی ئەوە ببوو، کە ڕێوی نیازی



خراپە، ناچار ماوەیەک هاتوچۆی ئەو شوێنانەی جارانی نەدەکرد.

ئەو ڕۆژە کەروێشکی برا بەرەو شوێنێکی تایبەتی دەچوو، بەدەم ڕێگاوە چاوی بەهێسترێک کەوت، کە لەناو مێرگێکەوە پاڵ کەوتبوو، یاخود دروستتر بێژین، کەروێشکی برا وای دەزانی، هێسترەکە تۆپیوە، هەتا دیتی هێسترەکە کلکی جووڵاندەوە. هەر لەو دەمەدا لەپڕ لەگەڵ ڕێوی برادا ڕووبەڕووی یەکتری بوونەوە.

– ڕێوی برا! ڕێوی برا! وەرە، زووکە وەرە، هەواڵێکی زۆر خۆشم پێیە، خێرا وەرە ئێرە! کەروێشکی برا گوتی.

بەڵام ڕێوی برا لە سەرەتادا، بەتەواوی خۆی لەو پەیڤانەی کەروێشکی برا گێل کرد. چونکە چاکترین هەواڵ بەلای ڕێوییەوە، تەنیا گیرکردنی کەڵبەکانیتی لە گۆشتی نەرمی کەروێشک ... ! ئا دروست لەو تاوەدا ڕێوی گەرەکی بوو، پڕ بداتە کەروێشکی برا، کەروێشکی برا خێرا دەمی هەڵبڕی و گوتی:

– وەرە بەخۆت سەیرکە، ڕێوی برا! من دەزانم تۆ حەزت لە گۆشتی ناسکە، گۆشتێک هەتا نیوەی زستان بەشت بکات...!

– مەبەستت چییە کەروێشکی برا، ڕێوی پرسی.

– لەوێ هێسترێک بۆ خۆی پاڵ کەوتووە، ئێمە دەتوانین بۆ خۆمان ڕاوی بکەین... کەروێشکی برا وەڵامی دایەوە.

– دەبا هەر ئێستا وابکەین، ڕێوی گوتی، کە لای زۆر ئاسان بوو.

کەروێشکی برا لەپێشەوە بەرەو ئەو شوێنە چوو، کە هێسترەکە لەناو مێرگەکەدا پاڵ کەوتبوو، وەک ئەوەی چاوەڕوانی ئەوان بێت. ڕێوی و کەروێشک بەیەکەوە کەوتنە مرومۆ، کە چۆن بتوانن ئەو هێسترە پەلبەست بکەن. ئەوان لەپێشەوە، لەپشتەوە، لەم تەنیشت، لەو تەنیشت هات و چوون. تاکو لە کۆتاییدا کەروێشکی برا گوتی:

– دەزانی چی؟ ڕێوی پرسی چی!

– هەنوکە هاتەوە بیرم، دەبێ چ بکەین، من قایم ئەتۆ لە کلکی

هێسترەکە دەبەستمەوە، هەرکە هێسترەکە هەوڵی دا خۆی ڕاست بکاتەوە، دیارە تۆ بەرزەفتی دەکەی. کەروێشکی برا لەسەری ڕۆیشت.

– ئای ئەگەر من ئەو تاقەتەی تۆم دەبوو، هەر خۆم لێ دەبەستەوە و هەرگیز لێ نەدەگەڕام لە دەستمان دەرچێ، بەڵام چ بکەم ئەو هێزەی تۆم نییە. جا ئەگەر تۆش دەترسی، بابیر لە شتێکی دیکە بکەینەوە.

ڕێوی برا ئەو کارەی ئەوەندە بەدڵ نەبوو، بەڵام نەیدەزانی بۆ، نەیدەویست کەروێشکی برا بەلاواز و ترسنۆکی بزانی، بۆیە کەوتە سەرلەقاندنی ڕازی بوون، بەو پلانەی کەروێشکی برا. ئەوە بوو کەروێشکی برا توند توند ڕێوی بەکلکی هێسترەکە بەستەوە.

– ڕێوی برا هێشتا هێسترەکە ئاگای لە هیچ نییە، بەڵام ئەوە بۆ خۆمانە! کەروێشکی برا گوتی.

ڕێوی برا، بەهەندێ گومانەوە بزەیەکی کەوتە سەر لێوانەوە.

لەو دەمەدا کەروێشکی برا دەستی دایە شوڕکێکی تەڕ، کە لەو ناوی کەوتبوو، "نورچ" کەوتە لێدانی پاشەڵی هێسترەکە، هێسترەکە لە تاوی گیانی خۆی هەستایەوە و کەوتە سەر قاچەکانی، کەچی ڕێوی برا سەرەو خوار بەکلکی هێسترەکە شۆڕببووەوە، کە هەر ئەوەتە مابوو بگاتە سەر عەردی، وەک خۆی حەزی بەم جۆرە جۆلانەکردنە بێت.

– ڕێوی برا، بەری نەدەی! چاوەکەم نەکەی بەری بدەی! کەروێشکی برا بەهەڵبەز هەڵبەزەوە هاواری لێدەکرد.

لێرەدا هێسترەکە هەستی بەوە کرد کە شتێک بەکلکییەوە هەڵواسراوە، یەکسەر بۆی کەوتە لۆقە لۆق و جۆتە و لوشکە هاوێشتن بەرەو دواوە. ئیتر ڕێوی برا تێگەیشت کە کەروێشکی برا بەچ کەتنێکی بردووە.

– نەکەی بەری بدەی، ڕێوی برا! لە منت کەوێ بەری نەدەی!

هێسترەکە زیاتر کەوتە غارغارانێ و جوتە و لوشکە هاوێشتنەوە، بەڵام ڕێوی برا کلکی هەر بەرنەدا.

– لە منت کەوێ ڕێوی برا، بەری نەدەی! کەروێشکی برا هاواری دەکرد.



– ئەوجا ئەگەر من بەخۆم بەری نەدەم، کێ من ئاوا بەتوندی دەگری! ڕێوی برا گوتی.

کەچی کەروێشکی برا هەر هاواری دەکرد:

– نەکەی بەری بدەی، ڕێوی برا، تۆ تازە گرتووتە، بەری نەدەی!

هێسترەکەش لە جاران تەنگاوتر دەهات و دەچوو، بەهەردوو لاقی بەرەو دواوە لوشکەی دەهاویشت، هەتا ڕێوی دەستی لە کلکی بەربوو و کەوتە خوارەوە، بەڵام هێسترەکە دووجاران بەجووتە فڕێی دایە ئاسمانەوە هەتا بۆ جاری سێیەم ئەوەندە بەرزی فڕێ دا، کە بەیەک هەفتە و چوار ڕۆژان کەوتەوە سەر عەردی. بەجۆرێک لەو ماوەیەدا ڕێوی برا، بەچاکی لەوە گەیشت، ئەوە کەروێشکی برا بۆ جاری دووەمە لە خشتەی دەبات.

## کەروێشکی برا دەچێتە داوەتێ...!

مەودایەکی زۆری برد، هەتاکو ڕێوی برا خاس بەهۆش خۆی هاتەوە، بەڵام ئەو وەختە بۆ ڕێوی باش بوو، کە بەچاکی بیر بکاتەوە، لەسەر ئەوەی چۆن تۆڵەی خۆی لە کەروێشکی برا بکاتەوە.

یەکەم ڕۆژی کەوتنەوە سەرپێی ڕێوی برا خاس بوو، کە بەدرێژایی ڕێگاکە کەوتبووە پیاسەکردنەوە. ڕێوی بەدەم قوتە قوتکردنەوە، دیتی ئەوە کەروێشکی برا بەلەز بەو ناودا تێدەپەڕی، بەڵام چ کەروێشک، قەڵەو و گۆشتن، کە ڕاست بۆ گۆشتی ڕۆژی جەژن دەست دەدات.

– کەمێک لەسەرم ڕاوەستە، ڕێوی براخاس بەکەروێشکی برای گوت.

– من زۆر بەپەلەم. کەروێشکی برا گوتی؛ پێشوولە بەهەموو بەدەنی وەداوم، دەبێ بگەمە شار بۆ پەیداکردنی مەرهەمێک.

– تەنیا یەک چرکەم لەسەر بووەستە. ڕێوی براخاس ئەوەی گوت و بڕە بڕەش لە کەروێشکی برا نزیک دەبووەوە.

– ئاوا، دەبڵێ، بزانم چیت دەوێ؟ ڕێوی دەم بەخەندەوە ڕووی لە کەروێشک کرد و گوتی:

– بەڵێ دوێنێ لەلای ورچە بۆر بووم، ئەو گوتی: دەبێ تۆ و کەروێشک

ئاشت ببنەوە. بەڕاستی منیش لەبەردەمی ئەو لە شەرمان بەسەر خۆمدا شکامەوە، بەڵێنی ئەوەم پێ دا؛ کە یەکسەر لەگەڵ تۆدا ئاشت ببمەوە.

کەروێشکی برا بەدەم ئەم پەیڤانە کەوتە بیرکردنەوە و سەرخوراندنی خۆی، پاشان گوتی:

– بەڵێ ڕێوی برا خاس؛ ورچەبۆر دروستی فەرمووە. ئەوجا بۆ ئەوەی بزانی، من خوازیاری دۆستایەتیم، بۆ سبەینێ نیوەڕۆ ئێوە لە ماڵی ئێمە داوەتن. تا من و بێچووەکانم خزمەتت بکەین...!

بۆ ڕۆژی دوایی، کەروێشک لە ماڵەوە لەگەڵ خێزانەکەیدا، خەریکی ئامادەکردنی خواردن بوون، لە کەلەرم و ترخێنەی تێکەڵ بەوردە گۆشت لەگەڵ سەوزەوات. بەڵام هێشتا زۆری مابوو بۆ دەمی نانخواردن، کەروێشکە وردیلەکان بەڕاکردن و هاوار هاوار هاتنەوە ماڵەوە، ئەوە ڕێوی برا خاس بەڕێگاوەیە.

کەروێشک پێی گوتن، هەموو هەریەکە لە شوێنی خۆی، بەدەوری مێزی خواردن دانیشن، بەڵام بێ دەنگ بن. چونکە ئەو دەیەوێ هەمو شتێک ڕێک و پێک بێت. ئەوا هەموو کەروێشکەکان دانیشتن، چاوەڕوانی ئەوە بوون، ڕێوی برا خاس لە دەرگا بدات.

ئەوان زۆر چاوەڕوانیان کرد، بەبێ ئەوەی یەکێک بێت و لە دەرگا بدات.

– ئێوە دڵنیان، کە ئەوە ڕێوی برا خاس بووە، ئێوە دیوتانە؟ کەروێشکی برا لە بێچووەکانی پرسیار کرد:

– بەڵێ ئێمە دڵنیاین! بێچووەکان وەڵامیان دایەوە. ئێمە دیمان چۆن لیکاوی لە دەم دەهاتە خوارەوە.

– کەواتە ئەوان ڕاست دەکەن، ئەوە هەر ڕێوی برا خاس بووە.

ئەوجا کەروێشکی برا، لە درزی دەرگاوە، بەئەسپایی سەیری دەرەوەی کرد. چاوێکی کردە دەرزی دەرگاکەوە بەتێکرایی باخچەی ماڵەکەیانی سووڕاندەوە، هەتا گەیشتە دیتنی دارێک، کە کلکی ڕێوی لە پەنا دیار بوو، کلکی خودی ڕێوی برا خاس!



کەروێشک خێرا دەرگاکەی گاڵەدا. بۆ ڕۆژی دواتر، ڕێوی برا خاس، لە ڕێگای هەنگی براوە، سلاوی بۆ کەروێشک نارد و گوتبووی، زۆر خەمبارە لەوەی نەیتوانیوە بچێتە دەعوەتەکەیان، ئەو نەخۆش بووە، بەدرێژایی ئەو ڕۆژە لەناو جێگا کەوتووە. بەڵام بۆ ئەوەی کەروێشکی برا، دڵی گەرد نەگرێ، خۆی دەیەوێ کەروێشک بۆ ماڵەوە داوەت بکات، لە جیاتی داوەتەکەی ئەو.

هەر کە سێبەر باڵی خۆی بەسەر زەویدا کێشا، کەروێشکی برا کەوتە ڕێگا، بەرەو لای ڕێوی برا خاس. هێشتا هەر بەدەم ڕێگاوە بوو، گوێی لێ بوو، یەکێک لە ماڵەوە هەر ناڵە ناڵی بوو، کە دەرگای کردەوە، دیتی ئەوە ڕێوی برا خاس، لەناو کورسی جۆلانە، بەتانییەکی بەسەر شانەوەیە. ئەو هەروەک لەسەرە مەرگ دابێت، ئاوەها دەبینرا، بەدەم ئەم دانیشتنەوە، پارچە کێکێکی بەدەمەوە بوو، خرم خرم دەیقرتاند. کەروێشکی برا ئاورێکی بەملاو بەولای خۆی دایەوە هیچ خواردنێکی بەرچاو نەکەوت. چ لەسەر ئاگردان و چ لە هیچ شوێنێکی دیکە، بەڵام لەسەر مێزی ناندینەکەدا، چەقۆیەکی تیژ لەگەڵ تاوێک (مقەڵی) داندرابوو.

– تۆ حەز لە داوەتی گۆشتی مریشک دەکەی، ڕێوی برا خاس؟

کەروێشکی برا گوتی و خۆی گورج ڕاگرتبوو:

– بەڵێ ڕاست دەکەی! ڕێوی برا خاس گوتی.

– دەزانی گۆشت مریشک بەچییەوە خۆشە؟

– نا؟

– بەکەوەر! من هەرگیز مریشک بەبێ کەوەر ناخۆم!

بەڵام پێش ئەوەی ڕێوی برا خاس، لە جێی خۆی جوولە بکات، کەروێشک بەدەرگادا خۆی گەیاندە ناو دار و دەوەنی ئەو دەورووبەرە، لەوێ خۆی حەشار دا، تا بزانی ڕێوی برا خاس بەڕاستی نەخۆشە!؟

دوای تاوێک، ڕێوی برا خاس لە ژوورەکەی هاتە دەرەوە، ساغ و سەلامەت بوو، هەروەک ناوکە کوولەکە، ئەوجا کەروێشکی برا، سەری

لەناو دار و دەوەنەوە دەرهێنا و گوتی:

-هۆ ڕێوی برا خاس، لێرە کەوەری زۆر هەیە، تۆ دەتوانی ئەمە لەگەڵ مریشک بخۆی ئەمڕۆ ئێواریێ!

ڕێوی برا خاس یەک پێ تاوی دایێ، بەلّام کەروێشک تازە بۆی دەرچوو بوو، پێش ئەوەی سمەکانی بەعەردی بکەون، ئەو شەوە ڕێوی برا خاس تەنیا هەوای بەر لووتی کەوت.

## کەروێشکی برا و بووکە شووشەی دار

سبەینەکی زوو، پێش ئەوەی خوشکە مانگ، بەوە ڕابگات کە چارۆگەکەی بەسەر خۆی دابداتەوە، ڕێوی برا خاس بەپەلە کەوتبووە کار، لە بریق و هۆڕی چاوییەوە، دەزانرا بەنیازی کارێکی خراپە.

ئەو کەوتبووە کارکردن، خەریکی تۆپەڵە دارێک بوو، خەریک بوو لە فۆرمی، بووکەشووشە خۆشی دەکرد. ئەو دروست لەو تاوەی خۆر خەریک بوو، بێدار دەبووەوە، تیشکی خۆی بۆ سەر زەوی دەنارد، ئەویش لە کارەکەی بووەوە.

ڕێوی برا خاس بووکەشووشە تاشراوەکەی بردە سەر ڕێگا، لەوێ داینا، بۆ ئەوەی کەروێشکی برا کە بەوێدا تێپەڕێ، چاوی پێ بکەوێ. دوایی کلّاوێکی لەسەر بووکەشووشەکە دانا، خۆشی لەناو قۆرتێک شاردەوە.

ئەو جێی خۆی گەرم کرد (بەشێوەیەک پیاو دەبێ بۆ تاوێکیش بێت جێی خۆی خۆش بکات)، یەکسەر کەروێشکی برا، پڕ جۆش و خرۆش، وەک ئەوەی هەموو جیهان ماڵی خۆی بێت، ملی ڕێگای گرتبوو، باجی خۆی لە دانیشتووان وەرگرێ. هەر کە کەروێشکی برا، چاوی بەبووکەشووشە تاشراوەکە کەوت، کلّاوەکەی هەڵگرت:

- بەیانی باش! ڕۆژێکی خۆشە! وانییە؟ هەموو ڕۆژێ من لە خەو ڕادەبم، دەزانم هێشتا دەژیم، هەڵبەتە حەز دەکەم. ئەو ڕۆژە خۆش بێت! ئەو هەر لەبەر خۆیەوە کەوتە پێکەنینەوە، وەک ئەوەی هەموو شوێن بەدڵی ئەو بێ. (منیش وا دەزانم ئەمە شتێکی باشە).



بووکەشووشە تاشراوەکە ورتەی لە دەم نەهاتە دەرەوە، بەلّام ڕێوی برا خاس سەرێکی بۆ دەرهێنا و بزەیەکی بۆ کرد.

- ئەوە تۆ کەڕی؟ کەروێشکی برا بەبووکەشووشە تاشراوەکەی گوت... مادام وایە من هەندێک بەرزتر دەپەیڤم. ئەتۆ چۆنی چۆن؟

- ڕۆژێکی خۆشە ئەمڕۆ، وا نییە؟

بووکە تاشراوەکە دیسان هیچی نەگوت، کەروێشکی برا تووڕە بوو.

- من دەزانم ئەو زارۆکە تووشی چی هاتووە، ئایا دایک و باوکت فێری پەیڤینیان نەکردووی، کە چۆن وەلّامی خۆت بدەیتەوە؟

بووکەشووشە دارەکە هیچی نەگوت.

- ئاوا، کەواتە دەبێ من فێری پەیڤینت بکەم! ئەمەی گوت و چەپەرۆکێکی خێواندە بووکەشووشەکەوە، شاپ! یەکڕاست چەپەرۆکەکەی بەدەم و چاوی بوکەشوشە تاشراوەکە وەنووسا.

- هەنوکە بەرم دەدەی! کەروێشکەکە هاواری کرد، ئەگەر بەرم نەدەی، ئەوە بەتەواوی دەکەومە کوتانت!

کەروێشکەکە ئاوڕی دایەوە، خۆی سووڕاندەوە، بەبێ ئەوەی لە دار بووکەشووشەکە ببێتەوە.

- ئایا تۆ چیت دەوێ؟ من ئاگادارم کردیەوە! ئەوجا چەپەرۆکێکی دیکەی خێواندە لایەکەی دیکەی سەرییەوە، شاپ! هەنوکە ئەو دەستەی دیکەشی بەڕوخساری بووکەشووشەکەوە نووسا. کەروێشکی برا لە تووڕەییبیان خەریک بوو شێت و هار دەبوو.

- ئەگەر بەرم نەدەی! ئەوە دەتوانم وات لێ بکەم، هەرگیز تۆ لە دایک نەبووی! شوت! پێلەقەیەکی خێواندە بووکەشووشەکەوە، بەلّام ئەمجارە قاچیشی گیربوو، ئاوا تووڕە ببوو، ئاگای لە خۆی نەمابوو، بەقاچەکەی دیکەشی، شوت! یەکی دیکەی وەشاندە بووکەشووشەکە، ئەو قاچیشی گیر بوو.

هەنوکە کەروێشکەکە بەهەردوو قاچ و دەستەکانییەوە گیرابوو،

دەیزریکاند:

ئەگەر بەرم نەدەی، ئەوە سەرت دەپرژێنم! ڕاست بەسەری خۆی قۆچێکی لەسەری بووکە شووشەکە – ئۆف! گیر کرد، ئەمجارەیان بەیەکجاری پێوەی نووسا.

لەو لاشەوە ڕێوی برا خاس، لەناو قۆرتەکەی خۆی هاتە دەرەوە، سەرەتا هەستی بەسەرما بوون کرد، بەڵام کە دیتی ئەوە کەروێشکی برا بەبووکەشووشە دارەکەوە گیری خواردووە، کەوتە پێکەنین، ئەوەندە پێکەنی هەتا سکی هاتە ژان.

– هەنوکە تۆم کەوتە بەردەست! ئەمەی لەگەڵ هەناسە هەڵکێشانەوە گوت، گوێچکە قیت، کلک بزێو! دەبێ مەزەندە بکەی، دەبێ کەروێشک خواردنی کێ بێت ئەم ئێوارەیە! ئەگەر کەروێشکی برا توانای خۆ دەربازکردنی هەبوایە، بێگومان وای دەکرد، بەڵام ئێستاکە ئەمەی پێ ناکرێ، چونکە ئەو بەهۆی چەسپ بەو بووکەشووشەوە وەنووسابوو.

– کەروێشکی برا، هەنوکە چی تر پێت نییە، لەم لاو لەولا بسووڕێیتەوە، گاڵتە بەم و بەو بکەی. ئەمە شایستەی خۆتە. کەس داوای لێ نەکردبووی، ئەوا دۆستایەتی لەگەڵ ئەم بووکەشووشە تاشراوە بکەی. کەچی هەر خۆت بەخۆت کردووە. ئێستاکە هەر دەبێ ئاوا چاوەڕوان بکەی، هەتا من ئاگر دەکەمەوە، ئاو گەرم دەکەم بۆ کوڵاندنی گۆشتەکەت!

– ڕێوی برا خاس، تۆ ڕاست دەکەی، حەق بەتۆیە! ئێستاکە من گیراوم، هیچ سوودێکی نییە، ئەگەر بەڵێنی دۆستایەتی و خۆ چاککردن بدەم، بۆ ئەوەی بەرم بدەی!

– نا ئەمە چ سوودێکی نییە! ڕێوی گوتی و کەوتە گردکردنەوەی وردە دار بۆ ئاگرکردنەوە.

– بەڵێ، دیارە ئەمڕۆ من سوور دەکرێمەوە! کەروێشک هەناسەیەکی هەڵکێشا، بەڵام بەڕاستی دیارە سوورکردنەوەم زۆر پێ چاکترە لەوەی فڕێ بدرێمە ناو ئەو دڕکەزیبیانەوە کە لەبەری ڕێگاکەوە هەن.



هەرکە ڕێوی برا خاس گوێی لەمە بوو، کەوتە بیرکردنەوە، چونکە دەیویست کەروێشک بەدەردێک بەرێ، کە هەرگیز کەس بەمەرگ نەیدیتوە.

– هەر کە من لەبەر ئەو ئاگرە بیر دەکەمەوە، وا دەزانم چاکتر وایە هەڵتواسم لە جیاتی سوورکردنەوەت.

کەروێشک کردیە هەرا:

– هەڵواسین زۆر ناخۆشە تا دەمری! هەڵواسین لە هەموو شتێک ناخۆشترە! بەڵام من سوپاسی ئەو بیرکردنەوەیەت دەکەم، چونکە هەڵواسینم پێ خۆشترە، لەوەی فڕێ بدرێمە ئەو دڕکەزیبیە تیژانەوە!

ڕێوی برا خاس، هەندێکی دیکە کەوتە بیرکردنەوە:

– من هەڵتناواسم، چونکە من هیچ گوریسێکم پێ نییە، لە جیاتی ئەوە دەتهاوێمە ناو گۆمێکەوە.

کەروێشکی برا نووسکەیەکی کرد، وەک ئەوەی بکەوێتە گریان:

– نا، نا، ڕێوی برا خاس، وا مەکە، خۆت دەزانی من ڕقم لە ئاوە، بەڵام دیسانەوە نقوم بوونم لە ئاودا پێ چاکترە، هەر چەندە زۆر ناخۆشە، لەوەی فڕێ بدرێمە ناو ئەو دڕکەزیبیە دڕانەوە!

– ئێستاکە تێگەیشتم! ڕێوی براخاس هاواری کرد: حەز ناکەم فڕێت بدەمە ناو گۆمە ئاوێکەوە، بەڵکو گەرەکمە کەورت بکەم، چونکە چەقۆم پێیە!

گوێچکەکانی کەروێشک کەوتنە جوولەجوول، هەرکە ڕێوی برا خاس چەقۆیەکەی دەرهێنا.

– باشە، ڕێوی برا خاس، دیارە ئەمە ئازاردانێکی ناخۆشە، بەڵام تۆ کەورم بکەی باشترە، چاوەکانم دەربهێنە! گوێچکەکانم لێ بکەوە! قاچەکانم ببڕەوە! چۆنت گەرەکە وابکە، تەنیا ئەوە نەبێت، فڕێم مەدە ناو ئەو دڕکەزیبیانەوە!

ئێستاکە ڕێوی برا خاس، بۆی ڕوون بووەوە، خراپترین شت کە لەگەڵ

کەروێشکی بکات، ئەوەیە کە کەروێشک خۆی نایەوێ، ئەمەی لەگەڵ بکرێت. بۆیە بەئەسپایی کەروێشکی لە بووکەشووشە دارەکە کردەوە. چەند جارێک بەو دەستەی گرتبووی، بەدەوری سەری خۆی بای دا، دروست بەتەقلە لێدان سەراوسەر بۆ ناو دڕکەزیپەکانی بەردا.

ڕێوی برا خاس هەڵوەستەیەکی کرد، گوێی لە هیچ نەبوو، مەودایەکی دیکە خۆی گرت، دیسانەوە هیچ دەنگێکی نەبیست، بەڵام لەو دەمەی خۆی وا تێگەیشت، کە بەیەک جاری کەروێشکی برای لە کۆڵ بووەوە، هەر لەو تاوەدا، تەپوتۆزی زۆر هاتە بەرچاوی، ئەو دەمە گوێی لە چرپە چرپی پێکەنین بوو.

– هی!! هی!! هی!!، تا ئەو چرپە چرپە بووە حریتە حریتی پێکەنینێکی تەواو.

هەر کە ڕێوی برا خاس، تەماشای سەرەوەی کرد، دیتی ئەوە کەروێشکی برا، گەیشتۆتە سەر گردێکەوە، لەوبەری دڕکەزیپەکانەوە، کەروێشکی برا دەستی بۆ هەڵدەشەقاند:

– من لەناو دڕکەزیپیان لە دایک بوومە، لەناو ئەوان گەورە بوومە، ڕێوی برا خاس!

ئەمەی گوت و بەچاوترووکانێک، لەگەڵ یەک بازدان لەبەرچاوان گوم بوو.

### کەروێشکی برا دەردەکەوێتەوە

دوای چەند هەفتەیەک، کەروێشک بڕیاری دا، بچێتە سەردانی (ئێنگ) و کچەکانی. لە من مەپرسە ئەمان کێن، چونکە نەدەیزانم و نەبەلاشمەوە گرنگە بیزانم، لەوەتەی من بۆ یەکەم جار گوێم لێی بووە (ئێنگ) خانم و کچەکانی لەم چیرۆکە ناو هاتوون، ئێستاش کە من بۆتانی دەگێڕمەوە، هەر لە چیرۆکەکەدا هەن. هەموو خەڵک سەبارەت بە ئاووهەوا دەپەیڤی، بەڵام کەس شتێکی پێ ناکرێ.

هەر کە کەروێشکی برا، لەسەر سەکۆی ماڵی (ئێنگ) و کچەکانی



دانیشت و دانەنیشت، ئێنگ خانم باسی ئەوەی کرد، ڕێوی برا خاسی دوێنێ لەلایان بووە، بەگاڵتەوە باسی ئەوەی دەکرد، چۆن کەروێشکی برای لە خشتە بردووە، بەبووکەشووشەیەکی داتاشراو. ئێنگ خانم و کچەکانی لەو باوەڕە بوون، ئەوە خۆشترین شت بووە، کە گوێیان لێ بووە، ئاوا بەپێکەنینی هێناون.

کەروێشک تێگەیشت چ باسە، بەسەر خۆی نەهێنا، هەروەک زوڕناژەن لە گۆڤەندێ، هەر خەریکی زوڕنای خۆیەتی، ئەویش لە جێگای خۆی بەدەم جۆلانەیەکەوە، دەهات و دەچوو، کچەکان بەمادە لاییکردنەوە تێیان دەڕوانی.

هەر کە لە حریتە حریتی خۆیان بوونەوە، کەروێشک بەتێیچاوێکەوە سەیری کردن و گوتی:

– خانمەکان، ڕێوی برا خاس بۆ سێ ساڵان هێستری سواربوونی باوکم بووە، ڕەنگ بێ لەوەش زیاتر تا ٣٥-٤٠ ساڵان ئەوەی کردبێ، بەڵام لە سێ ساڵان کەمتر نەبووە.

ئەوجا کەروێشک هەستایە سەر قاچ، شەپقەکەی دەست داینێ و گوتی:

– ئێوەم خۆش، خانمەکان. بەفیکە فیکە چووە خوارەوە، وەک ئەوەی لە چەشنە خۆپێشاندانێکدا بێت.

ڕۆژی دواتر، ڕێوی برا خاس هاتە لایان، سڵاوی لە ئێنگ و کچەکان کرد. ئەو هێشتا شەپقەی لەسەر نەکردبووەوە، ئەوان کەوتنە گێڕانەوەی ئەوەی، کە کەروێشک پێی گوت بوون. ڕێوی برا خاس زۆر توورە بوو، بەجۆرێک کەوتە کرۆشتنی زمانی خۆی، تاکو لە حەژمەتان نەپەقی.

– خانمەکانم، دەبێ کەروێشک وا لێ بکەم، لەبەر چاوی ئێوە هەموو ئەو پەیڤانەی کردوونی، لە قوڕگی دەربهێنمەوە!

ڕێوی برا خاس کەوتە ڕێگا، وەک برووسکەیەک لەبەر چاوان گوم بوو، بەناو دارستانەکەدا، بەرەو دۆڵەکە شۆڕ بۆوە، بەبەردەمی بازاڕی ناو شارەکە کە کەروێشک و خێزانەکەی لەو دەوروبەرە دەژیان، (هەڵبەتە هیچ

بازاڕێک لە ئارادا نییە، تەنیا ئەوە بۆ بەتامکردنی چیرۆکەکە دەڵێم و بەس، بۆ ئەوەی بزانم ئێوە گوێتان لێمە.)

کەروێشکی برا، لە دوورەوە دیتی، ئەوە ڕێوی بەرەو لای ئەوان دێت، خێرا خۆی کردەوە بەماڵ، دەرگاکەی بەچاکی گاڵ دا، ڕێوی لە دەرگای دا... تەق! تەق! تەق! کەس نەیکردەوە. تەق! تەق! تەق! ئێستاکەش کەس نەیکردەوە. پانک! پانک! پانک! پانک! ئێستا گوێی لە دەنگێکی نزم بوو، کە لە ژوورەوە دەهات.

– ئەوە تۆی، ڕێوی برا خاس؟ ئەگەر خۆتی، بەڵکو بەمیهرەبانی خۆت، خێرا بچیتە دوای پزیشک. ئەمڕۆ من کەوەرێکی زۆرم خواردووە، دیارە بەسکم نەکەوتووە، زۆرم ئازار دەدات، پیاوی چاک بە ڕێوی برا خاس، بەڵکو بەغاردان بچی دکتۆرم بۆ بهێنی.

– بەڕاستی زۆرم پێ ناخۆشە، کە ئاوا دەتبینم، کەروێشکی برا. ئێنگ خانم داوای لێ کردووم، لێتی بگێڕمەوە، کە ئەو و کچەکانی خەریکی ئاهەنگی ساڵ ڕۆژن، جا منیان ناردووە بەدوای تۆدا، چونکە خۆیان حەزیان بەبەشداری تۆیە، لەم دەرفەتە خۆشەدا، هەر بۆیەش منیان بەدواتدا ناردووە.

کەروێشکی برا لە ژوورەوە، خۆی تەواو نەخۆش پیشان دەدا، بەڵام ڕێوی برا خاس، هەروا بەئاسانی لەیەخەی نەبووەوە، پێی گوت، پیاو بۆ چوونە ئاهەنگی ساڵ ڕۆژ، چۆن خۆی نەخۆش دەکات! (بەڕاستی ئەمە تەواوە، ئەگەر وای گوتبێ! من هەرگیز بۆچوونە ئاهەنگی ساڵ ڕۆژ، خۆم نەخۆش خستووە، چونکە ساڵ ڕۆژ باشترین دەرمانە، ڕەنگبێ ساڵ ڕۆژ قارچک، چەندان سەوزەی دیکەی تێدا بێ کە دەرمانی هەموو دەردانن)

کەروێشک و ڕێوی برا خاس، لەم قسەیەک و لەو قسەیەک، هەتا ئەو دەمەی گەیشتنە سەر ئەوەی کە ئەگەر کەروێشک نەخۆش بێت...

– بەڵێ، بەڵێ، ڕێوی برا خاس، کەروێشک گوتی، بەڕاستی من گەرەکم نییە، کەس لە خۆم دڵگیر بکەم و لە ماڵێ بمێنمەوە، بەڵام من بەخۆم



ناتوانم بڕۆم!

– ئەوجا ئەمە چییە! ڕێوی برا خاس، من هەڵتدەگرم!

– ئەگەر بەرت دامەوە!

– ئەمە ناکەم! من ئەوەندەی ورچێک بەهێزم!

– من بەخۆشییەوە سوپاست دەکەم بەڵام هەر دەترسم! من لەگەڵت دێم ئەگەر بەپشت هەڵمگری!

– باشە ئەوەشت بۆ دەکەم! ڕێوی برا خاس بەدڵەڕاوکێیەوە گوتی:

– بەڵام من ناتوانم بەبێ زین بەپشتتەوە بم!

– ئەوجا زینێ پەیدا دەکەم؟

– بەڵام من ناوێرم لەسەر زینەکەوە دانیشم، هەوسارم بەدەستەوە نەبێ! ڕێوی برا خاس، هەندێ لە خۆی دەرچوو بوو، بەڵام بەڵێنی پەیداکردنی هاوساریشی دا.

–بەڵام من خۆم پێ ناگیرێ، ئەگەر زینەکە پارووی نەبێ، چونکە چۆن من دڵنیابم، کە ناتەوێ بەرم بدەیتەوە!

دروست مەبەستی ڕێوی ئەمە بوو، بەڵام دیسانەوە بەڵێنی دایێ، کە پارووش پەیدا بکات. ئەوەبوو ڕێوی برا خاس، چوو هەموو ئەو کەرستانەی پەیدا کرد، کەروێشکیش خۆی ڕازاندەوە، سمێڵی چەور کرد، چاکترین کۆت و شەڵواری لەبەر کرد –ڕەنگ ئەرخەوانی گوڵ زەرد– نینۆکەکانی بۆیە کرد، کلکی شانە کرد خۆی تەواو بۆ ئاهەنگی ساڵ ڕۆژ سازدا.

کەروێشک خەریکی هاتنە دەرەوە بوو، ڕێوی برا خاس، بەجلەو و زینی پاروکراو، لەسەر چوار پێیان ئامادە بوو، کەروێشکی برا خۆی هەڵدایە سەر پشتی، کەوتنە ڕێگاوە، بەدوای تاوێک، ڕێوی برا خاس هەستی کرد، ئەوە کەروێشک قاچێکی بەرزکردۆتەوە.

– ئەوە چی دەکەی، کەروێشک؟

– جێ پێی چەپم کورت دەکەمەوە!

– کەروێشکی برا پێی دووەمیشی هەڵکێشا.

– ئەو جارە خەریکی چی، کەروێشک؟ ڕێوی لێی پرسی.

– جێ پێی ڕاستەم کورت کردەوە!

بەلاّم کەروێشک بەخۆی نەقیزەیەکی بەدەستەوە بوو، ئەو دەمەی زۆریان نەما بوو، بگەنە بەردەم مالّی ئێنگ، کەروێشکی برا، نەقیزەکەی خێواندە بن هەنگلّی ڕێوی، ئەویش لە حەژمەتان کەوتە غاردانی بەڕکێب!

ئێنگ و کچەکانی لەسەر سەکۆیەکە دانشتبوون، هەر کە کەروێشک بەسواری پشتی ڕێوی، بەبەر دەمیاندا تێپەڕی، وەک کابرای نامەبەر، بەڕکێب لەبەر دەمیانەوە تێپەڕی، هەتا سەدە هێستریک نەگەڕایەوە، لەوێوە بەری وەرگێڕایەوە، جارێکی دیکە دایکوتایەوە ڕکێبان، بەو پەڕی زەوق و چەشەوە، وەک ئەوەی گەنجینەی زێڕی دۆزیبێتەوە.

کە گەیشتنەوە بەردەم مالّی ئێنگ، لەسەرەخۆ جلّەوی گرتەوە، هێواش هێواش، هەتا گەیشتە بەر پەرژینەکە، لەوێ وەستان، کەروێشک بەقەلّەمبازێک دابەزی، ڕێوی برا خاسیشی لە سینگێک بەستەوە... یەکسەر بەسەر پێپلکەکان کەوت، شەپقەی بۆ خانمەکان هێنایە خوارەوە، جگارەکی پێکرد و چوو لەناو کورسی جۆلاّنەکە دانیشت.

– خانمەکان، لە بیرتانە پێم گوتن، ڕێوی برا خاس هێستری سواری بنەمالّەکەمان بووە! هەلّبەتە هەنوکە وەک جاران، چوست و چاپووک نییە، بەلاّم بەمانگێک یا دووانی دیکە، دەزانم دەگەڕێتەوە سەر فۆرمی جارانی!

خانم ئێنگ و کچەکانی کەوتبوونە سەرگازی پشت، ئەوەندە پێکەنین، هەتا زۆری نەمابوو، میزی بەخۆ دابکەن. کەروێشکی برا هەتا پاش نیوەڕۆ، لە لای ئێنگ و کچەکانی مایەوە. ئەوان کێک و چایان دەخواردەوە، کەچی کەروێشک خەریکی ژەنینی ئاوازی مۆسیقایی جاز بوو بەپیانۆ. هەر کە ڕۆژ بڕە بڕە درەنگ دەبوو، کەروێشکی برا دەستی خانمەکانی ماچ کرد، دووبارە سواری پشتی ڕێوی برا خاس بووەوە، کەوتە ڕێگا، ئەوجا بەنەقیزەکەی چەند جارێکی تێوەژاند.

ئەوان زۆر زوو، لەبەر چاوان گوم بوون، ڕێوی برا خاس کەوتە خۆهێنان و



بردن، بۆ دواوە لوشکەی دەهاوێشت، تا کەروێشکی بەربداتەوە، بەلاّم کە هەموو جارێ کە خۆی هەلّدەتەکاند، کەروێشک نەقیزەیەکی تێوەدەژاند، هەر کە بەرەو پشتەوەش لوشکەی دەهاوێشت، خێرا جلّەوەکەی گورج دەکردەوە، هەتا ئەو دەمەی، ڕێوی برا خاس، خۆی بەسەر زەوی دادا، خەریک بوو خۆی بگەوزێنێ، بەلاّم کەروێشکی برا، چاپووکانە بازێکی دا، بەچاوترووکانێک گەیشتە ناو دارودەوەنەکان، کەچی ڕێوی برا خاس، بەناچاری سەری لە دوو نا، ها لێرە، ها لەوێ، هەتا کەروێشک لە دوورەوە، کونە دارێکی بەدی کرد، لەو کاتەی ڕێوی خەریک بوو، قەمپاری لێ بگرێ، گەیشتبووە بەردەمی کونەکە و خێرا خۆی پێدا کرد.

کونەکە ئەوەندە بەرین نەبوو، ڕێوی برا خاس بتوانێ، پێیدا بچێتە ژوورەوە، ناچار لە پەنا دارەکەوە کەوتە بیرکردنەوە.

ڕێوی مەودایەک چاوی نایە سەریەکتری (هەر کە ڕێوی چاو دەنێتە سەر یەکتری، ئەوە بیر لە فێلّێک دەکاتەوە) لەو دەمەدا قەلەموونێکی لێ پەیدابوو، کە وای دەزانی ڕێوی مردووە، بەدەم گوتی:

– سەیرکە ئەوە خۆراکی ئێوارەم بۆ پەیدا بوو!

– نا، بێ مێشک! ڕێوی برا خاسی گوتی، ئەوجا چاوی کردەوە:

– من نەمردووم، ئەوە کەروێشک لەم کونەوە عاسی بووە، نامەوێ ئەمجارە لە دەستم دەرچێ، ئەگەر هەتا هەتایی لێرە بکەوم.

قەلەموونی برا و ڕێوی برا خاس، تاوێک پەیڤین، هەتا قەلەموون پێشنیازی ئەوەی کرد، کە خۆی پاسەوانی کونەکە دەکات، هەتا ئەو کاتەی ڕێوی برا خاس دەچێ، تەورێک پەیدا دەکا، بۆ گەورەکردنی کونی دارەکە.

هەر کە ڕێوی برا خاس بزر بوو، دەوروبەرەکە هێمن و بێ دەنگ (کشومات) بوو، کەروێشکی برا هاتە بەردەمی کونەکە و زریکاندی:

– ڕێوی برا خاس! ڕێوی برا خاس!

وای دەرخست کە تووڕە بووە، لەوەی ڕێوی برا خاس وەلاّمی نەدایەوە.

– دەزانم تۆ لێرەی، ڕێوی برا خاس، تۆ منت پێ لە خشتە نابردرێ،

بەس دەمەوێ بڵێم حەزم دەکرد قەلەموونی برا لێرە بوایە!

قەلەموونی برا شتێکی تیژی بەبەر گوێ کەوت:

– چیت دەوێ قـەلەمـوونی برا؟ وای گـوت و دەنگێک هەر لە دەنگی ڕێوی برا خاس دەچوو.

– ئاخ، هیچی ئەوەتۆ نییە، تەنیا ئەوە سمۆرەیەک لێرە گیری خواردوە، ئای ئەگەر قەلەموونی برا لێرە دەبوو، بۆ ئەو دیوی دارەکە دەسووڕایەوە!

– ئاوا، قەلەموونی برا گوتی! هەروەک لە دەنگ ڕێوی برا خاس بکات:

– ئەگەر تۆ تەنگاوت دەکرد، ئەوە من بۆ قەلەموونی برا دەیگرم!

کـەروێشک کـەوتە دەنگە دەنگێکی تیـژ، وەک ئەوەی سـمـۆرە تەنـگاو بکات، بۆ دەرپەڕین، لەو تاوەدا، قـەلەمـوون لە دارەکـە سووڕایەوە، بەڵام کەروێشک دەستوبرد، بازی دایە دەرەوە و دەرچوو، ڕێگای ماڵەوەی گرت.

قـەلەمـوون زۆر نیگەران بوو، کـە زانی فـێـڵی لێ کـرا، نەیدەزانی چۆن وەڵامی ڕێوی برا خـاس بداتەوە، لەو تاوەدا ڕێوی برا بەفـاک و فـیـکەوە، تەورێکی بەسەر شان گەیشتەوە جێ.

– چۆن بووی لەگەڵ کەروێشکی برا؟

– ئا، ڕۆژباش، هەر مـاوە بەڵام دەنگی لە خـۆی بڕیـوە لەناو کـونەکـەوە، ڕێوی برا خـاس، تەورەکەی بڵند کرد، شـاق کەوتە لێدانی دارەکە، خێـرا کاری دەکرد، وردەدار بەم لاو و بەو لادا بڵاو دەبوونەوە.

– ئەو لە ژوورەوەیە! قەلەموون هاواری دەکرد. ئەو لە ژوورەوەیە!

ئارەقـە بەنێـوچەوانی ڕێـوی برا خـاس دەهاتە خـوارەوە، هەروەک دۆنی گۆشتی چەور بتکێتەوە. هەتا ئەو دەمەی قەلەمـوونی برا، چیتر خۆی پێ نەگیرا، بێ دەنگ، بەڵکو کەوتە قاقای پێکەنین.

– چیــیـە ئەوە بەچی پێـدەکـەنی؟ ڕێـوی براخـاس تـەورەکـەی هێنایە خوارەوە.

– ئەوە لە ژوورەوەیە! ڕێوی برا خاس! ئەوە لە ژوورەوەیە! قەلەموونی برا بەپێکەنینەوە.



ڕێوی برا خاس گومانی پەیدا کرد، سەری بەکونەکەوە بردە ژوورەوە، هیچ شتێکی بەدی نەکرد.

– ژوورەوە زۆر تاریکە، قەلەمـوونی برا، لەبەرئەوەی تۆ ملت لە هی من درێژترە، بەڵکو سەری پێدا بکەی، بزانە تۆ دەیبینی!

قـەلەمـوونی برا گـەرەکی بوو ئەوە نەکـات، بەڵام چ چارەیەکی دیکەی نەبوو. بەوریایی چووە پێشەوە، سەری بەکونەکە داگرت. لەو دەمەدا ڕێوی برا خاس لە ملی گرتی و ڕایکێشایە دەرەوە.

– بەرم بدە، ڕێوی برا خـاس! من چیم نەکـردووە. دەبێ بچـمـە مـاڵەوە، دوایی ژنەکەم خەمبار دەبێ!

– ژنەکەت حەقی بەدەستە، چونکە تۆ بەمەرگ شاد دەبی، ئەگەر ڕاستیم پێ نەڵێی. ئەو کـەروێشکەی کـونەکە چی بەسـەرهات؟ قـەلەمـوونی برا، هەموو ڕووداوەکەی بۆ ڕێوی برا خاس گێڕایەوە، گوتی ئەو زۆر نیگەرانە.

– قەیدی نییە، چ جیـاوازیەک لە گۆڕێدا نییە، ڕێوی برا خاس گوتی. هەروەک یەکە، دەمەوێ تۆ لەسەر ئاگر سوور بکەمەوە، ئەوجا بتخۆم.

– ئەگەر وا بکەی، ئەوا من دەفڕم.

– ئاوا، مادام وایە هەتا زووە، کاری خۆمت لەگەڵ بکەم.

ڕێوی برا خاس دەستی بۆ کلکی قەلەموون برد، بۆ ئەوەی بەزەویدا بدا، تا پشـتی بشکێنێ، بەڵام هەر کـە بەرزی کـردەوە، قـەلەمـوون وازی لە پەڕەمووچی کلکی هێنا و خۆی دەرپەڕاند و کەوتە ئاسمانەوە.

بەستەزمان ڕێوی برا، دیارە هیچ کاتێک بەختی یار نەبووە!

## کەروێشکی برا و خوشکە چێڵ

ڕێوی برا خاس هێشتا لەسەر عەردەکەوە وەرکەوتبوو، پەڕەمووچی کلکی قەلەموونەکەی بەدەستەوە مابوو، گلەیی لەبەختی خۆی دەکرد؛ دەبێ ئەوە چی بەرامبـەر خودای خۆی کردبێ، ئەوا بەدبەخت بێت، کەچی کەروێشکی برا زۆر لەوێ دوور کەوتبووەوە. بەڵام هەناسە سوار و ئەوەندە ماندو بوو کە هەمـوو گـیـانی بەبن ئارەقـە کـەوتبـوو. لەو دەمـەدا چاوی بەخـوشکە چێڵ

کەوت کە لەناو مێرگێکەوە دەلەوەڕا. کەروێشکی برا بیری کردەوە، بەڵکو چێڵەکە هەندێک شیری بداتێ تاکو بیخواتەوە. بەڵام ئەو دەیزانی کە چێڵەکە شیری ناداتێ. چونکە جارێکیان ژنەکەی نەخۆش بووە و داوای هەندێک شیری لە چێڵەکە کردووە، چێڵەکە بە نا وەڵامی داوەتەوە.

بەڵام بۆ گوێ بەوە بدات؟ ئەو هەر بەنیازی ئەوە بوو، هەندێ لە شیری چێڵەکە بخواتەوە.

– خوشکە چێڵ چۆنی، باشی؟ کەروێشک پرسی و لە چێڵەکە نزیک بووەوە.

– تا ڕادەیەک باشم، ئەدی بەخۆت چۆنی؟

– هەروا دەبێ، هەروا دەبێ.

– ئەدی خێزانەکەت چۆنە؟

– هەروا دەبێ. کەروێشک وەڵامی دایەوە و لە چێڵەکەی پرسی:

– گای برا چۆنە، گۆلکەکان باشن؟

– ئەوانیش باشن، هەموو باشن.

– زۆرم پێ خۆشە.

کەروێشک تەماشایەکی دەوروبەری خۆی کرد، چاوی بەدار زەردەلوویەک کەوت.

– دارەکە زەردەلووی زۆری گرتووە، ڕەنگبێ زۆر بەتام بن ئەگەر چەند دانەیەکیان بخۆی!

– ئەوجا چۆن دەتوانی لە دارەکەیان بکەیتەوە؟ خوشکە چێڵ پرسی.

– بۆ تۆ ناتوانی قۆچێک لە دارەکە بدەیت و چەند دانە زەردەلوویەکم بۆ بەربدەیتەوە؟

ئەمە لای خوشکە چێڵ ئاسایی بوو. ڕاست هەندێک چووە پشتەوە و ئەوجا بەغاردان سەری دایە پێش خۆی و ڕووی لە دارەکە کرد. هیچ زەردەلوویەک نەکەوتە عەردی، چونکە زەردەلووەکان هێشتا هەر شین بوون و زۆریان مابوو زەردبن کە کەروێشکی برا زۆر چاک ئەوەی دەزانی.



کەچی خوشکە چێڵ ئەو جارە زۆرتر دوورکەوتەوە، وەک ئەوەی لە قۆشمەکردن بێت، ئاوەها بەغاردان ڕووی لە دارەکە کرد، شونگ! ئەوەندە بەهێز سەری لە دارەکە دا، کە یەکێک لە قۆچەکانی لە دارەکە گیر بوو. ئیتر کەروێشکی برا کەوتە سەما و هەڵبەز هەڵبەزانێ، چونکە دروست چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد.

– "من گیرم خوارد". خۆشکە چێل بۆڕاندی. "وەرە یارمەتیم بدە، کەروێشکی برا".

–من لەوەم زیاتر لە دەست نایەت کە تەنیا بەدوای گای برا ڕابکەم.

کەروێشکی برا ئەوەی گوت و بەرەو ماڵەوە پێی غاری پێوە نا و ژن و زارۆکەکانی هێنایە سەیرانی خوشکە چێڵ. کە سەر و دانە شیردانیان پێ بوو، یەکسەر چوونە لای پاشەڵی خوشکە چێڵ و کەوتنە دۆشینی شیرەکەی و هەتا دوا دڵۆپیان لێ نەدۆشی، وازیان لێ نەهێنا.

– ئیتر شەو و شەوگارت خۆش خوشکە چێڵ کەروێشکی برا هاواری کرد کە خەریک بوو خۆی و ژن و بێچووەکانی ئەو ناوەیان بەجێ دەهێڵا.

– من بەیانی دێمەوە سەردانت.

خوشکە چێڵ بەدرێژایی شەو هەوڵی دا کە خۆی دەرباز بکات، دروست بۆ بەرەبەیان توانی قۆچەکەی لەناو دارەکە دەربهێنێ. سەرەتا کەوتە لەوەڕان لەناو مێرگەکەوە، چونکە زۆری برسی بوو. تاکو پێش ئەوەی کەروێشکی برا بگاتە سەری، خوشکە چێڵ سەرلەنوێ قۆچەکەی کردەوە ئەو کونە دارە کە لەناوی گیر ببوو. بەڵام خوشکە چێڵ ئاگای لەوە نەبوو کە کەروێشکی برا، زۆر زووتر لەو ناوە بووە و تەماشای ئەوی کردووە.

– "بەیانی باش خوشکە چێڵ" کەروێشک ئەوەی گوت و هاتە بەردەمی. "ئەمڕۆکە چۆنی؟"

– نا بەهیچ جۆرێک باش نیم. بەدرێژایی شەو هەوڵم داوە قۆچم دەربهێنم و خەو نەچووەتە چاوانم، بەڵکو هەندێک لە کلکەوە ڕامکێشی؟ من وابزانم بەو یارمەتییەی تۆ دەربازم دەبێ.

-دەزانی چییە، خوشکە چێڵ، کە تۆ ڕاکێشم، گیانم دەکەوێتە زیکە زیک.

خوشکە چێڵ لە مەبەستی کەروێشکی برا گەیشت. یەکسەر خۆی سووڕاندەوە و کەوتە دوای کەروێشکی برا. بەلاّم چ بەدوا کەوتنێک کە هەرگیز کەروێشکی برا لەو باوەڕەدا نەبوو کە خوشکە چێڵ ئەوەندە بەغار بێت، ئەگەر دروست لەو تاوەدا کەروێشکی برا بازی نەدایە، ئەوە دەکەوتە بەر قۆچەکانی خوشکە چێڵ. کەروێشکی برا بەبازێک خۆی گەیاندە ژێر دڕکەزییەکانەوە، بەجۆرێک کە لەبەر چاوی خوشکە چێڵ دیار نەبوو. دوای هەندێ وەستان، خوشکە چێڵ دوو چاوی زەقی دیت کە زەق زەق تەماشای ئەویان دەکرد.

– بەم بەیانییە زووە چۆنی، برای چاو زەقی چاو گەورە؟ خوشکە چێڵ پرسی.

– دیارە کەس کەروێشکی برای نەدیتووە، بەو بەردەمەدا ڕابکات.

– ئاوا کەروێشکی برا زەندەقی چوو بوو.

خوشکە چێڵ ناچار بەلۆقە لۆق بەرەو خوار ملی ڕێگاکەی گرت، کەچی کەروێشکی برا لە بن دڕکەزییەکانەوە، ئەوەندەی تاقەتی تێدا بوو، دایە قاقای پێکەنین. ڕێوی برا خاس لێی تووڕەیە، قەلەموونی برا لێی لالووتە، هەنوکەش ئەوە خوشکە چێڵ لێی دەهری بووە. بەلاّم ئەو هەر پێدەکەنی و پێدەکەنی.

## کیسەڵ و کەروێشک و ڕێوی

بەیانی زوو، کەروێشک چووە سەردانی خانم ئێنگ و کچەکانی، زۆری نەمابوو، بگاتە بەردەم ماڵەکەی ئەوان، لە ناکاو ساتمەی لە کیسەڵ کرد و کەوتە تەقە تەق بەسەر پشتیدا. وەک دەزانی کیسەڵ گیانلەبەرێکی وریایە، کە هەمیشە ماڵی خۆی لەگەڵ خۆیدایە. ڕەنگبێ لە دزان یاخود شتێکی دیکە بترسێ (چونکە خەڵکی ئەم ڕۆژگارە، دەست بۆ هەموو شتێک درێژ دەکەن، بۆیە ئەمە خەراپ نییە).



بە هەرحاڵ کەروێشک، کەوتە لەپشت دانی کیسەڵ، تاق، تاق، پرسی کەس لە ماڵەوەیە! کیسەڵی برا، گوتی: بەڵێ، لە ماڵم

کەروێشکی برا گەرەکی بوو بزانێ، کیسەڵ بەرەو کوێ دەچی!

کیسەڵ ئەم پرسیارەی بەگرنگ زانی، چونکە ئەو هەرگیز بەبیری دانە هاتبوو، چوونە شوێنێکی دیاریکراو هەمیشە بۆ ئەو گرفت بوو، بۆیە ئەمە فرسەتێکی چاکە، ڕاست تووشی هەلی خۆی هاتووە. ئەوەبوو کەروێشکی برا، توانی کیسەڵ لە کۆڵ خۆی بکات، پێکەوە چوونە ماڵی خانم ئێنگ و کچەکانی، کە کیسەڵیش زۆری پێ خۆش بوو.

خانم ئێنگ و کچەکان زۆر دڵشاد بوون، کە میوانیان هاتووە، تاکو پێکەوە چەند تاوێک بەسەربەرن. کیسەڵ خۆی کورت بوو، بۆ پەیڤین بەوان ڕانەدەگەیشت، بۆیە هێنایان لەسەر کورسیەکیان دانا، بۆ ئەوەی بەچاکی بەشداری گفتوگۆیەکانیان بکات، دوای تاوێک، کەوتنە دوان، لەسەر ئەوەی چۆن کەروێشکی برا سواری پشتی ڕێوی برا خاس بووە، لە ڕۆژی پێشوو من دەمویست ئەمڕۆکەش هەروا بکەم. کەروێشکی برا گوتی، بەلاّم چونکە دوێنێ زۆرم ئازار دابوو، ئەمڕۆ تەمبەڵ بوو. ڕەنگبێ ناچار بم بیفرۆشم!

– پیاوی چاکبە کەروێشک، کیسەڵ گوتی. پیاوی چاکبە، مادام بەیەکێکی دوور لەم ناوەی بفرۆشە! دەزانی ڕۆژی پێشوو، چی بەمن گوت، کە بەبەردەمدا تێپەڕی؟

هەڵبەتە ئەوان نەیاندەزانی چی گوتووە، چونکە ئەوان لەوێ نەبوون.

– سەیری منی کرد و گوتی؛ مەرحەبا ناشیرین!

– بەڕاستتە! خانم ئێنگ دووبارەی کردەوە. خۆی و کچەکانی زۆر پەست بوون، لەوەی چۆن یەکێک بەخۆی ڕا دەفەرمووێ، شتی وا نابەجێ بەکوڕێکی خوێن شیرین، وەک کیسەڵ بڵێ!

بەلاّم ئەوان هەر دانیشتبوون و لە ژوورەوە دەپەیڤین، ڕێوی برا خاس لە دەرەوە گوێی لە هەموو قسەکان ڕاگرتبوو. زۆری لەوە زیاتر بیست کە

نەیبیستبوو، چونکە هەروایە کە بەدزی گوێ بگری. ئەوان زۆر بەخراپی باسیان دەکرد، چاکترین شت ئەوەیە بچێتە ژوورەوە، ئەم هەموو بوختان پێکردنە بوەستێنێ.

– ڕۆژباش، ئەمەی گوت، بەڕێزەوە بۆیان نوشتایەوە، هەوڵی دا یەکسەر پڕ بداتە کەروێشکی برا.

بەڵان خانم ئێنگ و کچەکان، پێکەوە کەوتنە قیژ و هۆرێک، کە کیسەڵی برا لە توورەییان لەسەر تاقەکە گلی خواردەوە، ڕاست بەسەر سەری ڕێوی برا خاس بەربووەوە.

ئەمە کۆتایی بەهەراوهۆریایەکە هێنا، ڕێوی برا خاس، کەوتە پشکنینی سەری خۆی، ئەوجا تاقیبی کەروێشکی کرد، کە لە هیچ شوێنێک دیار نەبوو. ڕێوی لە هەموو شوێنێک بەچاو بۆی گەڕا، هەتا دیتی ئەوە لەناو لوولەی ئاگردانەکە ترقە ترق دێت، یەکسەر چووە لای دەرگا کراوەکەی ئاگردانەکە.

– بەم ڕەنگە! دەمەوێ ئاگردانەکە ئاگر بدەم، بەدووکەڵی قانگت بدەم! ئەمەی گوت و کەوتە دار خستنە ناو ئاگردانەکەوە.

کەروێشکی برا دەستی بەپێکەنین کرد.

– ئەوە چییە؟ چ خۆشەیەک بەپێکەنینی هێناوی؟

– پێت ناڵێم!

– دەمەوێ بزانم بەچی پێ دەکەنی؟

– هیچ شتێک! تەنیا ئەوە نەبێت، ئەوە من لێرە سندووقەکی زێڕم، لە کونی دیواری لوولەی دووکەڵکێشی ئاگردانەکە دۆزییەوە!

ئەمجارەیان ڕێوی برا خاس، گەرەکی نەبوو، جارێکی دیکەش لە خشتە ببردرێ!

– درۆ دەکەی؟ ئەمەی بەدەم دارخستنە ناو ئاگردانەکەوە گوت.

–پێویست ناکات تۆ باوەڕ بەمن بکەی! کەروێشک بەهێمنی ئەمەی گوت، بەڵام تاوێک سەیری سەرەوە بکە، خۆت بەچاوی خۆت دەبینی.



هەرکە ڕێوی برا خاس، تەماشای سەرەوەی لوولەی دووکەڵکێشەکەی کرد، یەکراست کەروێشک، خشتێکی بەردایەوە سەر سەری ڕێوی، ئەگەر یەکێک خشتێک بەرداتەوە سەر یەکێک دیارە پێی ناوێ بڵێم، چی لێ دێت، وانییە؟

## گورگ هەوڵی ڕاوکردنی کەروێشک دەدا

هەر لەو دەمەوە ڕێوی برا خاس، خشتەکەی بەسەری کەوتبوو، چەندان هەفتە لە نەخۆشخانە بوو، بەڵام ئەو ڕۆژەی کەوتەوە سەرپێیان و هاتەوە ماڵ، کەوتە تەگبیرکردن لە کەروێشک.

ئەو ڕۆژەش کە هاتبووە دەرەوە، بۆ پیاسەکردن، تووشی ئامۆزاکەی خۆی بوو، واتە گورگی برا. کە لە مێژبوو یەکتریان نەدیتبوو، لەو ڕۆژەدا کە خزمەکان ئاهەنگی گۆشت برژاندیان لە نۆڤمبەر ساز کردبوو... بەگەرمی باوەشیان بەیەکتری داکرد، دوایش قۆڵ لە قۆڵی بەدەم پیاسەکردنەوە، کەوتنە گێڕانەوەی باس و خواسی خزم و کەسانیان بۆ یەکتری. پاشان ڕێوی برا خاس، بۆ ئامۆزاکەی گێڕایەوە، کە کەروێشک چ دەردێکی داوەتێ.

– دەبێ تۆڵەت بستێنمەوە! گورگ گوتی:

– دەبێ ئەو کەورێشکە لە جێی خۆی تەمبێ بکەین.

– ئەمە هەر بەئاخاوتن ئاسانە!

– ڕەنگبێ، بەڵام من تەگبیرێکم هەیە، بۆ ئەوەی ڕادەیەکی بۆ دابنرێت، وا چاکە بچینەوە ماڵی ئێوە.

– ئەو پێی ناخاتە ماڵی من، هەتا ئەگەر بەڵێنی، سەلاتە و ماستیشی بۆ یەک ساڵان پێ بدەم.

– خۆت نیگەران مەکە، من وا دەکەم بەپێی خۆی بێتە لات. گورگە گوتی:

–چۆن چۆنییەک؟

– با جارێ بچینەوە ماڵێ، لە ماڵەوە لەسەر پێخەفەکەت پاڵکەوە، بەجۆرێک خۆت بکە بەمردوو، بۆت نییە ورتەت لە دەم بێتە دەرەوە، هەتا

کەروێشک دەگاتە بەردەستت، ئیتر یەکسەر بیگرە، ئەوجا بۆ خۆمان دەیکەینە خۆراکی ئێوارە.

گورگە بۆ لای ماڵی کەروێشک شۆڕبووەوە، یەکسەر لە دەرگای دا... تاق! تاق! تاق! کەس وەڵامی نەدایەوە. گورگە کەوتە پڕمە پڕم و لووڕە لووڕ، بەپێلاقە لە دەرگای دەدا، وەک ئەوەی هەرگیز کەس شتێکی فێر نەکردبێ -کە بەحەقیش هەر وایە - پانک... پانک! پانک! پانک! هەتا لە دوا تاودا، گوێی لە دەنگێکی نزم بوو، لەناوەوە دەیگوت :

- ئەوە کێیە ؟

- من، دۆستێکم!

- هەمــوو ئەوانەی بەخــۆیان دەڵێن دۆست، دۆست نین! کــەروێشک وەڵامی دایەوە؛ تۆ کێی؟

- من هەواڵێکی ناخۆشم پێیە!

- ئەو خـەڵکە زۆرتر هەر هەواڵی ناخـۆش دەگـێـڕنەوە، لەوەی هەواڵی خۆش بگێڕنەوە، کەروێشک بەخشکەیی، لە دەرزی دەرگاوە، بەچاوێک تەماشایەکی دەرەوەی کرد.

- ئەم بەیانییــە، ڕێوی برا خـاس کـۆچی دوایی کـردووە! گـورگـەکـە بەدەنگێکی ماتەمی و خەمبارییەوە ئەمەی گوت.

- بەڕاستیتە! ئەمەی گوت و چاوێکی بۆ هەڵتەکاند.

- ئەو نەیتوانی خۆی بگرێتەوە، دوای ئەو خشتەی بەر سەری کەوتبوو، هەر کە تۆ خشتەکەت بەردابووەوە سەر سەری. من بیرم کردەوە، کە تۆش دەتەوێ ئەم هەواڵە ناخۆشە بزانی، هەواڵێکی ئەوەندە ناخۆشە، ڕاستە کە پیاو ناتوانێ هەروا بەئاسانی باوەڕ بکات.

کـەروێشکی برا بڕیاری دا، بەخشـکەیی خـۆی خزاندە دەرەوە، بۆ لای ڕێوی برا خـاس چوو، بزانێ ئەم هەواڵە ڕاسـتە، کـە ئەو مـردووە. هەر کـە گەیشتە لای ماڵەکەیان، سەیری کرد ئەو ناوە بێ دەنگە، هیچ لە گۆڕێدا نییە. ئەوجا لە قوژبنێکی دەلاقەیەکەوە، سەیری ژوورەوەی کرد، دیتی ئەوە



ڕێوی برا خاس لەناو جێگا کەوتووە، چاوەکانی کەوتوونەتە سەر یەکتری، دەستەکانیشی ڕاست و چەپ لەسەر سنگی درێژ کردوون.

- بەستەزمان ڕێوی برا خاس، کەروێشک گوتی؛ خۆ بەڕاستی مردووە! هەروەک مردوو دیارە. بەڵام من هەمیشە بیستوومە، هەرکە یەکێک کە دەمرێ، مردووەکە وەک نیشانە لاقێکی بەرزدەکاتەوە ئاسمان و هاوار دەکا : مردم!

ڕێوی برا خاس، لاقێکی جوولاندەوە و بەرەو ئاسمانی بەرز کردەوە، قیژاندی:

- مردم!

ئیتر کەروێشکی برا، دەمودەست تۆزی لەوێ نەبینرا.

## کەروێشکی برا هەندێ دەرمانی دەست دەکەوێ

ڕۆژێکیـان کـەروێشک لەگـەڵ کیـسـەڵ، کـەوتنە قـاقـای پێکەنین، بەو ڕۆژەی کـەروێشک کـە خـشـتـەکـەی بەسـەر سـەری ڕێوی برا خـاس بەردا بووەوە.

- ئەگەر ڕێوی برا خـاس، منی لە شـوێنی تۆ بەنێچیـری بگرتایە، ئەوا دەبوو بەدڵنیایی بچمە مزگەوت و ئامینی بۆ بڵێم!

- برای شیرین - کیسەڵ - بەتۆش ڕادەگەم! کەروێشک بەپێکەنینەوە.

کیسەڵ کەوتە گومان و گوتی:

- دیارە ئەمەت بەگاڵتەیە، کەروێشکی برا، دەنا تۆ هەتا پێچکەت لەژێر پێیەکان و ماتۆڕێکیش لەژێر کلکتەوە بێت، ئەوە هەر بەمن ناگەی!

- فەرموو خۆت تاقی بکەوە!

کەروێشک بڕوای بەگوێی خۆی نەکرد و گوتی:

- تۆ ئەوەندە لەسـەرخـۆ دەڕۆی، هەروەک ئەوەی کـە لە ڕۆیشتندا ناجوولێیتەوە.

- من ئەوەندە وەختی بینە و بەردەم نییە، بەڵام ٥٠ دۆلار دادەنێم کە لە تۆ بەغارترم! هەروەها ٥٠ دۆلاری زیاتریش دەخەمە سەر، ئەگەر تۆ بەخۆت

ڕابگەی!

– من نامەوێ پارەت لێ ببەمەوە، کەروێشکی برا، بەڵام کە خۆت گەرەکتە قسەیەکم بۆ نەماوە!

– تۆ زۆر لە دواوەی من دەمێنیتەوە، ئەگەر من لەسەرەتاوە ڕابکەم، مەودام دەبێ سەوزەیەکی زۆر بڕنم هەتا تۆ دەگەیتەوە هێڵی کۆتایی، کەروێشک بەپێکەنینەوە گوتی.

– هیوادارم هەروەک چۆن زمانت ڕەپە، قاچەکانیشت تەیار بن!

بەهەردووکیان قەلەموونیان کردە ناوبژیکار. مەودای قۆشمەکە، هەشت سەدە هێستر بوو، کە چوار جێی کۆنترۆڵکردنی تێدا هەبوو. کیسەڵ دەیگوت، ئەو دەیباتەوە و دەچێتە ناو دارستان، بەڵام هەموو ئاژەڵەکان پێیان دەگوت، تۆ شێتی، چۆن باری کەروێشک دەبەی لە ڕاکردن!

–دەبینن! کیسەڵ گوتی.

کەروێشک دەستی کردە مەشق، تراکسوتی سووری کڕی بوو، لەچەکێکی سەوزی لەسەر بەستبوو، لەگەڵ جووتە پێڵاوێکی ئەدیداسی زەرد ڕۆژانە دوو میل ڕای دەکرد. ئەوجا چەندان جاران دەست و قاچەکانی بەرز و نەوی دەکردەوە، هەموو دەیان پرسی، ئەوە بۆ قۆشمەکە مەشق دەکات یاخود دەیەوێ بەرەو باکوور ڕابکات.

کیسەڵی برا لە جێی خۆی نەجوولایەوە، ئەوان خێزانەکەیان شەش دانە بوون، هەموویان بەیەکتری دەچوون، وەک یەک هەمان پتک پتکیان هەبوو ئەگەر یەکێک گەرەکی بوایە، لە یەکتریان جیابکاتەوە، دەبوو چاوێلکەی گەورەکردن لە چاو بکات، کەچی لەگەڵ ئەوەش هەر بەتەواوی لەیەک جیا نەدەکرانەوە.

لە ڕۆژی قۆشمەکە، خەڵکەکە لە دوور و نزیکەوە، بۆ سەیرکردن هاتبوون، هەروەها تیێ ڤیێ –ش لەوێ بوو، فیلمی دەگرتن، تا خەڵکانی سەروو مانگیش، ئەو قوشمەیە ببینن.

خانم ئێنگ و کچەکانی، لەگەڵ خۆیان سەبەتە بەرکولێک و شەربەتێکی



زۆریان هێنابوو. کەروێشکی برا لە ناکاو دەرکەوت و لەناو تراکسوتی مەشق، کە لەژێرەوە شۆرتێکی قاوەیی بریقەداری لەبەرکردبوو. هەموو چەپڵەیان بۆ لێ دا، بەغار هات کە وێنەی بگرن.

کیسەڵی برا لەگەڵ هەموو خێزانەکەی، بەرەبەیانی زوو ڕاببوون، هەر زوو خزانە ناو دارستان. یەکێکی لە نزیک هێڵی دەستپێکردن دانا، هەر ئەوانی دیکەشی هەریەکە لە نزیک جێی کۆنترۆڵەکان دانا، خۆشی هەر لەناو دارستان لەتەک هێڵی کۆتایی حەشار دا. کاتی دەستپێکردن هات.

–تۆ ئامادەی، کیسەڵی برا!

یەکێک لەناو دارستانەکە ژنەکەی کیسەڵ بوو: – فەرموو من ئامادەم! بەدەنگێکی بەرز زریکاندی.

قەلەموون فیتەی دەستپێکردنی لێ دا و، کەروێشک و کیسەڵ کەوتنە قۆشمە.

کەروێشک وەک تیر کەوتە ڕێگا، کەچی ژنەکەی کیسەڵ گەڕایەوە ماڵەکەیان.

– ئەوە لە کوێی کیسەڵی برا؟ کەروێشک هاواری کرد، هەر کە گەیشتە جێی کۆنترۆڵی یەکەم.

– ئەوەتا لێرەم، کەروێشکی برا، یەکێک لە منداڵەکانی کیسەڵ ئەمەی گوت، ملی بەڕێگاوە نا.

کەروێشک خێراتر کەوتە ڕێگا.

– ها کیسەڵ لە کوێی؟ هاواری کرد، هەرکە گەیشتە جێی کۆنترۆڵی دووەم.

– ئەوەتەم! کەروێشک بەتاوتر کەوتە غاردان. گەیشتە لای سێیەم و چوارەم کۆنترۆڵ، هەموو جارێ هاواری لە کیسەڵ دەکرد و وەڵامی دەدرایەوە –ئەوەتا لێرەم!

تا ئەو کاتەی کەروێشک، تەنیا ٥٠٠ مەتری بۆ هێڵی کۆتایی مابوو، چاوی بەقەلەموون کەوت، ئالای بەدەست هەڵدەشەقاند، کەچی کیسەڵ

دیار نەبوو، کە لەناو دارستانەکە، خۆی لە پەنایەک لەبەردەم هێلّی کۆتایی شاردبووەوە.

– پارەکەم بدەرێ، قەلەموونی برا! بێنە پارەکەم بدەرێ! کەروێشک، هاواری دەکرد، خانم (ئێنگ) و کچەکانیشی لەولاوە، کەوتبوونە چەپلّە و هاوار هاوار.

هەر کە کەروێشک تەنیا ١٠٠ مەتری مابوو، بگاتە هێلّی کۆتایی، لەپڕ کیسەلّی برا سەری هەلّبڕی، لە شوێنەکەی هاتە دەرەوە، پێش کەروێشک لە هێلّی کۆتایی پەڕییەوە.

– هەر کە هەناسەم هاتەوەبەر، ئەوجا ئەو پەنجا دۆلارە وەردەگرم، قەلەموونی برا!

لەگەلّ پارە وەرگرتنەکەی کیسەلّ، کەروێشک ڕێگای مالّەوەی گرتبوو.

## تیترواسک تووشی گونەڕەشەی خۆی دەبێت!

کەروێشکی برا نیگەران بوو، بەو ئەنجامەی لەگەلّ کیسەلّ دۆڕاندی، ئەوەندە تووڕە ببوو، هەر نەبێتەوە، هەرکە دراوسێیەکانی گوێیان لە سوێند خواردن و هەلّچوونی ببوو، زۆری نەمابوو تەلەفۆن بۆ پۆلیس بکەن! کەروێشک بیری لەوە کردەوە، دەبێ تۆلّەی خۆی لە کیسەلّ بکاتەوە، بەلاّم نەیدەزانی چۆن! هەرچۆنێک و چەند بیری دەکردەوە، زیاتر تووڕە دەبوو.

– ئەگەر نەتوانم تۆلّەی خۆم لە کیسەلّیش بکەمەوە، ئەوە بەهەر شێوەیەک بێت، دەبێ بەخانم ئێنگ و کچەکانی نیشان بدەم، کە هێشتا دەتوانم سواری کۆلّی ڕێوی برا خاس ببم! ئەمەی لەبەر خۆیەوە گوت.

ئەوەندە بەدەنگێکی بەرز گوتی، هەتا تیترواسک کە لەسەر دارێکی ئەو نزیکەوە نیشتبوو، گوێی لە هەموو وشەیەک بوو. هێشتا کەروێشکی برا لە پەیڤەکانی نەببووەوە، تیترواسک قیژاندی:

– ئەمە بۆ ڕێوی برا خاس دەگێڕمەوە! ئەمە بۆ ڕێوی برا خاس دەگێڕمەوە چونکە من لێرە دانیشتووم و بیستم، ئەمە بۆ ڕێوی برا خاس بگێڕمەوە.

دوایی ڕاست لە شەقەی بالّی دا و هەلّفڕی ...



کەروێشکی برا هەندێک دەهری بوو، ئەگەر پیاو دروست بیگێڕێتەوە، کەروێشک لە ترسان یەکسەر ڕێگای مالّەوەی گرت. هەردوو چاوی لەپشتەوە و پێیەکانی لە ئاسمان بوون، هیچ ئاگای لە ڕێوی برا خاس نەبوو، هەتا لە کتوپڕ بەڕووی یەکتری هەلّشاخان، هەر ئەوەتە پالّێکی ئەوەندە قایمی پێوە نەنا کە زەندەقی بڕژێ.

– هۆپ، هۆپ، ئەوە چیت بەسەر هاتووە، کەروێشکی برا؟ دیارە زۆر بەپەلەی؟

– ئاه، ڕێوی برا خاس! تۆم لە ئاسمانەوە دەویست، لە عەردی دەستم کەوتی! بیستوومە گەرەکتە من کەور بکەی، ژنەکەم و زارۆکەکانم لەگەلّ خانووەکەمان پارچە پارچە بکەی. بۆ چ وامان لەگەلّ دەکەی! ئەمەی بەشێوەیەک گوت کە ئۆقرەی لەبەر بڕا بێت.

– تۆ باسی چی دەکەیت؟ ڕێوی لێی پرسی.

– گوێت لێ نەبوو چیم گوت! بۆ دەتەوێ مالّ و خێزانەکەم بفەوتێنی؟

کەروێشکی برا، من نازانم تۆ ئەم شتانەت لە کوێ هێناوە، بەلاّم من دلّنیام ئەوە درۆیە! ڕێوی برا خاس ڕەنگی نەختێ هەلّبزرکا بوو.

– کێ لەم دەوروبەرە بووە، ئەم درۆیەی بەدەمی من هەلّبەستووە؟

کەروێشکی برا، تفی خۆی قووت دایەوە، تا قسە بکات.

– ئەوە تیترواسک بوو! بەزەحمەت ئەوەی پێ گوترا.

من باوەڕم بەگوتەکەی نەکرد، بەلاّم ئەو سوێندی بۆ خواردم کە ئەمە ڕاستە! بەبێ ئەوەی وشەیەک بلّێ، ڕێوی برا خاس بەرەو خوار، ملی ڕێگای گرت، بۆ ئەوەی لە تیترواسک بگەڕێ. کەورێشکیش بزەی هاتێ و بەرەو مالّ چووەوە.

ڕێوی برا خاس، زۆر نەڕۆیشت، هەتا یەکێک بانگی کرد، ئەوە تیترواسک بوو، بەلاّم ڕێوی بەردەوام بوو، وەک ئەوەی گوێی لە هیچ نەبووبێت.

– ڕێوی برا خاس! ڕێوی برا خاس! تیترواسک هاواری دەکرد و

بەسەرسەریەوە دەهات و دەچوو.
ڕێوی برا خاس، وای نیشان دەدا کە نەدەبیینێ و نەگوێی لێیەتی، هەر
کە ڕێوی گەیشتە تەلانێکەوە، تیترواسک لە نزیکی نیشتەوە...
– ڕێوی برا خاس، تیترواسک گوتی، دەمەوێ شتێکت بۆ بگێڕمەوە!
– وەرە سەر کلکم! من کەڕم بەم گوێیە و بەگوێیەکەی دیکەش هیچ
نابیستم!
تیترواسک هەڵفڕییە سەر کلکی ڕێوی.
– باشتر وایە بێیتە سەر پشتم، من کەڕم بەم گوێیە و بەگوێیەکەی
دیکەش هیچ نابیستم!
تیترواسک بازی دایە سەر پشتی ڕێوی.
– نا، گوێم لە هیچ نییە، باشتر وایە باز دەیتە سەر تۆقی سەرم!
تیترواسک بازی دایە سەر تۆقی سەری ڕێوی.
– هەمان شتە، چاکتر وایە بێیتە سەر ددانم، من لە گوێچکەیەکمەوە
کەڕم و بەوەی دیکەش هیچ نابیستم بەڵام هەندێ هەستم لەسەر ئەو قوژبنە
ماوە!
ڕێوی دەمی کردەوە و تیترواسک ڕاست هەڵفڕی و چووە ناو دەمی
ڕێوی، لەسەر ددانی قوژبنی ژوورەوە نیشتەوە، لە پڕ حمم!
باجی قسە گێڕانەوە زۆربەی کات ئازاری بەدواوەیە!

## کەروێشکی برا جارێکی دیکەش سەر دەداتەوە

هەر کە کەورێشکی برا خۆی لە پەرێشانی دەرباز کرد، لە خۆیەوە
نەکەوتە پشوو خواردنەوە، واتە فرچکی بەنائومێدییەوە نەدەگرت، دەچوو بۆ
خوازبێنی. خانم ئێنگ خوشکێکی هەبوو، خانم پریکی ناو بوو، کە لەلای
ماڵی باوکی گواستبوویەوە ئەو ناوە، کەروێشک هەر لەخۆیەوە، پاسەوانی
هەردووکیانی بەخۆی سپاردبوو. لە من مەپرسن، پەیوەندی خێزانداری
کەروێشک چۆن بووە، چونکە هەر کەسە بۆ خۆی کاری تایبەتی خۆی ڕێک
دەخات، ئەمە نەپەیوەندی بەمنەوە هەیە و نەبەتۆش. چاوەدێری لە یەکێک



لەو ڕۆژگاردا، وەک هەمان شتی ئەم ڕۆژگارەی ئێستا نییە، بەڵام بەهەر
شێوەیەک بێت، هەرکە من بیر لەمە دەکەمەوە. دەزانم وەک هەنوکە نەبووە،
چونکە خۆم ژنم هێناوە و ساغ بوومەتەوە. بەڵام هەنوکە پیاو، کچ لەگەڵ
خۆی دەباتە لۆقلتە، داوەتی پیاسەی کەناری دەریای دەکات. دوایی کچە
دەگەڕێتەوە ماڵ ئاسوودەیە و پیاوەکەش کە دەگاتەوە ماڵ بەربادە.
لە ڕۆژگاری کەروێشکی برا، پیاو هەروەک چۆن حەزی کردووە، ئاوای
کردووە. پیاو بەر لە قاوەڵتی سبەینان چووەتە لای کچە و هەتا پاش
خواردنی ئێوارە ماوەتەوە.
بەیانییەک، لە دەمی نانی قاوەڵتیدا، کەروێشک بەمەبەستی سەردانی
خانم پریک هەنگاوی هەڵگرتووە، بەڵام خانم لە ماڵ نەبوو. دەبێ یەکێکی
دیکە ئەو ڕۆژە چاوەڕوانی کردبێ، یاخود ڕاوی کردبێ. هەموو دەوروبەر
گەڕا، بەڵام کەروێشکی برا دەست بەتاڵ سووڕایەوە، ئەوجا ناچار چووە
ماڵی خانم ئێنگ، هەموو ئەوانەی لەوێ بوون، تەنیا خانم پریک – لەوێ
نەبوو
دوایی کاتێکی خۆشیان بەسەر برد، ئەو ڕۆژە هەر پێکەنین و گاڵتە و
گەپیان کرد. ڕۆژ خەریک بوو تاریک دەبوو، کەروێشکی برا گوتی، دەبێ
بچمەوە ماڵی خۆم. خانمەکان دەیانویست ئەو بمێنێتەوە، لە خواردنی شەو
بەشدار بێت، بەڵام هەر چەند حەزی بەمانەوە دەکرد، کەچی لەبەرئەوەی
هەموو ئاژەڵەکان، بەدواوەی بوون، بۆیە ئەو گەرەکی نەبوو، خۆی لە
تاریکی شەو بدات. بۆیە سوپاسی کردن بەو پەڕی ڕێزەوە بەجێی هێشتن
بەرەو ماڵەوە کەوتە ڕێگا، ئەو تەنیا کەمێک ڕۆیشتبوو، هەر کە چاوی
بەسەبەتەیەک کەوت، کە لە کەنار ڕێگاکەوە بوو، سەیری سەرەوە،
خوارەوەی کرد، بەبێ ئەوەی کەس ببینێ، ئەوجا تەماشای پێشەوە،
پشتەوەی خۆی، هەموو دەوروبەر کرد، دیسانەوە هیچی بەدی نەکرد. هەر
چۆنێکی دیقەتی دایێ، هیچ جوولەیەکی لە سەبەتەکە نەدیت، گوێی گرت
و گوێی گرت، هیچی نەبیست. چاوەڕوانی کرد و چاوەڕوانی کرد، کەچی

کەسێک لەناو بەدەرنەکەوت.

هەتا لە کۆتاییدا، بەتیچاوێک سەیری سەبەتەکەی کرد، دیتی پڕە لە سەوزە، دەستێکی بەناودا درێژ کرد، چنگێکی دەرهێنا و کەوتە جوینی بەدەم و چاو نووقاندنەوە.

– هەر لە کەوەر دەکات. تامیشی هەر دەڵێی کەوەرە. نا هەر کەوەرە!

کەروێشک بەپێی زانیاری خۆی، گەیشتبووە ئەوەی ئەم سەوزەیە چییە، لە خۆشیان بەئاسماندا بازی دەدا، چمک و کەڵبەکانی لێ گرت، سەری بۆ ناو سەبەتەکە شۆڕ کردەوە بۆ ناو کەوەرەکە، بەڵام خۆی لەسەر گورگ دیتەوە، کە لە ژێرەوەی سەبەتە خۆی حەشار دابوو.

کەروێشک تێگەیشت کە تازە چارەی نەماوە، دایە قاقای پێکەنین و گوتی:

– دەمزانی تۆ لەناو ئەم سەبەتەی، گورگی برا، من بەبۆن زانیم. گەرەکم بوو بتترسێنم!

گورگە بزەی هاتێ و لەسەرخۆ لێوی خۆی لێستەوە:

– جوانە، منت ناسییەوە، کەروێشکی برا، منیش لە یەکەم تاودا کە بازت دایە ناو سەبەتەکەوە، تۆم ناسییەوە. دوێنێ بەرێوی برا خاسم گوت، بەم ڕێگایە دەتوانم، لە قافا بتگرم، بەڕاستی پلانێکی دروست بوو، وانییە!

کەروێشک تەواو ترسی لێ نیشت، ناچار کەوتە پاڕانەوە، بەڵکو گورگی برا بەرەڵلای بکات، کەچی بزەی گورگ زیاتر و زیاتر بوو، کەروێشک

دیتی، چۆن لیکاوی لە دەم دێتە خوارەوە، بەتایبەت کە قورگی کەروێشکی گرت و لەناو سەبەتەکەی پەلکێش کرد.

– بۆ کوێ دەچین، گورگی برا؟

– بۆ سەر جۆگەلەکە؟

– بۆچی؟

– تاکو دوای کەورکردنی تۆ، دەستەکانم بشۆم!



– بەرم بدە، پیاوی چاکبە، گورگی برا!

– تۆ هەنوکە زۆر خۆشی!

– تۆ نازانی، من بەم کەوەرە زۆر بەئازارم!

– تۆ ناتەوێ بزانی من چەند بەئازارم، پێش ئەوەی قوتارت دەکەم!

– لە لای ئێمە کەس دەم بۆ یەکێکی نەخۆش نابات!

– بەڵام لە لای ئێمە تەنیا نەخۆشەکان دەخورێن!

هەر کە گەیشتنە سەر ئاوەکە، کەروێشک بەتەواوی هەترەشی چوو بوو، هەر دەپاڕایەوە و دەپاڕایەوە بۆ قوتارکردنی ژیانی خۆی، کەچی گورگی برا

تەنیا بزەی دەهاتێ، چەپۆکی قایمتر دەکرد لە قورگی کەروێشک، بڕیاڕی خۆی دابوو کە چی لێ بکات.

کەروێشک لە ناکاو زریکاندی:

– ب... را... گور... گ، ئەگەر دەتەوێ بمکوژیتەوە و بمخۆی، دەبێ بەپاک و خاوێنی ئەمەم لەگەڵ بکەی!

ئەوە دەڵێی چی؟

– من دەمەوێ ئەمەم بەدروستی لەگەڵ بکەی، گو... رگ... ی... برا...

کەروێشک فیسکاندی

– ئەوجا من چی بکەم بۆ ئەوەی ئاوا بێت؟

– دەمەوێ تۆ بەپەلە دوعایەک بخوێنی، پیاوی چاکبە ئەمەم لەگەڵ بکە، چونکە من وا هەست دەکەم زۆر بەستەزمان و کۆیلەم!

– پیاو ئەمە چۆن دەکا؟

– پیاو دەبێ دەستەکانی بخاتە ژێر چەناگەی، چاوەکانی بنووقێنێ و بڵێ؛

(خوای گەورە، بمانپارێزە و لە قوژبنێکمان دابنێ کە کەس بەکونی درزیش نەمان بینیتەوە)

بەڵام دەبێ زۆر خێرا ئەمە بڵێی!

گورگە دەستەکانی خستە ژێر چەناگەیەوە، چاوی نوقاند و گوتی:

(خودای گەورە بمانپارێزە و بمان......)

زۆرتری نەگـوت، لەو تاوەدا کـە دەسـتـەکـانی لە کـەروێشـک بەردا، کەروێشکی برا، بەقـەڵەمبـازێک گـەیشـتـبـووە سـەر ڕێگا، ئەوەندەی لە توانای دابوو، ڕای کرد کە بەیەک هەفتە نەدەگەیشتە سێبەرەکەی!

## مەرگی گورگ

گورگی برا لە حەژمـەتان شێت هەڵگەڕابوو، لە داخی ئەوەی کـەروێشکی برا کڵاوی لەسەر نابوو، ڕۆژێکیـان هەر کە کەروێشکی برا دەچووە شاری، گورگە بەسەر خێزانەکەیدا دا و خانووەکەیانی ڕووخاند. هەر کە کەروێشک خانووچکەیەکی نوێی لە لەوەڕگا دروست کردەوە، گورگە ئەمەشی ڕووخاند، کەروێشکی برا ئەو جارە بەگەڵای سنۆبەر خانووچکەیەکی بۆ منداڵەکانی دروست کـرد، گـورگـە ئەوەشی هەر ڕووخـاند. دوای ئەوە کـەروێشـک خـانوویەکی بەچیلکە و پووش دروست کـرد، کـە بەری تەنیـا تاوێکی نەگرت.

تا لە کۆتاییدا، کەروێشک چەند دارتاشێکی بەکرێ گرت، خانوویەکیان لە بناغـەوە بەبەرد ساز دا، کـە هەر گـەراجـەکەی جێگای دوو تورەمـبـێڵ دەبووەوە، لەگەڵ پەنجەرەی گەورە گەورە. ئەوجا کەوتنەوە ناو ژیانی هێمنی و ئاسایی، کە کەروێشک لە خۆی ڕادەبینی، لە ماڵەوە دەرچێ و سەردانی دۆست و ناسیارەکانی بکات.

پاش نیـوەڕۆیەک، گـوێی لە دەنگێکی زۆر تیـژ بـوو، کـە لە دوورەوە دەهات. پێش ئەوەی کەروێشـک بەوە ڕابگات، بچێ تەمـاشـایەکی دەرەوە بکات، بزانێ ئەم دەنگە چییە، گورگە بەپڕتاوی خۆی لە ژوورێ کرد.

– ڕزگـارم بکە! ڕزگـارم بکە! ڕاوچیـیـەکـان لە دوامن. لە شـوێنێکم بشارەوە، بۆ ئەوەی سەگەکان پێم نەزانن!

– بازدە ناو ئەو تابووتەی ئەوێوە. کـەروێشکی برا گـوتی، بەپەنجـە نیشانی بۆ ئاگردانەکە کرد.

گورگە خێرا چووە ناو تابووتەکەوە، بەنیـازی ئەوەی هەر کە شەودا دێت،



دێتـە دەرەوە و دەکەوێتـە گیـانی کـەروێشکی براوە، تاکو تۆڵەی خـۆی لێ بسـێننتـەوە. ئەو هەر لەوە بیـری دەکـردەوە، چۆن چۆنیـیـەک کـەروێشـک بخـوات، بەجـۆرێک هەتا ئاگـای لەوە نەبوو، کـەروێشکی برا دەرگـای تابووتەکەی گاڵ دا!

کەروێشکی برا لەسەر کورسی جۆڵانەکە دانیشتـەوە، پارچە بنیشتێکی زۆری خسـتـبـووە زاریـیـەوە، بەدەم بنیـشـت جوینەوە، بۆ خـۆی کـەوتـبـووە جۆڵانەکردنەوە.

– ئایا سەگەکان ڕۆیشتن؟ گورگە بەدوای ماوەیەک پرسی.

– نا، من وا هەست دەکـەم ئـەوان بەدەوری لوولەی دووکـەڵکێشـەکـەوە بۆنی تۆیان کردووە.

کـەروێشکی بـرا لە جێی خـۆی ڕاست بووەوە، کـتلیـەکی گـەورەی پڕ ئاو کرد، لەسەر ئاگرەکەی دانا.

– ئەوە چی دەکەی، کەروێشکی برا؟ گورگە بەدەم گوێ لێ بوونی تەقە تەقەوە پرسی.

– ئەوە خەریکی کوڵاندنی تەنیا کوپێک ئاوی قاوەم بۆ خۆم!

دوایی کەروێشک چوو، ماشێنی کونکەرەی هێنا، خەریکی کونکردنێک بوو لە تابووتەکەوە.

– ئەوە خەریکی چی کەروێشکی برا؟

– ئەوە تەنیا دەنگی باوێژە!

– ئاوە گەرمەکە لە کونەکەوە ڕژایە ناو تابووتەکەوە،

– ئەوە چییە هەستی پێ دەکەم کەروێشکی برا؟

– ئەوە مێروولەن لەناو تابووتەکە دەخولێنەوە!

– زۆر ناخۆشە و ئازارم دەدەن!

– خۆت وەرگێڕە! کەروێشک پێشنیاری بۆ کرد.

گورگە خـۆی وەرگـێڕا، کـەروێشکی براش بەردەوام بـوو، لەسـەر ئاوکـردنە کونی تابووتەکەوە.

ئەدی ئەوە ئێستاکە چییە، کەروێشکی برا؟

– دیارە مێروولەکان گەلەک زۆرن لەناوەوە!

– ئەوان دەمخۆن، کەروێشکی برا!

ئەمە دوا وشەی گورگ بوو، چونکە دڵۆپە ئاوی گەرم، بەو ئەنجامەی مەبەست بوو، گەیاندی.

زستانی دواتر، هەموو دراوسێیەکانی کەروێشک، دەستەوانە چەرمییەکانی پێستی گورگیان زۆر پێ جوان بوو، کە کەروێشک و زارۆکەکانی لە دەستیان کردبوو.

## ڕێوی برا خاس و کەروێشک دەچنە ڕاو

هەر کە کەروێشکی برا، گورگی بەم ڕۆژە ڕەشە برد، ڕێوی برا خاس لە لای خۆیەوە، هەستی کرد کە ئیتر وەختی ئەوە هاتووە، لە مەودوا لەگەڵ کەروێشک دۆست بێت. کە تووشی کەروێشکی برا بوو، هەر لەوە دەچوو کە یەکێک بۆ پێشوازی شازادە خۆی ساز دابێت، زۆری نەبرد، ڕێوی برا خاس و کەروێشکی برا شەوانە بەیەکەوە دەبوون، لە ماڵی کەروێشکی برا، پێکەوە سبیلیان دەکێشا، پێدەکەنین هەروەکو ئەوەی خزم و کەسی یەکتری بن.

بەیانییەکیان ڕێوی برا خاس هاتە لای کەروێشک، پرسی ئەگەر نیازی هەبێ، پێکەوە بچنە ڕاوێ. کەروێشکی برا هیچ زەوقێکی نەبوو، کە ئەو ڕۆژە شتێک بکات، تەنیا ئەوە نەبێت لەسەر سەکۆیەکە دانیشێ، چاوەڕوانی درێژبوونی چرنووکی پێیەکانی بکات، ئەوە بوو ڕێوی برا خاس بەتەنیا چووە ڕاوێ.

ئەو ڕۆژە بەختی یار بوو، چەند دانە فرووجێکی دەشتی، قەلەموون، کۆترە کێویلکە، جووتە سمۆرەیەکی ڕاوکرد، پێش تاریکبوونی ڕۆژ، کیسەکەی پڕاو پڕ بوو، کە لەسەری دەڕژایەوە.

هەر لە دەوروبەری ئەو وەختە بوو، کەروێشکی برا خۆی لێکێشایەوە، ملی ڕێگای گرت، بۆ ئەوەی بزانێ ڕێوی برا خاس ئەمڕۆ چی کردووە.



گوێی لێ بوو، ڕێوی بەفیکە فیک دەهاتەوە.

– دیارە بەختی یار بووە. کەروێشک منگە منگێکی لەبەرخۆیەوە کرد.

ئەوەبوو کەروێشک لە قۆرتێک خۆی شاردەوە، گورگ بەدەم گۆرانییەوە بەبەردەمی تێپەڕی. هەرکە کیسە پڕاو پڕەکەی سەر شانی ڕێوی برا خاسی دیت، لیکاوی بەدەمدا هاتە خوارەوە، لە یەکرا بازێکی دا و چوو لەپێش ڕێگای ڕێوی، بەسەر کەناری ڕێگاوە خۆی مراند.

دوای چەند خولەکێک، ڕێوی برا خاس گەیشتە ئەو شوێنەوە، چاوی بەکەروێشکە خۆ مردوو کردووەکە کەوت، کە لە کەناری ڕێگاکە کەوتبوو.

– ئەم کەروێشکە لە قەڵەویان مردووە! بیری کردەوە، نا من گۆشتی خۆم پێیە، کە لە خۆم زیادترە. ئەمەی گوت و درێژەی بەڕۆیشتنەکەی دا.

بەڵام کەروێشکی برا، هەستایەوە سەر پێیان، بەهەیپێیەک پێش ڕێوی کەوتەوە، دووبارە چوو لەسەر چەقی ڕێگاکەوە، خۆی کردەوە مردوو.

هەر کە ڕێوی چاوی پێ کەوت، وای زانی ئەمە کەروێشکێکی دیکەیە، باوەڕی بەچاوی خۆی نەکرد: ئەمە کەروێشکێکی دیکەیە مردووە، ئەمەش هەروەک ئەوەکەی پێشوو، قەڵەو و گۆشتنە!

ئەوەبوو بەلووتی کەوتە بۆنکردنی، ڕاست نەوسی چووە گۆشتی سوورکراوەی کەروێشک، کەوتە بیرکردنەوە. یەکسەر کیسەی پڕ گۆشتەکەی ڕاوێی بەلاوەنا.

– خودا کەروێشکی بۆ ڕەوان کردووم، خۆ شێت نەبووم ڕەتی بکەمەوە. وا باشە ڕابکەم بەدوای ئەوەکەی دیکەش، کە پێشتر لەسەر ڕێگاکە کەوتبوو. لەو ساتەی ڕێوی برا خاس لە چاو گوم بوو و نەبوو، کەروێشک ڕابوو، جۆرکەکەی دەست دایێ، ڕێگای ماڵەوەی گرت.

ڕۆژی دوایی ڕێوی برا خاس، هاتە سەردانی کەروێشکی برا، کەروێشک لێی پرسی، ڕاوی دوێنێی چۆن بووە.

ڕێوی لەداخان پف هاڵمابوو:

– هەڵبەتە شتێکی گچکەم دەستکەوت!

کەروێشک بەبزەیەکەوە؟

– ئەگەر دەمزانی ئەوە تۆ بووی بەدوای ڕاوکردنی منەوە، ئەوە شتێکی خۆم بەقەرز دەدایێ!؟

## کەروێشک جارێکی دیکە ڕێوی برا خاس هەڵدەخەڵەتێنێ!

هەرکە ئاژەڵەکانی دیکە، دەیاندیت ڕێوی برا خاس و کەروێشکی برا، بوونەتە دۆستی گیانی بەگیانی یەکتری، ئەوانیش کەوتبوونە چاو لەوانکردن بۆ دۆستایەتیکردن لە نێوان خۆیاندا.

ڕۆژێکی قرچەی گەرما، کەروێشک، ڕێوی، ورچە جل شۆر، ورچە برا، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری دیکەی ئاژەڵان، کەوتبوونە پاککردنەوەی پارچە زەوییەک، بەو نیازەی گەنمەشامی لێ بچێنن، تا قەنداقی دەرەی لێ بدوورنەوە، تاکو لە پایز گەرمی بکەنەوە بۆ خواردن.

کەروێشکی برا هەر بەدوای دە خولەکان ماندوو بوو، بەڵام گەرەکی نەبوو، خۆ ماندوو پێشان بدات، نەوەک ئاژەڵەکانی دیکە پێی بڵێن تەمبەڵە. بۆیە بەردەوام بوو، لە گردکردنەوەی قرش و قاڵ و برنج، ئەوانەی ئاژەڵەکانی دیکە لە زەوییان هەڵدەقەنان. دوای تاوێک لە پڕ، زریکاندی و گوتی: – دڕکێکی لە دەست ڕاچووە. هەر بەدەم دەستگرتنی خۆیەوە، دوورکەوتەوە و دوورکەوتەوە، هەتا سێبەرێکی دۆزیەوە، لە پەنا سەرخەوێکی بۆ شکاند.

پاشان سەیری کرد، ئەوە بیرێک لەگەڵ دەولکێکی لێ دیارە، کە دروست خۆی بەدوایدا دەگەرا، لەسەرەتادا خۆی بەدەمی بیرەکە شۆڕکردەوە، دواییش بەقەڵەمبازێک چووە ناو دەولکەکە – دەولکەکە بەرەو خوار شۆڕ بووەوە، شڵپ کەوتە ناو ئاوەوە.

دەزانم تۆ زانیارییەکەت سەبارەت بەبیری ئاو نییە، وا دەزانی بەئەمری خودای هەر بەلوعە لەگەڵ پەیدابوونی ئاو هەبووە. خودا وای دانەناوە منیش ئەوەندە حەقم بەسەر شتەوە نییە. هەر کە من گەورە بووم، دەزانم هەموو یەکێک بیرێکی هەبووە. لەسەر دەمی بیرەکەدا، گوریسێکی



لوولدراو لە دارێک. هەردوو سەری گوریسەکە دەولکێکی لێ قایم کرا بوو، کە سەرێکت ڕادەکێشا، سەرەکەی دیکە بۆ ناو ئاو شۆڕ دەبووەوە. کەروێشکی برا تێگەیشت کە ئەم بیرە چۆن کار دەکات، هەر کە تەماشای دەولکی سەرەوەی کرد. خۆشی نەیدەزانی چۆن سەرکەوێتەوە. لە ترسان جوولەی لە خۆی بڕیبوو، نەوەک دەولکە پڕ بێت و لەناو ئاوەکە نقوم بێت.

هەرکە ڕێوی برا خاس دیتی، ئەوە دۆستەکەی، ملی ڕێگای گرتووە، بەدوای کەوت. دیتی کەروێشکی برا چۆن بازی دایە ناو دەولکەکەوە، بەرەو ناو بیرەکە شۆڕ بووەوە، بەژیانی شتی وا سەیری نەدیتبوو، دەبێ کەروێشکی برا چی دۆزیبێتەوە؟

– من وا تێدەگەم، دیارە هەموو پارەوپوولی خۆی لەناو ئەو بیرە ئاوە شاردۆتەوە. یاخود ئەگەر گەنجینەیەکی زێڕی لەناو دۆزیبێتەوە!

– سڵاو، کەروێشکی برا! ئەوە لە خوارەوە چی دەکەی؟

– کێ؟ من؟ ماسی دەگرم! گەرەکم بوو بۆ چێشتی نیوەڕۆ بەگۆشتی ماسی شاگەشکەتان بکەم!

– چییە ماسی زۆری لێیە لە خوارەوە؟

وەک ئەستێرەکانی بەری ئاسمان وایە. زۆر چاکە ئەگەر تۆش بگەیتە فریام! چونکە ئەوەندە ماسی زۆری لێیە، فریا ناکەوم بەتەنیا کۆیان بکەمەوە. تۆش وەرە خوارەوە، یارمەتیم بدە!

– ئەوجا چۆن بێمە خوارەوە؟

– وەرە ناو دەولکەکەوە!

ڕێوی برا خاس بەگوێی کەروێشکی کرد، دەولکەکە شۆڕ بووەوە، لە هەمان کاتدا کەروێشکی برا کە لەناو دەولکەکەی ناو بیرەکە بوو، لە بەرامبەردا بەرز بووەوە، هەرکە کەروێشکی برا بەتەک ڕێوی برا خاس بۆ سەرەوە تێپەڕی، ئەم گۆرانییە کورتەی دەگوت:

مالّئاوا، ڕێوی برا خاس، وریای جلەکانت بە
ژیان هەر وا دەڕوا لەم جیهانە

هەندێک بەرەو سەرکەوتن و هەندێک دیکە بۆ ژێرکەوتن
دڵنیام تۆ بەگرانی خۆت، زرمەت دێ لەبنەوە...

لە هەمان تاودا، ڕێوی برا خاس کەوتە ناو ئاوەکە، کەروێشک بازێکی دا، لەناو دەولکی سەرەوە دەرچوو، پێی غارێی پێوەنا، بۆ لای ئاژەڵەکانی دیکە، بەوە ئاگاداری کردنەوە، کە ئەوە ڕێوی خەریکە ئاوی خواردنەوەی بیرەکەیان لێ گلاو دەکات.

هەموو پێکەوە بەرەو بیرەکە غاریان دا، ڕێوییان هەڵکێشایە سەرەوە، ئەوجا کەوتنە بۆڵە بۆڵ بەسەریەوە، کە ئاوی خواردنەوەی لێ گلاو کردوون، ڕێوی سەری کز کردبوو، ورتەی نەدەکرد!

ئەوجا هەموو ئاژەڵەکان گەڕانەوە سەر کارەکەیان، بەڵام ناوە ناوە کەروێشکی برا، سەرە دیقانەیەکی لەگەڵ ڕێوی برا خاس دەکرد، بۆی پێدەکەنی، کەچی ڕێوییش ناچار بوو بەبزەیەک وەڵامی بداتەوە...

## کەروێشک هەموو قەیماغەکە دەخوات

ئاژەڵەکان هەر پێکەوە بوون، چونکە هەموو حەزیان بەژیانی پێکەوە بوون دەکرد، کەوتبوونە بواری ئەوەی هەموو یەکتریان خۆش بوێ، تا ڕۆژێکیان کەروێشکی برا، ڕێوی برا خاس، جورجە خر پێکەوە ڕێکەوتن، لەگەڵ یەکتری بژین. من نازانم ژن و منداڵەکانیان ئەمەیان پێ خۆش بووە یاخود نا! بەڵام ئەوان زۆر بەلایانەوە گرنگ نەبوو، چونکە نە کەروێشک، نە ڕێوی، نە جورجە خڕ، هیچ کاتێک لە ماڵەوە نەبوون.

هەموو شتێک ئاسایی بوو، خۆشیان بەسەر دەبرد، هەتا ئەو ڕۆژەی خانووەکەیان دڵۆپەی دەکرد. پاش وەستانی بارانەکە و هەڵهاتنی خۆر، کەروێشکی برا و ڕێوی برا خاس و جورجە خڕ پێکەوە، پێبلکەیەکیان پەیدا کرد، بزمار و چەکوشیان بەدەستەوە بوو، یەک لە دوای یەک بەپێبلکەکە هەڵگەڕان، خۆراکی نیوەڕۆشیان لەگەڵ خۆ بردبوو، بۆ ئەوەی لە هاتوچووندا، وەخت بەخۆڕایی نەچوێن، بەڵام بۆ ئەوەی سەرتووەکەیان لەبەر خۆر نەتاوێتەوە، هەستان چوون لەناو بیری ئاویان دانا، تا سارد و



فێنک بێت. ئەوان مەودایەکی زۆر کاریان نەکردبوو، کەروێشکی برا کەوتە بیری سەرتووەکە. سکی کەوتبووە قوڕە قوڕ، وەک پشیلەیەکی تووڕە دەمیراند. بەردەوام بوو لە بزمار کوتان، کەچی لە ناکاو خۆی ڕاست کردەوە، قیژاندی:

ئەوە لێرەم! چیتان دەوێ؟ دوایی بەقەڵەمبازێک کەوتە ڕێگا، وەک ئەوەی یەکێک بەپەلە بانگی کردبێت.

ڕێوی برا خاس و جورجە خڕ، دیتیان کەروێشک لەناو دارستانەکەوە گوم بوو، پێیان سەیر بوو، دەبێ چی ڕووی دابێ! کەروێشک ماوەیەک خۆی لە پەنا دارێکەوە شاردەوە، هەرکە دیتی ئەوە دووەکەی دیکە، دەستیان بەکار کردۆتەوە، بۆ لای بیرەکە خزی، بەشێکی کەرەکەی خوارد، پاشان خێرا گەڕایەوە لای برادەرەکانی.

– ئەوە بۆ کوێ چووی؟ ڕێوی برا خاس لێی پرسی.

– منداڵەکانم بانگیان کردم، دەبوو بچم، بزانم چییان گەرەکە. ژنەکەم تەندروستی باش نییە!

پاش نیو کاتژمێری تر، بیرکردنەوە لە سەرتووەکە، سەرلەنوێ نەوسی کەروێشکی هەستاندەوە، لە ناکاو گوێچکەکانی قیت کردەوە، خۆی بەرزکردەوە و هاواری کرد:

–چاوەڕوان بکە! ئەوە هاتم! ئەوجا بەپێبلیکەکە شۆڕ بووەوە.

ئەمجارەیان زۆرتر دواکەوت، هەر کە گەڕایەوە، ڕێوی برا خاس لێی پرسی، ژنەکەی چۆنە!

– زۆر خراپە! بەڕاستی زۆر نەخۆشە!

کەروێشکی برا هێشتا یەک چارەکێک کاری نەکرد بوو، دیسانەوە پێی غاری پێوەنا، ئەم جارەیان نەهاتەوە، هەتا هەموو سەرتووەکەی تەواو نەکرد هەر کە گەیشتەوە سەربانەکەیان، لە خۆی ڕازی بوو.

– ژنەکەت چۆن بوو؟ جورجە خڕ لێی پرسی.

– ژنەکەم مرد! کەروێشک بەخەمبارییەوە وەڵامی دایەوە.

ڕێوی برا خاس و جورجە خڕ زۆر نیگەران بوون، بۆیە بڕیاریان دا، پشووی حەسانەوە وەرگرن، خواردنی نیوەڕۆ بخۆن. کە ڕەنگ بێ ببێتە مایەی، ئەوەی کەروێشکی برا، هەندێ زەوقی بێتەوە بەری.

ڕێوی برا خاس، جۆڕکی نانی هێنایە گۆڕێ، جورجە خڕیش چوو، لەناو بیرەکە سەرتووەکە بهێننەوە. دوای چەند چرکەیەک بەهەناسە بڕکێ گەڕایەوە:

– ئەرێ، گوێ تان لێ یە! وەرنە خوارەوە، سەرتووەکە نەماوە!

– چی نەماوە؟ ڕێوی پرسی!

– من دەزانم ئەگەر لە قورگی یەکێکەوە چووبیتە خوارەوە! کەروێشک هەڵی دابێ.

هەر سێکیان چوونە سەر بیرەکە، سەیریان کرد هیچ سەرتوو نەماوە، کەروێشک کەوتە بۆنکردنی ئەو ناوە، کە گوایە یەکێک لەو ناوە خواردوویەتی!

– من لەم ناوە هەست بەبۆنێ دەکەم. ئەگەر ئێوە هەر دووک پاڵ کەون، پشوویەک بخەون، من ئەو کەسە دەبینمەوە کە سەرتووەکەی دزیوە!

هەر کە جورجە خڕ و ڕێوی خەوتن، کەروێشک چوو، دەوروبەری دەمی جورجە خڕی چەور کرد، وەک نیشانەی بەجێماو. ئەوجا ڕاست گەڕایەوە، خۆی هەڵدایە سەر بان و نانەکەشی خوارد، گەڕایەوە و جارێ ڕێوی برا خاسی بێدار کردەوە:

– سەیرکە، چۆن نیشانەی سەرتووەکە بەدەم و زاری دیارە! پەنجەی بۆ جورجە خڕ درێژ کرد. ئەتۆ داوات لێ کرد بچی سەرتووەکە بهێنی؟ وا نییە؟ ئەو یەکەم کەس بوو. کەسێکی دیکە نەبووە!

بەهەردووکیان جورجە خڕیان بێ دارکردەوە، کەوتنە وێزەی، لەوەی هەموو سەرتووەکەی خواردووە، هەڵبەتە جورجە خڕ ڕەتی کردەوە، بەڵام ڕێوی برا خاس پەنجەی بۆ نیشانەی دەوروبەری دەمی درێژ کرد. کەچی جورجە خڕ سوور بوو لەسەر ئەوەی، ئەو ئەمەی نەکردووە.



تا لە کۆتایی پێشنیاری ئەوەی کرد:

– من دەزانم چۆن ئێمە سەرتووخۆرەکە دەدۆزینەوە! ئاگرێک دەکەینەوە، هەموومان بەسەری باز دەدەین، ئەوەی دۆنی لێ بێتە خوارەوە، دیارە ئەو سەرتووەکەی خواردووە.

ئەوەبوو بەهەرسێکیان، کۆمەڵە دارێکیان کەڵەکە کرد، ئاگریان تێ بەردا ئەوجا کەوتنە خۆ تاقیکردنەوە، کەروێشکی برا یەکەم کەس، هەڵبەتە یەک بازی بڵندی ئەوتۆی دا، کە هیچ هەستی بەگەرمایی نەکرد.

دووەم جار ڕێوی برا خاس بازی دا، بازێکی درێژ بوو توانی بەسەر ئاگرەکە بپەڕێتەوە، بەڵام کلکی کەوتە ناو ئاگرەکە و ئاگری گرت، هەر بۆیەش هەتا ئەمڕۆ کلکی ڕێوی، لەلای ژێرەوە سپی دیارە.

بۆ دواجار نۆبەتی جورجە خڕ هات، خۆی سازدا، ڕاست لە بازدانەکەی، کەوتە ناو ئاگرەکەوە، بۆ خۆی بەچارەنووس گەیشت.

– من دەزانم ئەمە ڕەوا نەبوو، چونکە جورجە خڕ هیچ تاوانێکی نەبوو، لە نەمانی سەرتووەکە.

– بەڵام دیارە لەم دونیایە، کار هەر وا دەڕوا. مرۆڤێکی هێجگار زۆر باجی تاوانی مرۆڤی دیکە دەدەن.

ئەگەر زەوقم هەبێت، دەتوانم زۆر بەشی دیکەت بۆ بگێڕمەوە.

## کەروێشکی برا پێستی خۆی دەرباز دەکات

ئەو ڕۆژە گورگەی برا هەر خەریکی ڕاوەماسی بوو، ئێوارە بەرەو ماڵ دەبووەوە. تۆ دەڵێی چی؟ لە پێشەوە گوتت، کەروێشک بەرژاندنی ئاوی گەرم، گورگی کوشت! بەڵێ، بەڵێ ئەوە ڕاستە، بەڵام تۆ دەبێ ئەوە بزانی "ئەمە جارێکیان بوو" مردنی ئەو کات وەکو مردنی ئێستاکە بەڕاستی نەبوو. تەنیا گیانلەبەرێک لەناو گێڕانەوەی چیرۆکدا مردن، مەرج نییە هەموو ئەوانەی دیکە لە خۆیانەوە بمرن. نەخێر، هەرگیز وانابێ!

هەروەک گوتم، گورگی برا بەرەو ماڵەوە دەگەڕایەوە، کە یەک جۆڕکە ماسی بەکۆڵەوە بوو، هەرکە لە ناکاو مریشک لەو ناوە هەڵفڕی گورگە

هەڵوەستەی کرد، کەوتە پرسیار لە خۆکردن، ئەمە چییە؟ هێواش هێواش گەیشتە بیری ئەوەی، دیارە ئەو مریشکە لەو نزیکانە دەژی. لەگەڵ ئەوەش گورگی برا یەک جۆڕکی پڕ ماسی پێ بوو، بەڵام بیرکردنەوە لە مریشک، زۆر بەتامتر بوو، لەوەی بەری لێ بگری!

گورگە جۆڕکە ماسییەکەی لەسەر ڕێگا فڕێ دا، کەوتە گەڕان بەدوای ماڵی مریشکەکە. پاش چەند چرکەیەک کەروێشکی برا، لەو ناوە سەری دەرهێنا، یەکسەر ئەو جۆڕکە ماسییەی لەسەر چەقی ڕێگاکە دیت، ئەو جارێ هەڵوەستەیەکی بۆ کرد، دیقەتی ماسییەکانی دا، ماسییەکان ڕەونەقیان دەدایەوە، ئیتر بەجێی خۆیان گەیشتن.

هەرکە گورگە بەدەست بەتاڵی گەڕایەوە، سەیری کرد تەنیا شوێنەواری تەڕ، لەسەر ڕێگاکە ماوە، سەیری ئەملاو ئەولای کرد. هیچ ماسی نەبوو و بەهەموو دەوروبەریدا ڕوانی. هیچ ماسی نەبوو. لە جێی خۆی دانیشت، کەوتە بیرکردنەوە، تەنیا یەک شت هەیە، ئەویش گومانی بۆ کەروێشک دەچێ!

دروست ڕووی کردە ماڵی کەروێشک، ئەو کاتە لە دەرەوە لەبەر دەرگا هەڵتووتکابوو.

– تۆ ماسییەکانی منت دزیوە؟ گورگە ئەمەی گوت، بەبێ ئەوەی سڵاو بکات.

– ماسی چی؟

– تۆ زۆر چاک دەزانی کام ماسی!

کەروێشکی برا، گوتی:

– گورگە بۆت نییە، هەروا لە خۆڕایی، بوختان بۆ خەڵک هەڵبەستی، بەبێ ئەوەی ئەو خەڵکە شتێکی کردبێ! گورگی براش پێی گوت، خەڵکی نابێ دەست بۆ شتێک ببات کە هی ئەوان نییە. خەریکی ئەو هێنان و بردنە بوون، هەتا کەروێشکی برا پێشنیاری کرد:

ئەگەر تۆ دڵنیای، من ماسییەکانی تۆم بردووە، فەرموو بڕۆ چاکترین



چێڵی من بۆ خۆت کەور بکە!

کەروێشک لەو بڕوایەدا بوو، کە تەنیا بەم ڕێگایە، لە سەریەشەی گورگ دەرباز دەبێ!

چونکە کەس ئامادە نییە چاکترین مانگای بکاتە قوربانی درۆیەک! هەرچەندە گورگە لە پێش هەموو کەسێکەوە کەروێشکی چاک دەناسی، کەچی ڕاست ڕووی کردە، ناو ئەو مێرگەی بەرامبەریان، کە گاڕانی لەناو دەلەوەڕا، چونکە گورگ بیری تیژ و نەوسن بوو، یەکسەر پڕی دایە چاکترین چێڵ و لە خرتۆکی وەردا.

کەروێشک بڕوای بەچاوی خۆی نەکرد. لەلای خۆیەوە هەندێ دوورکەوتەوە، پاش ماوەیەک گەڕایەوە بەهاوار هاوار:

– گورگی برا، گورگی برا! پۆلیس هات! پۆلیس هات! غاردە خۆت بشارەوە! گورگە وازی لە گۆشتی چێڵەکە هێنا، بەناو دار و دەوەنەکە، فڕکەی غارێی دایێ، ئەو ئەوەندە لە خۆی ڕازی بوو، قەت بەبیری نەدەهات پۆلیس دوای بکەوێ. گورگە بزر ببوو و نەببوو، کەروێشک خۆی گەیاندە سەر کەلاکی چێڵەکە، کەوتە خوێکردنی گۆشتەکە و ژن و منداڵەکانی بانگ کرد، بەهەموویان بەچاو ترووکانێک، گۆشتەکەیان هەموو لەبن کەندووان شاردەوە. پاش تەواو بوونیان، کەروێشک خۆی کلکی چێڵەکەی هەڵگرت، بردی لەو ناوە بەقووڵایی زەوی، ژێرزەوی خست، هەر ئەوەتە سەری دیار مابوو.

–گورگی برا! هۆ گورگی برا، خێرا وەرەوە! ئەوە خەریکە چێڵەکەت بەکلکەوە لە زەوی نوقم دەبێ!

گورگە بەدزە دزە هاتە دەرەوە، دیتی کەروێشک بەهەموو توانای کلکی چێڵەکەی گرتووە، دەیەوێ لە زەوی هەڵی کێشێ، گورگە یەکسەر خۆی تێ کرد، پڕی دایە کلکەکەوە، بەهەموو توانای کەوتە هەڵکێشانی، – پلپ – ڕاست کلکەکەی لە زەوییەکەی دەرهێنا.

کەروێشکی برا بەسەر لەقاندنەوە، کەوتە نیگەرانی دەربڕین.

– تەنیا کلکەکەمان بۆ مایەوە، چێڵەکەمان لە دەست دەرچوو!

گـورگی برا نەیدەویست گـوێی لەمـە بێت. چوو پێـمـەڕەیەکی هێنا و، کـەوتە هەڵکۆڵـینی زەوییـەکەوە. کـەروێشکی برا بەفسکە فسکەوە، چوو لەسەر سەکۆی ماڵەوەیان، بەدیاری دانیشت.

گـورگـە هەمـوو ئەو ناوەی هەڵکۆڵـی، پیـاو وای دەزانی ڕاست کـرێکاری هەڵکۆڵـینە. بەڵام لە بەرامبـەریشـەوە کـەروێشـک هەر دەیپـڕمـاند و لەلای خۆیەوە ئەم گۆرانییەی گوت:

لێ گەڕێ با زەوی هەڵکەنێ
بەبێ ئەوەی چاوی بەگۆشت بکەوێ
لێ گەڕێ با زەوی هەڵکەنێ
بەبێ ئەوەی گۆشتی بەددەم بکەوێ

## بێچووەکانی کەروێشک

لەگەڵ ئەوەش کەروێشـک و ڕێوی برا خاس، ببوونە دۆستییـەکتری، بەڵام مـانای ئەوە نییـە، ڕێـوی برا خـاس وازی هێنا بێت لە ڕێوی بـوون. پاش نیـوەڕۆیەک بەناو هاتبـووە سـەردانی کەروێشـک بۆ هەواڵـپرسین، ئەو ڕۆژە تەنیـا بێـچـووەکـانی کـەروێشـک لە مـاڵ بـوون. ڕێوی برا خـاس خـۆی بەبیـرهاتەوە کـە چییـە، سـەیری کـرد بێچـووەکـان، قـەڵەو، چەور و، تەڕ و ناسکن، مـاڵـی ئەوەن یەکسـەر هەڵـیـان لووشی، بەڵام وای بەچاک زانی، بیـانـوویەکیـان پێ بگرێ، سەبارەت بەوەی کـەوتەوە یادی، کە کـەروێشـک چۆن ئاوی گەرمی، بەسەر گورگی ئامۆزای داکردووە.

بێچووە کەروێشکەکان زەندەقیان چوو بوو، هەموو خزابوونە پەنایەکەوە. ڕێوی برا خاسیش لەناو جۆلانەکەیان دانیشتبوو، کەوتبووە جۆلانەکردنەوە. لەو دەمـە چاوی بەقـەنـدە شـەکـرێک کـەوت، کـە لەتەک دەرگـاوە دانرابوو، فەرمانی بەبێچووەکان کرد، بەڵکو لەتێ لەم شەکرەی بۆ بشکێنن.

دیارە زۆر شت لەم دنیـایە، وەک شەکری قەند ڕەق نییە، ڕێوی برا خاس خـۆشی وای دەزانی، شەکـری قـەند بەوان ناشکێ، هەرکـە بۆشـیـان نەکـرا،



بەڵام بیانووی خواردنیانی دەست دەکەوێ.

بێچووە کەروێشکەکان ڕەنجیان دا، قەندیان هێنا و برد، ئارەقەی شین و مۆریان کرد، بەبێ ئەوەی بتوانن پارچەیەک لەو شەکرە بکەنەوە.

– زووکـەن! ئەگـەر نەتوانن لەتێکم لەو شـەکـرە بدەنێ! ئەوە هەمـووتان دەخۆم.

بێـچـووە کـەروێشـکـەکـان، خـێـراتر کەوتنە مـانـدووکـردنی خـۆیان، کـەچی سـەرنەکـەوتن. لەو دەمـەدا گـوێیـان لە چریکەی چۆلەکەیەک بوو، کـە لەسـەر لقەدارێکی بەرامبەریانەوە دەیخوێند:

بەددانەکانتان گازی لێ بگرن
بەددانەکانتان گازی لێ بگرن
ددانەکانتانی بەتیژی لێ بگرن
بەهۆی ددانەکانتان سەردەکەون

ئەوجـا بێـچـووە کـەروێشکـەکـان یەکـسـەر، بەددان کـەوتنە گـازگـرتن لە قـەندەکـە. پێش ئەوەی ڕێوی هەسـتـێـتـەوە سـەر پێـیـان، ئەوان لەتە شەکرێکیـان شکاند ڕێوی بـرا خاس کە چاوی بەلەتە شەکرەکە کەوت، زۆر نیگەران بوو. لە جێی خۆی هەستـایەوە، کەوتە پیاسـەکردن، ئەمجـارەیان چاوی بەبێژینگ کەوت، کە بەدیوارەکەوە هەڵواسرابوو.

– تەمـاشـای ئێـرە بکەن، ئەم بێـژینگە ببـەن، خـێـرا بڕۆن لە کـانییـەکـە هەندێ ئاوم بۆ بهێنن.

بێـچـووە کـەروێشکـەکـان، بۆ سـەر کـانییـەکـە غـاریان دا، هەوڵـیـان دا بەبێـژینگ ئاو بـۆ ڕێوی بەرنەوە، بەڵام هەرچەند جـاری، بێـژینگەکـەیان لە ئـاوەکـە هەڵدەدا، لە هـەمـان وەخت، ئاوەکـە هەمـوو دەهاتـە خـوارەوە، نەیانزانی چی بکەن، ناچار لە شوێنی خۆیان دانیشتن، بۆی کەوتنە گریان ئەو دەمە لەناکاو، چۆلەکەیەکی بچکۆلانە لەسەر دارێکەوە کەوتە خوێندنی ئەوەی:

بێژینگ لە پەقرەجێک ئاو چاکتر دەگرێ

ئەگەر بەقوڕی لیچ کونەکانی سواخ بدرێ

ڕێوی لێتان تووڕە دەبێ، ئەگەر زوو ئاوی نەدەنێ

بێژینگەکە بەقوڕی لیچ سواخ بدەن بۆ ئاو بردنێ

بێچووە کەروێشکەکان یەکسەر وایان کرد، بێژینگە ئاوێکیان بۆ ڕێوی برد. کە ڕێوی چاوی پێ کەوت، هەر ئەوەتە نەبوو لە تووڕەییـیان شەق بەرێ. ئەو جارەیان پەنجەی بۆ ئەو کۆلکەدارەی، نزیک ئاگردانەکە ڕاکێشا:

– ئەم کۆلکەدارە بخەنە ئاگردانەکەوە، ئاگری بدەن، سەرمامە.

بێچووە کەروێشکەکان هەوڵیان دا، کۆلکە دارەکە هەڵگرن. بەڵام هەر بۆ یەک میللیمەتریش پێیان نەجوولایەوە، ئەوجا کەوتنە گلوۆل پێدانی کەچی لە جێی خۆی نەجوولایەوە. تا گوێیان لە چریکەی چۆلەکەکە بوو:

دەستتان بەتفی تەڕکەن، قاچتان نەخزێ

هەمووتان لەپشتەوە بکەونە پاڵ پێوەنانی

زوو زوو دەستتان بەتف بکەن

لەپاڵ پێوەنانی بەردەوام بن

بێچووە کەروێشکەکان بەو ڕەنگە خەریک بوون، تا توانیان کۆلەکە دارەکە بخەنە ناو ئاگردانەکەوە هەر لەو تاوەدا دایکە کەروێشک و باوکە کەروێشک دەرکەوتن، ڕێوی برا خاس مەکرۆیانە بۆیان کەوتە بزە.

– ئەوە هاتنەوە! هەر هەنوکە خەریک بوو برۆمەوە، چونکە ئێوە هەر نەهاتنەوە!

کەروێشکی برا تەنیا سەیرێکی منداڵەکانی کرد، تێگەیشت کە چۆن شەپرزە بوون، بەڵام بەسەرخۆی نەهێنا، وەک ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێ.

ڕێوی برا خاس، ناتوانی بۆ نانی ئێوارە لە لامان بیت؟

لەو دەمەوە گورگی برا سەردانمان ناکات، کەسی دیکە نەهاتووە بۆ سەردانمان، ماوەیەکە هیچ میوانمان نەهاتووە، بەڕاستی من هەست بەتەنیایی دەکەم!

بەڵام ڕێوی برا خاس، گوتی ناتوانی بۆ ئێوارە بمێنیتەوە، چونکە ژنەکەی



چاوەڕوانی دەکات.

ئەوە بوو هەر یەکسەر، ملی ڕێگای ماڵەوەی خۆیانی گرت...

## مردنی ڕێوی برا خاس

ئەو ساڵ زستانەکە ئەوەندە سارد بوو، هەموو لە خودای دەپاڕانەوە، بەڵکو بەهاریان بۆ دابێنێ. زۆربەیان بەخۆیان ڕاگەیشتبوون، کە بەهاوینەکەی کاری زۆریان کردبوو، بەرهەمەکانیان بەناو هێنابوو، دارێکی چاکیان کۆکردبووەوە. هەموویان بەشی خۆ دەربازکردنیان لە زستان هەبوو، هەموویان تەنیا کەروێشکی برا نەبێت، ئەو هیچی نەچاندبوو لە هاویندا، چونکە هەمیشە شتی لە باخچە و بێستانی خەڵکانی دیکە دەبرد، هەروەها هیچ داریشی بۆ خۆیان دانەکردبوو، چونکە وای دەزانی، زستانەکەی ئەوەندە سارد نابێ.

تا ڕۆژێکیان کەروێشک بەماتەمی، چووە بەر دەرگای ڕێوی، لە دەرگای دا. ژنی کەروێشکی برا نەساغ بوو، منداڵەکان لەسەرمان دەلەرزین، لە برسان ورەیان بەردابوو، ئەوەندە ئاگرەی لەناو ئاگردانەکەیان هەبوو، لە شەو کوژابووەوە.

ڕێوی براخاس، بەخۆشییەوە هەندێ ئاگری پێ دا، کەروێشکی برا کە چاوی بەژوورەوە کەوت، بۆنی گۆشتی کوڵاو لە دەماغی گیربوو، سکی کەوتە قوڕە قوڕ، هەر هیچ نەبێت تامێکی بکات. بەڵام کەروێشکی برا گەرەکی دەرۆزەی نەبوو، تەنیا ئاگرەکەی وەرگرت و ملی ڕێگای گرت. کەچی چەندان هەنگاو دوور نەکەوتبووەوە، ئاگرەکەی لە دەست کوژایەوە، ناچار بوو بگەڕێتەوە بۆ لای ڕێوی برا خاس، داوای هەندێکی دیکە ئاگر بکات. ئەم جارەیان بۆنی گۆشتەکە بەتام و چێژتر بوو.

– ڕێوی برا خاس، ئەوە ئەو گۆشتەت لە کوێ بوو؟

– ئەگەر بەیانی بێیتە لام، پێتی نیشان دەدەم، لە کوێ چەندی گۆشتت گەرەکە، دەستت دەکەوێ! ڕێوی وەڵامی دایەوە.

بەیانی ڕۆژی دواتر زوو، کەروێشکی برا گەیشتە لای ڕێوی برا خاس.

– لە نزیکی ماڵی خانم ئێنگ، پیاوێک دەژی یەک گاڕان چێڵی هەیە. یەکێک لەو چێڵانە ناوی (بوژان)ە. هەر ئەوەندەی گەرەکە، بگەیتە لای و پێی بڵێی(بوژان). یەکسەر دەمی خۆیت بۆ دەکاتەوە، تۆش باز دەدەیتەوە ناو هەناوی، ئەوەندە گۆشتەی بۆت هەڵدەگیرێ، بۆ خۆت لێ دەکەیتەوە!

کەروێشکی برا هەرگیز گوێی لە شتی لەم جۆرە نەبوو.

– تۆ ناتوانی لەگەڵ من بێی! تەنیا ئەم جارەیان، پێم نیشان بدەی، چی بکەم؟ کەروێشک پرسی.

پێکەوە ڕۆیشتن، گەیشتنە ناو مێرگی چێڵەکانی پیاوەکە. ڕێوی برا خاس بەناو چێڵەکان کەوت، هەتا (بوژان)ی دیتەوە لە(بوژان) چووە پێشەوە و ناوی (بوژان)ی هێنا. ڕاست ئەویش دەمی کردەوە، وەک دەرگایەکی گەورەبوو، ڕێوی برا خاس لەپێشەوە، کەروێشکی براش لە دواوە، بازیان دایە ناوەوە.

– هەنوکە چەند گۆشتت گەرەکە، بیبڕە، بەڵام توخونی دڵی نەکەوی!

– من تەنیا پارچەیەک لێ دەکەمەوە. کەروێشکی برا وەڵامی دایەوە.

– باشە! بەڵام لە نزیک دڵی مەبڕە.

– هەرکە ئەو پارچەیەم بڕی، دەمەوێ چەند پشکێک بۆ سوورکردنەوە ببڕم، کەوا چاکە ماسوولکە و گۆشتی نەرمە بێت.

کەروێشکی برا، چەقۆی لەبەرنا، کەوتە شەقارکردن، هەر دەیبڕیەوە، بەبێ ئەوەی ئاگای لە خۆی بێت، چەقۆیەکەی گەیشتبووە ناو دڵەکەوە، لەو تاوەدا چێڵەکە لەجێی خۆی مرد.

– ئۆی، ئۆی، ئۆی، ڕێوی برا خاس گوتی:

– ئەوە چیت کرد! ئیتر چۆن بچینە دەرەوە؟

هەرکە پیاوەکە بێتە ناو چێڵەکانی، ئێمە تووشی دەردەسەری دەبین!

–تۆ خۆت لەناو پاشەڵدا بنووسێنە، منیش خۆم لەناو سەری دەشارمەوە.

شەو هەر کە پیاوەکە هات، یەکسەر چاوی بەو چێڵە مردووە کەوت. دەستی کردە کەورکردن و پارچە پارچەکردن، بۆ ئەوە بزانی، بۆچ مردووە.



کەروێشکی برا بەخشکەیی لەسەریەوە بەناو دەمی هاتە دەرەوە خۆی گەیاندە لای پیاوەکە:

– ئەگەر دەتەوێ بزانی کێ ئەم چێڵەی مراند، هەر ئەوەندە بەسە سەیری ناو پاشەڵی چێڵەکە بکەی!

پیاوەکە بایەخی پێ نەدا و سەیری پاشەڵی چیڵیکەی نەکرد، بەڵکو دەستی دایە مەترەق و بەتوندی لە پاشەڵی چێڵەکەی قایم کرد، کە ڕێوی برا خاس بەیەکجاری گیانی دەرچوو. ئەوجا کەروێشکی برا، بەپیاوەکەی گوت، ئایا بۆی هەیە سەری ڕێوی بۆ خۆی ببات، پیاوەکە بەبێ هیچ ورتەیەک سەرەکەی بۆ بڕی و دایە دەستی.

کەروێشک سەری ڕێوی لەناو پارچە پەڕۆیەک پێچا و بۆ ماڵەوەی خۆیانی برد.

– ژنی ڕێوی برا خاس، پیاوەکەت هەندێ گۆشتی بۆ ناردی، گوتی یەکسەر بیخەرە سەر ئاگرەوە، بەڵام بۆی نییە، تەماشای بکات هەتا باش باش دەکوڵێ.

ژنەی ڕێوی یەکسەر خستییە سەر مەنجەڵێکەوە و لەسەر ئاگری دانا، لەو دەمەدا بەچکە گەورەی ڕێوی برا خاس (سولکی)، زۆر برسی بوو، نەیدەتوانی چاوەڕوان بکات، گەرەکی بوو، شتێک بخوات، ڕاست چووە سەر مەنجەڵ و سەیری کرد. هەرکە ناو مەنجەڵەکەی دیت، کەوتە گریان و ڕۆڕۆ. دایکی بەهەڵەداوان هاتە فریای، بەڵام کە ئەویش چاوی بەوەی ناو مەنجەڵەکە کەوت، بڵق بڵق دەکولا، ئەویش دایە پرمەی گریان و هاوار هاوار.

ژنەکە هیچی بۆ نەماوە، سەگەکانی بەدوو کەروێشکدا بەردا، کە تازە ملی ڕێگای گرتبوو، سەگەکان ئەوەندە بەتاو دوای کەوتبوون، دەتگوت کۆبلایەتی سەرلەنوێ ژیاوەتەوە، سەگەکان ئەوەندە نزیک ببوونەوە لە کەروێشک، کە لیکاویان بەسەر کلکە گچکەکەی کەروێشک دەڕژایەوە، لەو دەمەدا کەروێشک چاوی بەکونە دارێک کەوت، خێرا خۆی تێ کرد،

بەدوای چەند خولەکێکەوە ژنی ڕێوی برا خاس و کوڕە گەورەکەی گەیشتنە سەری، ژنە بەکوڕەکەی گوت، تۆ لێرە پاسەوانی دارەکە بکە، هەتا من دەچم تفەنگەکەمان دەهێنم. سولکی کە گەنج و هەندێک گەمژە بوو چووە خوارەوە بۆ ئەوەی ئاوی بۆ بهێنێ، لە نێواندا هەڵبەتە کەروێشک تێی تەقاند و دەرچوو.

کە ژنەکەی ڕێوی گەڕایەوە، دیتی کەروێشک نەماوە، زۆری نەمابوو لە داخان، لە پیستی خۆی دەرچێتە دەرەوە. گوتی:

– هەرگیز (سولکی) وەک پیاوان نابینێ، دوای ئەوەی تێروپڕ کەوتە لێدان و کوتانی. (سولکی) لەم وشانەی دایکی پەست بوو، بای غاریی دایێ، بەدوو کەروێشک کەوت، دیارە ڕێوییەک لە کەروێشک باشتر دەبەزی، زۆری نەبرد پشت ملی کەروێشکی گرت و ڕاست هێنایەوە بەردەمی دایکی و لەپێشی دانا.

– ژنی ڕێوی برا خاس، دەزانم من ڕۆژم تەواو بووە، کەچی گەرەکمە ئەو شتەت هەر پێ بڵێم، بەڵکو لەسەر بەردێکی تیژم دابنێی، لووتم لەبنەوە ببڕە، بۆ ئەوەی بۆنی هیچ نەکەم لە کاتی مردندا.

ژنە گوتی ئەمە بیرێکی چاکە، کەروێشکی لە دەست سولکی دەرهێنا، بردیە سەر بەردێکی تیژ، بەڵام ئەو هەندێ ئاوی پێویست بوو.

– سولکی بەردەکە دەگری، تۆش دەچی ئاو دەهێنی. کەروێشکی برا گوتی. ژنەکەی ڕێوی خێرا چوو بۆ ئاو هێنان، ئەوەبوو کەروێشک ڕابوو، بەبازدان ملی ڕێگای گرت، کە ئەم جارە بەسولکی–یش نەگیراوە...

## کەروێشکی برا و شێری دارستان

پاش نیوەڕۆیەک، کە کەروێشک لە دەرەوە، لەناو دارستان بوو، ڕەشەبایەکی توند هەڵی کردبوو. با لەپێشەوە و پاشەوە زەوی گرتبوو، بەجۆرێک چلەپۆپەی دارەکانیشی داگرتبوو، ڕەشەبایەکی ئەوەندە توند بوو، کەروێشکی برای بەغار خستبوو، ئەو زۆرتر لەوە دەترسا، دارێک بەسەری دابکەوی. لە دەمی ڕاکردندا، لە ناکاو لەگەڵ شێر ڕووبەڕووبوونەوە. ئێستا



تۆ دەڵێی، هەڵبەتە کوا شێر لە ئەمریکا هەیە، بەڵێ، هەنوکە هیچ نەماوە، لەو ڕۆژگاری هەموو جۆرە ئاژەڵێک لە سەرتاپای زەوی هەبوو. شێر، پڵنگ، فیل، ڕێوی و هەموو ئەو ئاژەڵانە بەسەر پێیانەوە بوون. بۆیە هیچ سەیر نییە کە کەروێشکی برا لە ڕاکردنەکەی ئەو ڕۆژەدا، لەناو دارستان ڕووبەڕووی شێر بووبێتەوە.

– چییە کەروێشک ئاوا دەلەرزی؟

– غاردە شێری برا! گەردەلوول بەڕێگاوەیە!

شێری برا ترس گرتی.

– من ناتوانم ڕابکەم. زۆر قورسم. باشە من بۆ کوێ بچم؟

– خۆت بەعاردیدا بنووسێنە، شێری برا. پاڵکەوە و خۆت بەزەویدا بنووسێنە!

شێر سەری بادا و گووتی:

– بایەکە هەر هەڵمدەگرێ و بەرەو شوێنێکی نادیارم ڕادەدا!

– کەواتە خۆت بەدارێکەوە بگرە!

– بەڵام ئەگەر ڕەشەبایەکە بەدرێژایی ڕۆژ و شەویشەوە بەردەوام دەبێت!

– من، تۆ بەدارەکەوە دەبەستمەوە، ئەگەر گەرەکت بێت!

شێری برا گەرەکی بوو، کەروێشک خێرا شێری بەدارەکە بەستەوە، خۆشی لەتەکی دانیشت. پاش ماوەیەک شێرەکە ماندوو بوو، لەوەی بەبەستراوی بەدارێکەوە دانیشێ.

– کەروێشکی برا گەردەلوول نابینم!

کەروێشکەکە گوێی خۆی بۆ قولاغ کرد.

– منیش هیچ نابینم!

– کەروێشکی برا؟ هەتا دەنگی(با)شم نایەتە گوێ!

کەروێشک گوێی قولاغ کردووە.

– نەخێر منیش بەر گوێم ناکەوێ!

– کەروێشکی برا، هەتا گەڵای دارەکانیش لە جوولانەوە کەوتوون!

کەروێشک سەیرێکی دارەکانی کرد.

– نا هیچ جوولەیان نەماوە!

– کەواتە من بکەوە!

– شێری برا پێم ناکرێ! شێر تووڕە بوو، ئەوەندە توند نەڕاندی، کە هەموو زەوی لەگەڵی لەرزییەوە، بەشێوەیەک هەموو ئاژەڵەکانی بەغار هاتنە ئەو ناوە، بۆ ئەوەی بزانن مەسەلە چییە! هەر کە ئەوان نزیک بوونەوە، کەروێشکی برا کەوتە خۆ گیڤکردنەوە، مرەمر بەدەوروبەری ئەو شێرە بەستراوە. کە ئاژەڵەکان دیتیان کەروێشک ئەم شێرەی بەستۆتەوە، کەسیان لە خۆیان ڕانەبینی، ئەوەندە لەگەڵ کەروێشک بکەونە ملە و هەموو تا ڕادەیەک خۆیان لێ لادەدا.

## کەروێشکی برا لە حەق پڵنگی براش دێت

ڕۆژێکی خۆش، پڵنگی برا هات لە دەوروبەری ئاژەڵەکان، لانەی خۆی دانا، ئاژەڵەکان هیچ یەکێکان گەرەکیان نەبوو شتێکی لەگەڵ بکەن، ئەوان لەو باوەڕەدابوون، ئەو ئاژەڵە پێست پتک پتکە ڕەش و زەردانە، زۆر سەیرن، نەوەک هەر ئەو پتک پتکییە، نا، بەڵکو کەلەشی گەورە و گرانی مایەی ئەوە بوو، پێویستی بەدۆست نەبێ، تەنیا ئەگەر خۆی بیەوێ. بۆیە هەموو ئاژەڵەکان خۆیان لێ بەدوور گرتبوو، تەنیا کەروێشکی برا نەبێت.

پڵنگی برا هەر ئەوەتە لە دامەزراندنی لانەکەی ببووە و نەبووەوە، کەروێشک هاتە سەری و داوای ئەوەی لێ کرد، پێکەوە پیاسە بکەن، بۆ ئەوەی هەندێ ناسیاوی لەگەڵ یەکتری پەیدا بکەن.

هەر کە هەردووکیان کەوتنە ئاخاوتن، هێواش هێواش گەیشتنە سەر ئاوێ. هیچ یەکێکیان گەرەکی نەبوو، خۆی لە ئاوەکە بدات و قاچ و قوڵی تەڕ بکات. بەڵام کەروێشکی برا، لە پڕ چاوی بەهێلکە شەیتانۆکەیەک کەوت، کە بەڵقی دارێکەوە ئاوێزان تەماشای ئەوانی دەکرد. پڵنگی برا وای دەزانی ئەمە شتێکی زۆر ئاسانە، کە هێلکە شەیتانۆکە بەئاسانی بگرێ. هەوڵی گرتنی دا، بەڵام لەبەرئەوەی خۆی قورس بوو، هێلکە



شەیتانۆکەی لە دەست چوو، دروست شڵپەی هات، کەوتە ناو ئاوەکەوە.

هەرکە بەدەم هاتنەوە دەرەوە، لە ئاوەکە خۆی ڕاوەشاند، سەیری کرد، ئەوە کەروێشکی برا، لە کەنارەوە لە پێکەنینان کەوتووەتە سەر گازی پشت، بەتووڕەیی نەڕاندی، کەچی کەروێشک زۆرتر و زۆرتر پێکەنی.

– ئەوە چۆنە تۆ لە من ناترسی، هەروەکو ئاژەڵەکانی دیکە؟ پڵنگ پرسی، هەموو ئاژەڵەکانی دیکە، هەر کە سێبەری من هەست پێ بکەن لە ترسان دەکەونە ڕاکردن.

– ئەدی چۆن مێشوولەکان لە تۆ ناترسن؟ کەروێشک پرسی، هەر چەندە ئەوان لە من بچووکترن!

پڵنگی برا گەرەکی نەبوو، خۆی بخاتە شەرمەزارییەوە.

– تۆ بەختت یارە کە من تازە نانی بەیانیم خواردووە، ئەگەر برسی دەبووم، ئەوە ئێستاکە خۆت لەناو سکم دەدیتەوە!

کەروێشکی برا بەتیپچاوێک تەماشای کرد.

– پڵنگی برا، دەمەوێ شتێکت پێ بڵێم، دیارە تۆ بای تۆزکاڵێک هۆشت نییە، دەنا دەبوو زوو من لەناو سکت بوومایە!

پڵنگی برا زیاتر لە تووڕەییان نەڕاندی:

– زووکە ئەو جارە لەبەر چاوم گوم بە، بەڵام بۆ جارێکی دیکە، ئەگەر بکەوییەوە بەرچاوم، دەتخۆم! کەروێشکی برا پێکەنی.

– ئەگەر ئەمە هەر بەخەون ببینی، وا چاکە خۆت داوای لێبووردن بکەی کە سبەی ڕۆژ دەبێتەوە!

کەروێشکی برا، بازی دایە سەر ڕێگا، پڵنگی براش لە تووڕەییان، خۆی بەدارێک دا، هەموو گەڵایەکانی بەسەر خۆیدا وەراند.

کەروێشکی براش تووڕە بوو. کۆڵەمستی لە هەر شتێکەوە بەرز دەکردەوە، کە لە ڕێگا تووشی دەهات، هەتا لەگەڵ سێبەری خۆی ڕکەی دەکرد کە بەدوای خۆیەوە بوو. هێشتا زۆر نەڕۆیشتبوو، گوێی لە دەنگێکی هێجگار تیژ بوو، ئەوە دەنگی فیلی برا بوو کە خۆی بەدارێکدا دابوو، خەریکی

جوینی گەڵا و پۆپەکان بوو... کەروێشک بەجۆرە مارشێکەوە سڵاوی لێ کرد:

– فیلی برا، دەتەوێ یارمەتیم بدەی، کە پڵنگی برا لەو ناوە دەربکەین!

– ڕاست دەکەی، هەبوونی ئەو لە دراوسێیەتیمان، نرخی خانووەکانمانی هێناوەتە خوارەوە. بەڵام من بەتەواوی لەوە دڵنیا نیم. ئایا مەترسییەک لەوە دانییە، ئەگەر من شان لە شانی پڵنگ بدەم، بریندار نابم؟

– تۆ چۆن بەم هەموو زەبەلاحییەوە بریندار دەبی؟

– پڵنگی برا خاوەن کەڵبەی تیژە، چڕنووکی درێژی هەیە، کە دەتوانی هەم ببڕی و پارچە پارچە بکات.

– خۆت نیگەران مەکە بۆ ئەمە! کەروێشک گوتی، هەر ئەوەی من دەڵێم، بەگوێم بکە، هەر زوو خۆم دەرحەقی دێم!

بۆ بەیانی ڕۆژی دواتر، کەروێشک زوو کەوتە ڕێگاوە، بۆ ئەو شوێنە دەچوو کە دەبوو لەگەڵ فیلی برا بەرانگژی پڵنگ بێتەوە، خێرا، جارێ لە پێشەوە قاچەکانی پشتەوەی فیلی لە دارێکی گەورە بەستەوە، ئەوجا یخی بەفیل کرد کە بکەوێتە سەر چۆکان، تا خۆی بەئاسانی بەسەر پشتیدا هەڵگەڕێ. لەو دەمەدا پڵنگیش دەرکەوت، لە دوورەوە دیتی ئەوە کەروێشک بەسەر پشتی(فیل)ەوەیە.

خەندەیەکی هاتێ، وای دەزانی کەروێشک لەوێ گیری خواردووە، ناتوانێ بێتە خوارەوە.

فیلەش کەوتە خۆ جووڵاندنەوە، لەم کەلەکەوە بۆ ئەو لا کەلەکەی دیکەوە.

– بەڵێ، کەروێشکی برا ئەمڕۆ بەیانی هێشتا نانی بەیانیم نەخواردووە، زۆریشم برسییە! پڵنگەکە گوتی.

– ئاوا! کەروێشک وەڵامی دایەوە، کەواتە چاوەڕوان بکە، هەتا ئەم فیلە کەور دەکەم، کە ئەم بەیانییە ڕاوم کردووە، بەڵام دوایی بۆت دێمە خوارەوە، دەرحەقی تۆش دێم!



– هەر کە لووتم لە ملتەوە دەژەنم، ئەوەندەی بۆت دەکرێ، بقیژێنە. کەروێشک بەگوێی فیلەیدا چرپاند؛ پێویست ناکات بترسێی، هەر تەنیا هاوار بکە!

فیلە یەکسەر کەوتە گرماندن، گرماندنێک کە چەند دانە دارێک لە بنەوە هەڵتەکان.

– لەوێ ڕاوەستە. پڵنگی برا، هەر ئێستاکە لە کەورکردنی ئەم فیلە دەبمەوە!

کەروێشک خۆی شۆڕ کردەوە، بەجۆرێک کە خۆی بەپەناگۆیی فیلەکەوە نابوو، فیلەکە دووبارە کەوتەوە گرماندن، چەندان داری دیکەی بەردایەوە لێرەدا پڵنگی برا، چەند هەنگاوێک پاشەکشەی کرد.

– بۆ کوێ ڕادەکەی پڵنگی برا؟ هەر هەنوکە تەواو دەبم، ئێستاکە دێمە خوارەوە، فریات دەکەوم.

تەنیا چەند چرکەیەکم لەسەر بوەستە!

کەروێشک سەرلەنوێ، خۆی بەرەو پێشەوە دانوشتاندەوە، فیلە کەوتەوە گرماندن، چەندان داری دیکەش بەربوونەوە، ئیتر پڵنگی برا کەوتە خۆ وەرسووڕاندنەوە.

– ئەوە تەواو بووم خوێنی ئەم فیلە ئەوەندە خۆش نەبوو، بەڵام بیستوومە کە خوێنی پڵنگ زۆر خۆشترە!

کەروێشک وای نیشان دا کە خەریکی هاتنە خوارەوەیە، کەچی پڵنگی برا خۆی پێ ڕانەگیرا، بزانی چی تر ڕوودەدا، ئایا بەڕاستی کەروێشک وای لە فیل کردووە. ئەوەبوو پڵنگ، پێش نیوەڕۆ ماڵەکەی خۆی، لەناو ئاژەڵەکان چۆڵ کرد، ناوچەکەی بەیەکجاری بەجێ هێشت...

## شێری برا تووشی گیانلەبەرێک دەبێ

لەو ڕۆژەوە کەروێشکی برا، پڵنگی لەو ناوە دەرکرد، شێریش کەوتبووە خۆی، کە دەبێ شتێک بکات، تا ئەمیش بەو چارەنووسە نەگات. شێر بەناو ئاژەڵەکاندا جاری دابوو، هەر ڕۆژەی دەبێ خێزانێک، یەکێک لە

خۆیان بکەنە خۆراکی شێر. دارستان تێکڕا کەوتبووە گریان و سکاڵاکردن بەڵام ئاژەڵەکان هیچیان لە دەست نەدەهات. پاش یەک مانگ، شێرە لە هەر خێزانێک ئەندامێکی خوارد تەنیا کەروێشکی برای لێ دەرچێ، ئەو ڕۆژە شێرە پەیامی بۆ کەروێشکیش نارد، کە ئەوە نۆبەتی خێزانی ئەوانە و خۆی نەگرخێنێ!

ژنی کەروێشکی برا و هەموو بێچووەکانیان کەوتنە نووسکە نووسک و گریان، بەڵام کەروێشکی برا خۆی تەقەی سەری دەهات، سبیلی خۆی دەکێشا، وەک ئەوەی هیچ لە گۆڕێ نەبێت.

بەیانی کەروێشکی برا هەر بەخۆی، بەرەو لای شێرە کەوتە ڕێ، پێش ئەوەی بگاتە بەردەم لانەی شێرە، لەتەک گۆمە ئاوێکی قووڵ هەڵوەستەیەکی کرد، مووەکانی سەری قیت بوونەوە، لەگەڵ تووڕەیی دەموچاوی تێکەڵ بەیەکتری بوون، لەو دەمەدا خۆی لەناو گۆمەکە دیتەوە، خۆی واهاتە بەرچاو کە پێیەکی لەناو قەبرەوە بێت.

دوایی بەهەڵتەک هەڵتەک ملی ڕێگای گرتەوە، کە لە داخان سنگی کەوتبووە خرمە خرم. شێرە بەتەمبەڵییەوە سەرێکی لێ بادا و گوتی: –

– تۆ کە لەیەک پارووی دەمی من زیاتر نیت، کەروێشک؛ تۆ تەنیا بەشی جەمەک خۆراکم ناکەی، دڵنیام لەگەڵ خواردنی تۆ زیاتر برسی دەبم!

– بەڵێ، بەتایبەتی من قەڵەو نیمە، بۆ ئاگاداری هەموو گیانم مێشوولەیە، تووشی سەرمابوون هاتووم، پێیەکانم بۆنێکی ناخۆشیان لێ دێت، قونێرێک لە ناوکم هاتووە. بەڵام ئامادەم خۆم بکەمە قوربانی تۆ. دەمەوێ بزانی! شێرە دیقەتی دایێ و سەری بۆ هێناوبرد.

– من دەبێ هەموو خێزانەکەت بەیەکەوە بخۆم، بۆ ئەوەی تاڕادەیەک تێر بم، ئەگەر هەموویان وەکو تۆ بن!

– تۆ وا دەڵێی! من لە ڕێگای هاتنە ئێرەوە، تووشی گیانلەبەرێکی وەک خۆت زل و گۆشتن بووم.

لەلای خۆمەوە گوتم، چاک بوو ئاوا قەڵەو نەبووم دەنا لوقمەیەکی چەور



دەبووم بۆ شێرە.

– ئەوە کێ بوو؟ شێرە پرسی.

– من لێم نەپرسی باش، ناوت چییە. تەنیا سلاوم لێ کرد، بەڵام ئەو وەڵامی نەدامەوە، وام بەباش زانی زوو خۆمی لە دەست دەرباز بکەم.

– پێم پێشان بدە لە کوێ بوو؟

– زۆر چاکە، بەڵام من دەترسم، ئەو بەلایەکت بەسەر بێنی!

– چی پێدەکرێ! شێرە نەڕاندی، ئەو گیانلەبەرەم پێنیشان بدە، ئەوجا دەبینین، کێ چی بەکێ دەکات!

کەروێشکی برا سەری بۆ لەقاند و گوتی:

– بەڵام ویژدانم هەڵناگرێ، تۆ بەدەستی ئەو بمری!

– پێم نیشان بدە زووکە شێرە نەڕاندی.

کەروێشک شانەکانی بۆ هەڵتەکاند و گوتی:

– باشە، خۆشم لەگەڵت دێم، بەڵکو بتوانم یارمەتیت بدەم. چونکە باوڕ ناکەم ئاژەڵێک بتوانی شان لە شانی ئەو گیانلەبەرە بدات.

ئەو هەموو گیانت دەشکێنێ!

شێرە لە تووڕەییان هەموو گیانی دەلەرزی، یەکسەر بەدوای کەروێشکەکە کەوت، بەرەو سەر گۆمە ئاوەکە. کەروێشکیش لە خۆیەوە جۆرە ترسێکی لێ نیشتبوو:

– لەو ناوە لە شوێنێکم دیت، دیارە هێشتا هەر لەو نزیکانەیە، من پێیەکانی دەبینم!

کەروێشکی برا خۆی خزاندە کەناری ئاوەکە، سەیری ناو ئاوەکەی دەکرد، یەکسەر قیژاندی و بەقەڵەمبازێک هاتەوە ئەو گۆڕە و گوتی:

– ئەوەتە لێرەیە، شێرە! با ڕاکەین!

شێرە چووە پێشتر بۆ سەر کەناری ئاوەکە، دیقەتی دا ناو ئاوەکە، لەو گیانلەبەرەی بن ئاوەکەی نەڕاند، بەڵام گیانلەبەرەکە هیچ دەنگێکی نەبوو. هەرکە شێرە خۆی گێرووێر کرد، گیانلەبەرەکەی ناو ئاوەکەش خۆی لێ

گیـرووێر کرد... هەرکە شێرە ددانەکـانی لێ جیـڕکردەوە، گـیانلەبەرەکەش بەهەمان ڕەنگ دانی لێ جیڕکردەوە.

بەم ڕەنگە شێرە ئەوەندە تووڕە بوو، یەکسەر سەراو سەر خۆی هاوێشتە ناو گۆمەکەوە، هەڵبەتە ئەو مەلەی نەدەزانی، تەنیا شڵپەیەکی لێوە هات، لەناو ئاوەکە هەر شڵپە شڵپی بوو، وەک لەگەڵ یەکێک زۆرانبازی بکات. بەڵێ ئەو تەنیا لەگەڵ مەرگی خۆی ڕووبەڕوو ببووەوە...

## ئەو خانووەی قسە دەکات!

ئاژەڵەکـانی دیکە کـە بیسـتـیـان، کـەروێشکی برا شـێـرەی لە کـۆڵ کردوونەتەوە، بەتەواوی کەوتنە ڕێز گرتنی کەروێشک، هەمـوویان بێجگە لە مام گورگ نەبێت. ڕۆژێکیـان گورگ هاتە سەردانی کەروێشک، سەیری کرد کەس لەماڵەوە نییە، خۆی لە پەنایەک شاردەوە.

پاش نیـوەڕۆیەک کـەروێشک بۆ ماڵ گـەڕایەوە، هەستی کـرد مـاڵەکەی بەشێوەیەکی نائاسایی کشوماتە، دەرگای دەرەوەیان تۆزێک ترازێنراوە، ئەو دەیزانی ژنەکـەی هەمـیـشـە، زۆر ورد و وریایە، لەوەی دەرگـای باش دابخات.

لە پەنجـەرەکـەوە سـەیرێکی ناوەوەی کـرد، کـەچی هیـچی بەدی نەکـرد. ئەوجا گوێی خۆی نایە سەر لوولەی دووکەڵکێشەکەیانەوە؛ گوێی لە هیچ نەبوو مـەنجـەڵەکـەمـان بەهۆی لوولەی دووکـەڵکێـشـەکـەوە، دەزانی کێ بەرێگاوەیە، ئەمەی لەبەر خۆیەوە دەگوت.

– چینکۆی سـەربان دەزانی باووبژ چییـە بەدەمەوە، دۆشەکـەکەم دەزانی کێ لەبن قـەروێڵەکەم هەڵتووتکاوە. بەڵام مـن نە مـەنجەڵ، نـە چینکۆ و نە دۆشـەکم. ئـەمـانـەش گـرنگ نین، دەبێ وریای ئەوەبم نەوەک یەکـێک لە ژوورەوە بێت، نا من هەروا بەئاسانی ناچمە ژوورەوە. ڕێگای دیکە هەیە، بۆ ئەوەی بزانن کێ کەوتووتە بیرەوە، پێش ئەوەی خۆی تێ بهاوێم!

کەروێشکە تۆزێک لە ماڵەکەی دوورکەوتەوە، هاواری کرد:

– هۆ خانووەکە، ئەوە تۆ چلۆنی چلۆن؟



مـاڵەکە هیـچ وەڵامی نەدایەوە. هۆ مـاڵەکـە! ئەتۆ چلۆنی چلۆن؟ مـاڵەکـە هیچ وەڵامی نەبوو.

مام گورگ لە لای خۆیەوە هاتبووە پەنا دەرگاوە، دەهری ببوو، هەرگیز لە ژیانیـدا، شـتی لەم جـۆرەی تووش نـەبووە، لە دەرزی دەرگـاوە چاوێکی لە دەرەوە کرد، هیـچی نەدیت. هۆ ماڵەکە! ئەوە چیت بەسەر هاتووە، لە بیرت چووە خۆت بناسی؟

گورگە یەکجاری دەهری ببوو.

– هۆ ماڵەکە! دیارە ئەمڕۆکە تەندروستیت باش نییە! تۆ هەردەم وەڵامی منت دەدایەوە کە بانگم دەکردی!

مـام گـورگ بڕیاری دا، لە لای خـۆیەوە وەڵام بداتەوە، بەڵام نەدەچووە عەقڵی، چۆن خانوویەک وەڵام دەداتەوە! دەنگی خۆی گڕکرد، تا تێیدا بوو هاواری کرد:

– هۆ... هۆ سڵاو! کەروێشکەکە.

– وادیارە تـووشی هەڵامـەت هاتـووی خـانووەکـە! ئەمـجـارەیان گـورگـە بەدەنگی خۆی وەڵامی دایەوە.

– هۆ... هۆ بەخێر بێیـتـەوە! کەروێشکی برا کەوتە پێکەنین، پێکەنین و پێکەنی، دوایی هاواری کرد:

– هۆ مـام گـورگ تۆ دەبێ چاکـتـر پرۆڤە بکەی، بۆ ئەوەی وەک خـانوو بپەیڤی!

ناچار مام گورگە بەرەو ڕێگا، ملی خۆی شۆڕ کرد، بڕیاری دا چی تر شەڕ بەکەروێشک نەفرۆشێ...

## جارێکی دیکەش کەروێشکی برا کڵاوی لەسەر دەنێ

کەروێشک و قەلەموون کەوتنە دۆستایەتییەکی گەرم، بەیەکەوە زەوییان کێڵا و چاندیان، تا پێکەوەش بەرهەمەکەی بدوورنەوە و دابەشی بکەن. هەرکە پایز هات، واتە ڕۆژی بەرهەم کۆکردنەوە، کەروێشکی برا چووە سەر کێـڵگەکـان، تابزانی چۆنە. گـێـزەرەکـان وا ڕسکابوون گـەڵای دەتگوت

شارۆخن، بنە کەلەمەکان وا تۆپەڵ ببوون بەزەحمەت لەناو سەبەتە جێیان دەبووەوە، خاسەکانیش پیاو دەیتوانی وەک چەتر بەکاریان بهێنێ. ئەو ساڵە چاکترین بەروبووم هاتبووە بەرهەم، کەروێشکی برا لە خۆشییان پێی نەدەکەوتە عەردی، بەڵام تەماح گرتی و لەلای خۆیەوە قەلەموونی بەبێ بەش هێشتەوە.

پاشان بەسەردان چووە ماڵی قەلەموون:

– من لە خۆم ڕانابینم، باسی بەروبوومت بۆ بکەم. کە ئەم ساڵ دەست بەتاڵ هاتمەوە. دیارە ئەم وشکەتییەی ئەم دواییە وای بەسەرم هێنا. هیچم بۆ نەدوورایەوە، بۆیە هیچ شتێکم نییە لەگەڵ تۆ دابەشی بکەم!

– کەروێشکی برا، هەندێ ساڵان وایە، بەڵام بۆ ئەوەی نیگەران نەبی، ئەم ساڵ نیوەی بەرهەمی کۆکراوەی من بۆ خۆت بەرە، چونکە ئێمە بەڵێنمان بەیەکتری دابوو. کەروێشک خۆی لەسەر خەرمانی قەلەموون دیتەوە، بادامەکان لە تۆپ دەچوون، دنکە دەرەکانی گۆشتن و تەڕ بوون، کە پیاو لە سەیرکردنیان تێر نەدەبوو. کەروێشکی برا بەشی خۆی وەرگرت، گەڕایەوە ماڵێ...

ئەم ساڵ خۆراکی چاکی دەبێت بۆ زستان. قەلەموونی برا دەیزانی کەروێشک درۆ دەکات، بەدرێژایی ئەو هاوینە، ڕۆژێک نا ڕۆژێک، قەلەموون بەسەر کێڵگەکەی کەروێشکی برا سووڕێکی دەخواردەوە، بزانی کێڵگەکە چۆنە. ئەوەبوو پاش چەند ڕۆژێک قەلەموون چووە سەردانی کەروێشک:

– من گەنجینەیەکی پڕ زێڕم دۆزیوەتەوە لەوبەری ئاوەکەوە! قەلەموون بەکەروێشکی گوت؛

بەڵام من بەتەنیا دەرەقەتی هێنانەوەی نایەم، بەڵکو تۆ یارمەتیم بدەی، ئەوە بەشی تۆشی لێ دەدەم! کەروێشک گەرەکی نەبوو بیرێکی لێ بکاتەوە.

– کوا ڕێگاکەم نیشان بدە!



هەردووک پێکەوە ڕۆیشتن، هەتا گەیشتنە سەر ئاوەکە، کەروێشک لەوێ وەستا:

– ئەوجا من چۆن لەو ئاوە بپەڕمەوە؟؟

کەروێشک بەدوای هەندێ بیرکردنەوە:

– تۆ ناتوانی لەپشتی خۆتم بکەی، هەتا دەپەڕینەوە!؟

قەلەموون:

– بۆ نا! ئەوە بوو قەلەموون کەروێشکی خستە سەر پشتی، تاوێک هەڵفڕی، دوایی لەسەر چلە پۆپەی سنۆبەرێکەوە نیشتەوە، کەروێشک سەیری خوارەوەی کرد، ئەو دار سنۆبەرە لەو لەتە زەوییە بەرزبووەتەوە کە هەر چوار دەوری ئاوە، ئەوجا تێگەیشت تووشی چ جۆرە گیر خواردنێک بووە.

– زۆر چاکت کرد لێرە نیشتیەوە، تا نەختێ پشوو بدەین، من پێم سەیرە تۆ چۆن دەتوانی ئەوەندە هەڵفڕی، من خۆم بۆ ئەوەندە گێژ بووم. بەڵام دەزانی من شتێکم بیرکەوتەوە، هەر دوێنێ بوو منیش لە ماڵەکەی خۆماندا، لەناو قۆرتێکدا، گەنجینەیەک پڕ زێڕم دۆزیبیەوە. باشتر وانییە بۆ ئەوێ بگەڕێینەوە، جارێ لەپێشەوە ئەوە حەشار بدەین، ئەوجا بگەڕێینەوە بۆ ئەمەی ئێرە!؟ دیارە ئەمە خۆشترین شت بوو کە قەلەموون چاوەڕوانی دەکرد، بۆی کەوتە پێکەنین، ئەوەندە پێکەنی، هەتا دارەکە هەژایەوە.

– بوەستە! کەروێشک قیژاندی، بەسە! ئەگەر دارەکە جارێکی دیکە بهەژێتەوە ئەوە بەر دەبمەوە ناو ئاوەکە.

– بەڕاستیتە؟ قەلەموون پرسی و کەوتە پێکەنین. من بەو مەرجە واز لە پێکەنین دەهێنم، ئەگەر بەڵێنی ئەوەم بدەیتێ، نیوەی بەرهەمەکەی دووریووتەوە، بمدەیتەوە! کەروێشکی برا هیچی بۆ نەمابوو، تەنیا دەبوو ئەمەی لەگەڵ بکات. ناچار کە گەڕانەوە نیوەی بەرهەمە کۆکراوەکەی کێڵگەکەی دایە قەلەموون و چی تر توخونی نەکەوتەوە، هەتا مانگێک بوو هەر لاقەکانی لە ترسان دەلەرزین...

## کەروێشکی برا کڵاو لەسەری ورچە بۆر دەنێ!

کەروێشک دڵنیابوو کە کێڵگە کێڵان، کشتوکاڵکردن بۆ ئەو کارێکی ماندووکەرانەیە، بۆیە گەڕایەوە سەر سوخەتی کۆنینەی خۆی، ڕۆژانە دەچووە ناو باغ و بێستانی ئەوانی دیکە، خۆراکی خۆی بەدەست دەهێنا! تا ڕۆژێکیان بۆ خۆی بەپیاسە چوو، تەماشای باغ و بێستانی دراوسێیەکانی بکات، بەتایبەت بێستانی بادامی ڕێوی براخاسی مەبەست بوو.

لەم ڕۆژانە بادەم پێ دەگەن، کەروێشک بەدەم ڕۆیشتنەوە، پلانی بەناو کەوتنیانی نەخش دەکرد.

ئەوەبوو شەوانە بەر دەبووە، ناو کێڵگەی بادامەوە، دوای تێروپڕ خواردنی، چەندان گۆڵمی پڕیشی بۆ ژن و منداڵەکانی دەبردەوە کە ئەو دەمە چەند ئامۆزا و پوورزا و خوشکەزاش لەلایان بوون.

ڕێوی برا خاس زۆر چاک دەیزانی، کێ بادەمەکانی دزیوە، بەڵام بەسەر خۆی نەدەهێنا.

ڕۆژێک لە دەوروبەری پەرژینەکەوە دەهات و دەچوو، لە پەنایەک کونێکی بەرچاو کەوت، لەلای باکووری کێڵگەکەوە. ڕاست هەستاوە گوریسێکی وەک تەلەسەرێکی لەناو قۆرتەکەوە سەرەکەی دیکەی بەدارێکەوە دانایەوە بۆ ئەوەی هەریەکێک پێ لە تەلەکە بنێ، یەکسەر پێیەکانی بەقەفی گوریسەکەوە دەبێ و سەراوژێر بەدارەکەوە ئاوێزان دەبێ.

ئەم شەوە کەروێشکی برا، وەک شەوانی دیکە، بەهەمان کونەکەی پەرژینەکەوە، خەریکی چوونە ناو بێستانەکە بوو، هەر ئەوەندەی زانی، شڵپ! بەتەلەوە بوو، خۆی بەهەڵواسراوەیی دیتەوە، بەڵام هیچی بۆ نەکرا، ناچار هەوڵی دا دڵی خۆی بداتەوە، تا نەختێک خەوی لێ بکەوێ. بۆ سبەینێ زوو، کەروێشک زوو بێدار بووەوە، هەستی کرد یەکێک بەبەردەمیدا تێپەڕی، ئەوەش ورچە بۆر بوو.

– ڕۆژباش، ورچە بۆر، کەروێشکی برا هەروەک ئەوەی بابانوێل بێت،



هاواری کرد.

ورچە بۆر سەیرێکی ئەملاو ئەولای خۆی کرد... ئەوەتە لەسەرەوەم!

ورچە بۆر سەری هەڵبڕی، چاوی بەکەروێشکی برا کەوت کە سەراوژێر بەدارەوە بوو.

– کەروێشکی برا، چییە، ئەوە چۆنی؟

– باشم، لە زۆر کەسی تر باشترم!

– من وای نابینم، بۆ... ئەوە لەو سەرەوە چی دەکەی؟

– پارەم دەکەوێتە زاری؛ کەروێشکی برا گوتی.

– چی؟ من بێستانەکەی ڕێوی برا خاس لە کلۆیان پاس دەکەم! ورچەبۆر بەهۆشی خۆی هاتەوە کە گوێی لەمە بوو. ئەو خەریکی ئەوەبوو بچێتە لای ماڵی سۆسیال، چونکە خێزانەکەی زۆرتر بوون، چیتر وەک جاران ناتوانێ بەخێویان بکات.

– تۆ، کەروێشکی برا، ناکرێ جێگاکەی خۆت بدەیتە من بۆ ماوەیەک؟ من زۆر پێویستم بەکارکردن هەیە، من بەڵێنت دەدەمێ کە زۆر نامێنمەوە، ئەم کارە بۆ من و خێزانەکەم زۆر پێویستە!

کەروێشک نەی دەیویست زۆرتر تامەزرۆی بکات، هەناسەیەکی هەڵکێشا و مرچەیەکی بۆ کرد و سەری ڕازیبوونی بۆ لەقاند. ئەوجا ورچە بۆر کەروێشکی لە گوریسەکە کردەوە، کەروێشکیش یارمەتی ورچە بۆری دا بۆ بەستنەوەی پێیەکانی و هەڵواسینی بەئاسمانەوە.

دوای ئەمە، کەروێشک خێرا، پێی غارێی پێوەنا، بەرەو ماڵی ڕێوی برا خاس.

– ڕێوی برا خاس! ڕێوی برا خاس! وەرە! خێراکە ئەگەر گەرەکتە بزانی کێ بادامی بێستانەکەتی خواردووە! ڕێوی برا خاس غاری دایە سەر بێستانەکە، چاوی بەورچە بۆر کەوت، ورچە بۆر هێشتا بەسوپاسکردنی ڕانەگەیشتبوو، بۆ ئەوەی هەندێ پارەی دەستکەوێ ڕێوی براخاس دەستی دایە دارەکی، لێدە کوێندەرت دێشی، وەک بەرەی داوەشێنی، ئاوا کەوتە

گیانی ورچە بۆر. ئەوجا کەروێشکی برا دوو پێی غاریی گرت، زوو لەوێ نەما...

## کۆتایی ورچەبۆر!

بەدوای چەند ڕۆژێکەوە، ڕۆژێکیان کەروێشکی برا کتوپڕ، ڕووبەڕووی ورچەبۆر بووەوە، سڵاوی گەرمی لێ کرد، وەک دۆستی ئازیزی یەکتری بن.

– سڵاو، ورچە بۆر، ماوەیەکە لەبەر چاوان دیار نیت، ئەدی خانم برۆن و خانم بروکیچ چۆنن؟

خانم برۆن ژنە برای ورچە بۆر و خانم بروکیچش خێزانی خۆی بوو. لێم مەپرسە ئەوە چۆن وا دەبێ، چونکە بەڕاستی منیش شتێکی لێ نازانم. بەڵام لەم ڕۆژگارەی ئێستاش دەزانم خەڵک بەیەکەوە دەژین.

– ورچە بۆر، گوتی هەموویان باشن، بەڵام کەروێشکی برا هەستی کرد، ورچەبۆر هەر خۆی لێ نزیک دەکاتەوە.

– گوێت لێمە! خێرا ئەمەی گوت، من خەریک بوو، خۆم بێمە لات، تا شتێکی گرنگت بۆ بگێڕمەوە.

– ئەو شتە چییە؟ ورچە بۆر بەگومانەوە پرسی.

– پێرێ هەرکە لەناو دارستان لەپشتی ماڵەکەمانەوە بووم، تووشی بنەدارێکی کلۆر هاتم، کەوا دیار بوو هەر لەسەری سەرەوە هەتا خوارەوەی پڕبوو لە هەنگوین!

ورچە بۆر بزەیەکی هاتێ.

– باپیرەم شتی وای بۆ باس کردووم، بەڵام هەتا ئێستا تووشی نەهاتووم!

– کەواتە وەرە دوام کەوە! هیچ یەکێک لە خێزانەکەم، هەنگوین ناخوات. ئەگەر تۆ گەرەکتە، دەتوانی هەر هەمووی بۆ خۆتان بەری.

– من هەنگوین بەبۆن دەناسم! ورچە بۆر بەدەم ڕێگاوە گوتی. هەروەها بەبیستن دەزانم، مێش هەنگوینەکان چۆن سووڕ دەخۆنەوە. کەروێشک سەری بۆ لەقاند.



ئەوەبوو لەبەردەم دارە کلۆرەکەوە، بیریان لەوە دەکردەوە، چۆن بەهەنگوینەکە بگەن.

– دەزانی چییە! کەروێشکی برا گوتی. تۆ بەدارەکەدا هەڵگەڕێ سەری سەرەوە، لەوێ بێگومان دەرکی کونەکە دەبینی!

ورچە بۆر سەری بۆ لەقاند.

– کە چوویتە سەر کونەکە، سەری خۆتی تێخە، منیش لە خوارەوە، بەدارێک فشار دەخەمە سەر شیلەی هەنگوینەکەوە.

ورچە بۆر دەستەکانی بەتف تەڕکردن، بەسەر دارەکەدا هەڵگەڕا، هەتا گەیشتە سەرەوە، کەروێشکی براش لەو ناوە دارێکی دەست دایێ، لە خوارەوە لە کونی دارەکەی ڕاکرد و بۆ سەرەوەی دەهێنا و دەبرد.

بەڵام ئەمە نەوەک هەر شیلەی هەنگوینی فشار دەدا، بەڵکو هەموو مێشی ناو کولانەکەی کە پڕ بوو لە مێش، هەموی تەنگاو دەکردن، هەتا وای لێ هات بەشێوەیەک هەموو مێشەکان لەسەر و گوێلاکی ورچە بۆر وەربوون، بەجۆرێک کە هیچ شوێنێکی سەری دیار نەمابوو. ئەوەندەیان پێوەدا هەتا وەک هێزەی ڕوون ئاوسا، بەبێ ئەوەی بتوانی خۆی دەرباز بکات، ئەوەی من پێ بزانم هەنوکەش، مێشەکان سەر و گوێلاکی ورچە بۆر دەلێسنەوە!

## دیسانەوە کڵاو دەکرێتە سەر ڕێوی برا خاس

جارێکیان (هێرمان) لەناو باغەکەی خۆیدا کەروێشکی برای بەدیل گرتبوو، لێم مەپرسە ئەو(هێرمان) کێیە، چۆن خەڵکی ئێرە نییە، ئەگەرنا دەبوو ناوی تەها مامەر بێت، یاخود (ڕەشۆڵ) بێت، چونکە هەرگیز هیچ کارێکی نەبووە (کاری نەکردووە) وەک بزانم. بەڵام زۆریش خۆمی پێوە خەریک ناکەم، تەنیا ئەوەتا لەم چیرۆکەدا ناوی بە(هێرمان) دەهێنین، بەو هیوایەی بەدڵتان بێت. وەک گوتم، هێرمان کەروێشکی برای لە باخچەی خۆیاندا دیل کردبوو، هێرمان زۆر شادمان بوو، چونکە زۆر جاری دیکە هەوڵی دابوو، بەڵام سەرنەکەوتبوو.

ئەوەتا ئێستا تۆ گیرای! ئێستا تۆ گیرای! هەرچەندە من هیچ یەکێک لەو هەموو سەوزەواتەی خواردووتە، بۆم ناگەڕێتەوە، بەڵام پێستەکەتم گەرەکە! هێرمان کەروێشکی توند لە کەناری ڕێگاکەدا، لە دارێک بەستەوە، ئەوجا چوو بەدوای شووڕکێکدا بگەڕێ، شووڕکێک کە شەیتان لە پێستی کەروێشک دەربکات، لە جیاتی هەندێ شتی چاکەی پێ بدات! هەڵبەتە کەروێشکی برا بەمرازی نەبوو، بەڵکو بەوردی کەوتە بیری ئەوەی چۆن دەربازی بێت، لەو دەمەدا ڕێوی برا خاس، بەوێدا تێپەڕی. هەرکە چاوی بە کەروێشکی برا کەوت بەبەستراوەیی، هەڵوەستەیەکی بۆ کرد تا پڕ بەدڵ پێی خۆشحاڵ بێت.

– ئاخیرەکەی خۆت تووش کرد! بەدەم پێکەنییەوە، ڕێوی ئەوەندە قایم پێدەکەنی، ئاگای لێ نەبوو کەروێشکی براش لەگەڵی پێدەکەنی:

– تۆ بەچی پێدەکەنی؟ ئەمەی گوت و زیاتر پێکەنی.

– من تەنیا بیر لەوە دەکەمەوە، کە خانم ئینگ لە گەڕانەوەیدا چەند خۆشحاڵ دەبێ!

– مەبەستت چییە؟

– ئەمڕۆ زەماوەندە لە ماڵی خانم ئینگ. دەیگوت هەر دەبێ من لەوێ بم، بەڵام لەو بڕوایە دام من ناتوانم، چونکە دەبێ بچمە لای دکتۆر و لەگەڵ خۆم بیهێنم بۆ ماڵەوە، تا سەیری منداڵە نەخۆشەکانم بکات، چونکە تاو لەرزێکی توندیان گرتووە، کەچی خانم ئێنگ گوێی پێ نەدام، دەڵێ زەماوەند بەبێ تۆ خۆش نییە.

بۆیە منی لەو دارە بەستووتەوە، تا دڵنیابێت لەوەی خۆم ناشارمەوە، هەتا ئەو دەچێتە شار بۆ (قەشە) هێنان.

– بۆ من گوێم لە هەواڵی ئەم زەماوەندە نەبووە؟ ڕێوی براخاس بەدڵشکاوییەوە پرسی.

– ئەوە زەماوەندێک نییە کە هەموو کەسێک داوەت بکرێ. بەڵام خۆم بەدڵنیاییەوە ناچم.



من دەبێ بچم دکتۆر بهێنم. جا ئەگەر تۆ نیازی ئەو زەماوەندەت هەیە، دەتوانی لە جیاتی من بچی، دەزانم خانم (ئێنگ) بەئامادەبوونی تۆش، هەر دڵخۆش دەبێ، ئەمەش تا بزانی من هیچی دیکە حەز بەئازاردانی تۆ ناکەم!

ئینجا لەبەرئەوەی هیوا و ئاواتی گەورەی ڕێوی برا خاس، هەمیشە ئەوەبوو زۆرترین کات، لە تەک خانم (ئینگ)ەوە بێت، یەکسەر گوریسەکەی لە قەدی کەروێشک کردەوە، کەروێشکیش کەوتە کۆمەکی کە بەچاکی ڕێوی لە دارەکە ببەستێتەوە.

خانم (ئێنگ) و(قەشە) هەر بزانە گەیشتنە لات، من ئەوە بەچاکەیەک لەلایەن تۆوە دەزانم!

کەروێشکی برا ئەوەی گوت و بەقەلمبازێک گەیشتە ناو دارستانەکەوە، لەوێ لە شوێنێک خۆی حەشاردا، بۆ ئەوەی بزانی چی ڕوودەدات. لەو دەمەدا (هێرمان) لەگەڵ قامچی و شووڕکی دەستی گەیشتەوە ئەوێ، کە ئاگری تووڕەبوونی لێ دەباری، هاواری کرد:

– چی! ئەوەی سەوزەکانی منی دزیوە، جێگۆڕکێی کردووە لەگەڵ ئەوەی هەمیشە بەکۆلیتی مریشکەکانم فێر بووە! خراپ نییە دنگ دنگ پاشان کەوتە کوتانی ڕێوی برا خاس، تەپ و تەپ و تەپ. (هێرمان) بەردەوام بوو لە کوتینی ڕێوی هەتا شووڕکەکەی دەستی لەناوەندێ ڕا شکا، چوو بەدوای یەکێکی دیکە.

کەروێشکی برا بەهاکە هاک لە دارستانەکەوە هاتە دەرێ، وەک ئەوەی ئاگای لە بێزەواری عەبدی نەبووبێت:

– سەیرە، گوتی، خانم ئێنگ و قەشەکە دەبوو ئێستا لێرە بوونایە، من دەبێ بچمە لای دکتۆر، ئەوجا ئێستاکەش ئەوە لێرەم، کەچی هێشتا ئەوان نە هاتوونەتەوە. بەڕاستی سەیرە!

– کەروێشکی برا! ڕێوی برا خاس هاواری کرد. زوو یارمەتیم بدە، ئەو گوریسەم لە قەدی بکەوە. وا دیارە خانم (ئینگ) بەڕێگاکەی دیکە

چووەتەوە. کەروێشکە کەوتە یارمەتیدانی بۆکردنەوەی گوریسەکە، وەک ئەوەی هیچ رووی نەدابێت.

– ڕەنگبێ وا بێت! کەروێشکی برا گوتی. بەڵام ڕێوی برا خاس! ئەوە بوو هەموو مووی پێستی قیت بووتەوە، ئەدی ئەوە بۆ سەرت لایەکی شکاوە؟ چییە لەگەڵ کێ شەڕت کردووە؟

ڕێوی برا خاس وەڵامی نەدایەوە.

کەروێشکی برا هەر بزەی دەهاتێ.

– لەبیرتە کە گەرەکت بوو، چرنووک لە بێچووەکانم بگری؟ کەروێشک بەنەرمە پێکەنینەوە درێژەی پێدا، ئەگەر چیتر نەیاری یەکتری نەبین، ئەوە یارمەتی دەرباز بوونت دەدەم!

ڕێوی برا خاس، چارەیەکی دیکەی نەبوو. داوای بووردنی کرد لەوەی کە هەوڵی خواردنی بێچووەکانی کەروێشکی برای داوە.

ئەوجا کەروێشکی برا لە دارەکەی کردەوە. لەو دەمەدا (هێرمان) بەدیارکەوت، شوورکێکی گەورەی بەدەستەوە، کەروێشکی برا و ڕێوی برا خاس هەردوو، هەریەک بەلایەکەوە بۆی دەرچوون... ...

## کەروێشکی برا و کیژە بچکۆلانەکە

شتێک کە لەم دونیایەدا، لەناو هەموو شتەکانیدا دیکە، کەروێشکی برا زۆرتر خاسی حەزی لێ دەکرد، دیارە خاسی زەلاتە بوو. ئەو هەموو شتێکی لەپێناوی سەلکە خاسێک دەکرد. ڕۆژێکیان هەر کە کەروێشک بەدەم ڕێگاوە بوو ڕێی کەوتە تەنیشت باخچەیەکی پڕاوپڕی خاس، کە هەرگیز بەهەموو ژیانی ئەو هەموو خاسەی نەدیتبوو! چاوەکانی زەق کردەوە، لات لە دوای لات بەناو باخچەکەدا سووڕایەوە، بەڵام لەنێوان کەروێشکی برا و پەرژینی باخچەکە هەمووی بەسیمی دڕکاوی تەلبەند کرابوو!

کەروێشک لە جێی خۆیدا، بەدەم بیرکردنەوە خەریک بوو، چۆن دەمی بگاتە ئەو هەموو خاسە، دیتی ئەوە کچێکی بچکۆلانە بەڕێگادا دێت، پێش ئەوەی بەم بگات، دەرگای پەرژینەکەی کردەوە (گاڵە درابوو)، چووە



ناو باخچەکەوە، یەکسەر دەستی بۆ بنە خاسێک برد و نێرکەکەی هەڵکێشا، بەدەم خواردنییەوە دەخولایەوە.

بۆ ڕۆژی دوایی کەروێشکی برا بۆ بەیانی زوو، هاتەوە لای باخچەکە، هەر کە دیسانەوە کچە بچکۆلانەکەی دیت بەڕێگاوە بۆ باخچەکە دەهات، ڕاست چوو خۆی تێ هەڵقورتاند:

– بەیانی باش، کچی چاک. کەروێشک پێی گوت.

– ئەوە بەم بەیانییە زووە، چۆنی کەروێشکی برا؟

– من، باشم سوپاس، دیارە تۆ کچەکەی (هێرمان)ی، وانییە؟

– بەڵێ، من هەوم! نەختێک بەلووت بەرزییەوە گوتی.

تەماشا کە! کەروێشک ئەمەی لەلای خۆی گوت، بەشێوەیەکی دڵخۆشکەرانە بەکچەکەی گوت.

– خۆ هێرمان باسی کردووە کە کچێکی هەیە، بەڵام قەت نەمدەزانی ئەو کچە ئەوەندە شۆخ و شەنگە!

– ئۆف، زۆر سوپاس. کچە بەکوڵمە سوورەوە بووەکانی وەڵامی دایەوە.

– ئەو گوتی، کچەکەم بواری چوونە ناو باخچەکەت دەداتێ، بۆ ئەوەی بەناو خاسەکاندا بسووڕێیتەوە.

– بەڵام من هەرگیز چاوەڕوان نەبووم، تووشی کچێکی وەک تۆ جوان و شیرین ببم!

کچە بچکۆلانە بزەیەکی هاتێ، بەڕووخسارێکی سوورهەڵگەڕاو گوتی:

– کەواتە وەرە، ئەوە من دەرگای پەرژینەکەت بۆ دەکەمەوە!

– سوپاس، سوپاس، سوپاس، کەروێشک گوتی.

یەکسەر چووە ناو خاسەکانەوە، لە قوژبنێکەوە بەری لێگرتن، بەبێ وەستان کەوتە خواردنیان، خواردی و خواردی. بەیانی ڕۆژی دواییش هاتەوە ئەوێ، چاوەڕوانی کرد هەتا کچە بچکۆلانە هات، دەرگای پەرژینەکەی بۆ کردەوە، دووبارە کەوتە خواردن، هەتا خۆر ئاوابوون هەر خاسی خوارد، بەم چەشنە هەفتەیەکی تەواوی بەسەر برد، پێش ئەوەی

هێرمان بەوە بزانی کە لایەکی باخچەکەی تەفروتوونا کردووە. هێرمان زۆر تووڕە بوو، کەوتە سەرزەنشتکردنی کرێکارەکان، کە گوایە ئەوان هەموویان دزیوە، ئەو خەریک بوو هەر هەموویان لەسەر باخچەکە دەربکات، ئەوەبوو کچە بچکۆلانەکە لە ناکاو گوتی:

– بەڵام باوکە، لەبیرت چووە، ئەدی خۆت بەکەروێشکی برات نەگوتبوو، ئەو دەتوانی چەندی گەرەک بێت، بۆ خۆی ببات!

هێرمان سەری لەقاند و تێگەیشت، کەر لە کوێ کەوتووە و کوندە لە کوێ دڕاوە!

– بەڵێ تێگەیشتم، سەری بۆ لەقاند. ئەگەر کەروێشکی برا سبەینەیەکی دیکە هاتەوە، لێی گەڕێ با وەک جاران بێتە ژوورەوە، ئەوجا زوو وەرە ئاگادارم بکەوە. من خۆم دەمەوێ شتێکی لەگەڵ باس بکەم!

ئەوجا کە کچە بچکۆلانە دەرگای پەرژینەکەی باخچەی، لە کەروێشکی برا کردەوە، یەکسەر چوو باوکی ئاگادار کردەوە. ئەوە بوو هێرمان ڕۆژی دوایی تەڵەیەکی قولابی لەگەڵ خۆی هێنا، هەر بەدەم ڕێگاوە، تەڵەکەی لە کەناری کێڵگەی خاسەکان داناوە، خۆیشی لە پەنایەک بەدزە دزە بۆی چوو. کەروێشکی براش بۆ خۆی کەوتبووە ناو خاسان، وەک ئەوەی بەشەکەی خۆی لەدەست دەرنەچێت، هەر دەیخوارد و دەیخوارد! لە ناکاو هێرمان شلکەی ملی گرت و بەقولابەکەی وەکرد، کە بەئاسمانەوە لنگەکانی دەهات و دەچوون، هێرمان هەر دەیسووڕاندەوە.

– دەتەوێ بزانی من دەمەوێ چیت لێ دەکەم؟ نا، من هەرگیز شایستەی ئەم چارەنووسە نیم!

– بەڵام من خۆم حەزی لێ دەکەم. یەکەمجار بەقامچییانت دەکوتم، بۆ ئەوەی پێستەکەت بغارێ، ئەوجا کەورت دەکەم. ئەوجا پێستەکەت سەرەوژوور بەقەمتەرەوە وەدەکەم، تا هەردەم لەبەر چاوم بێت. هێرمان ئەوەی گوت و داوای لە کچەکەی کرد، پاسەوانی کەروێشک بێت، هەتا دەچێتە ماڵەوە بۆ قامچی هێنانەکە.



هەر لەگەڵ بزربوونی هێرمان، کەروێشکی برا کەوتە گۆرانی گوتنەوە، هەڵی کردێ تا دەنگی تێدا هەبوو! کە بەڕاستی شەپۆلەکان هەموو نقوم بوون لەگەڵ گوێیان لە گۆرانی کەروێشک بوو، ئەم گۆرانییەی دەگوت:

باشوکە ماڵی چۆلەکەی تێک دەدا
بەئاسمانەوە پاسارییەک دەجریوێنێ
سمۆرە لەسەر پۆپەی دارەوە دەقیژێنێ
جورجە کۆر لەژێر زەوی کەوتووەتە خەوێ
چووەتە خەوێ گران هەتا تاریکی دادێ
جورجە کۆر لەژێر زەوی کەوتووەتە خەوێ

کچە بچکۆلانە هەرگیز گوێی لە گۆرانی ئاوا خۆش نەبیبوو، لە خۆشیان بەهەردوو دەستی چەپڵەی لێدا، تکای لە کەروێشک دەکرد تا گۆرانییەکی دیکەش بڵێ. بەڵام کەروێشک گوتی زیاتری بۆ ناکرێ، چونکە قورگی بەژان کەوتووە، بەهۆی گرتنی و ئازاردانی لەلایەن هێرمانەوە. کچە هەر لێی پاڕایەوە، هەتا کەروێشک پێی گوت:

– ئەوە تۆ ئاوا حەز لە گۆرانی من دەکەی، ئەدی ئەگەر سەمای من ببینی، چی دەڵێی!

– بۆ دەتوانی سەماش بکەی؟ تو خوا کەروێشکی برا هەندێک سەمام بۆ بکە؟ توخوا؟

– من چۆن سەما بکەم کە بەستراوبم!

– من دەتوانم ئازادت بکەم! کچە پێی گوت.

– باشە، سەماشت بۆ دەکەم.

کچە بچکۆلانە، کەروێشکی بەڕەڵا کرد، ئەویش بۆی کەوتە سەماکردنەوە ئەو بەدەم سەماکردنەوە ملی ڕێگای ماڵەوەی گرتبوو، پراوەی چەندان نەزمی سەمای کرد هەتا گەیشتە ماڵ...

## کەروێشکی برا هەوڵی نوێ دەدا بۆ سەردانی باخچەکەی هێرمان

باخچەکەی هێرمان، دروست جێگای سەرنج ڕاکێشانی کەروێشکی برا بوو، کە هەرگیز بۆی نەدەکرا سەرنجی خۆی لەسەر هەڵگری. بەلایەوە ڕەوا نەبوو کە هێرمان بەتاقی تەنیا ئەو هەموو سەوزەواتە بۆ خۆی بێت. کە قەت بەبیریدا نەهاتووە یەکێک لەگەڵ خۆی بکاتە هاوبەش. کەروێشکی برا کە خۆی سەبارەت بەو هەڵسوکەوتە ڕەقەی هێرمان سەخڵەت کردبوو، لەلای خۆیەوە بڕیاری دا، کە دەبێ هێرمان فێری ئەوە بکات، بەرهەمەکەی بەتەنیا نەخوات!

بەیانییەکی زوو، پاش چەندان ڕۆژی دیکە، هێرمان گەرەکی بوو بچێتە شار.

– ژینۆ، بەسەر کچەکەیدا نەڕاندی پێش ئەوەی بڕوات:

– لێ نەگەڕێی کەروێشکی برا شێلمە سەوزەکانم بخوات، تێگەیشتی؟

– بەڵێ، بابە، بەڵێ، کچە وەلامی دایەوە.

کەروێشکی براش، لەو ناوە خۆی مەلاس دابوو، هەموو قسەکانی بەچاکی بیست. لەگەڵ بزربوونی و نەبوونی هێرمان، کەروێشک کەوتە ڕێگاوە و بێ شەرمانە خۆی گەیاندە کچە بچکۆلانە.

– ئەوە تۆی ناوت (ژینۆ)یە؟ پرسی.

باوکم بە ژینۆ ناوم دەبا، ئەدی باوکی تۆ بە چ ناوێک بانگت دەکا؟

– بەداخەوە باوکی من مردووە، بەلام هەرکە لە ژیان دابوو، ڕاهاتبوو بەوەی کە بە(خۆش بەزۆک) ناوم ببات.

بزەیەکی هاتێ. من لە ڕێگا تازە تووشی باوکت بووم، پێی گوتم، مادام بۆ ئەو لا دەچی، بڕۆ لای کچەکەم و پێی بڵێ، با ڕێگای چوونە ناو باخچەکەت بدا بۆ کردنی هەندێ کەرەوز!

ژینۆ زۆر نەبوو لە قەدەغەکردنی کەروێشک ئاگادار کرابووەوە، بەلام نەوەک ( خۆش بەزۆک)، بۆیە دەرگاکەی بۆ خستە سەرپشت، کەروێشکی



برا چووە ناو باخچەکەوە، ئەوەندی بۆی کرا، کەرەوزی لە خۆی بارکرد. ڕاست ملی ڕێگای ماڵەوەی گرت.

بۆ ئێوارەکە هێرمان گەڕایەوە، کەروێشکی دیت یەکسەر لە ژینۆی پرسی، کە ئەوە کێ بووە. ئەویش بۆی گێڕایەوە کە( خۆش بەزۆک) و بەناوی ئەو پێی گوتووە کە باوکت بەڵێنی داوەمەتێ، بچمە ناو باخچەکەوە و کەرەوز بۆ خۆی ببات. هێرمان زانی مەسەلە چییە، بەلام هیچی نەگوت.

بەیانی دواتر، هێرمان خۆی ئامادەی سەفەر کردبوو، بەکچەکەی گوت:

– چاو لە کەروێشکی برا نەترووکێنی، هەروەها ڕێگای هیچ کەسێکی دیکە نەدات بۆ کەرەوز کردن.

لەگەڵ بزربوونی هێرماندا، کەروێشکی برا ساڵدانە، ساڵدانە، بەڕێگاوە سلاوی لە ژینۆ کرد و بە لە چاوکردنەوەیەکی تەواو هەروەک هێرمان گوتی:

– من هەر هەنوکە تووشی باوکت بووم، ئەو گوتی بۆم نییە هیچی دیکە کەرەوز بەرم، بەلام دەتوانم هەندێ شێلم لە جیاتی بۆ خۆم ببەم.

کچە بچکۆلانە ڕێگای چوونە ناو باخچەکەی پێ دا، کەروێشکی برا هەروەک تای تەورداس، کەوتە سەر سەلکە شێلمی سەوزی کێڵگەکەوە. ئەوەندەی ڕنی کە بەشی چەندان مانگی دەکرد.

هێرمان گەیشتەوە ماڵ و چووە سەر باخچەکەیان، کە چاوی بەکێڵگەی شێلمەکان کەوت، چاوی چووە پشتی سەری!

– ئەوە کێ ئەو هەموو شێلمەی ڕنیوە؟

– گوێ قیت،! کچە وەلامی دایەوە.

– ئەم گوێ قیتە چۆن چۆنی گیانلەبەرێکە؟

– یەکێکی دەم گەورە، چاو زەق گوێچکە زل، کلکێکی ڕیشداری هەیە!

ئەمە بەس بوو، بۆ ئەوەی هێرمان کەروێشکی برا بناسێتەوە، تەنیا بەم باسکردنەی کچەکەی. ئەوجا یەک تەڵەی بەچاڵی لەبەردەمی کێڵگەی چەوەندەرەکان دانایەوە.

– گوێ بگرە، ژینۆ، سبەینەی ڕۆژی دوایی پێی گوت؛ ئەمڕۆ بەهیچ

شێوەیەک نابێ لێ بگەڕێی، هەر یەکێک گەرەکی بوو، بۆ خۆی بێتە ناو باخچەکەوە، ئەوەندە کەرەوز و شێلمەی کە ماوە ئەویش ببات!

هەر ئەوەندە هێرمان لەبەر چاوان گوم بوو، کەرویشک سەری دەرهێنا، بەنەوازیەوە سەری دانەواند:

بەیانی باش، ژینۆی خنجیلانە، من لە ڕێگا تووشی باوکت بووم، گوتی تۆ بۆت نییە ئەمڕۆ کەرەوز یاخود شێلمی سەوز ببەی، بەڵام دەتوانی تۆزێک چەوەندەر بڕنی!

ژینۆ بەئاسانی ڕێگای بۆ کردەوە، کەرویشک دروست ڕووی لە کێڵگەی چەوەندەرەکە کرد، هەڵبەتە زۆر نەڕۆیشت، تەپەی هات، کەوتە چاڵەکەوە، لەوێ بەتەلەکەوەبوو، کاتێک بەهۆشی خۆی هاتەوە وەخت درەنگ بوو.

لەو دەمەدا هێرمان گەیشتە ماڵ، کە هاتە ناو باخچەکە، چووە ناو چەوەندەرەکان، یەکسەر چاوی بەچاڵەکە کەوت کە تەڵەکەی لەسەر نەماوە، خۆی نوشتاندەوە چاوی بەکەرویشکی برا کەوت. هێرمان کەوتە چەپڵە لێدان:

– گوتم! ئەمجارەشیان کەوتییەوە بەر دەستم! هەی مەلعون! ئێستاکە بۆ کوێ دەچی. هەرکە لە خواردنت دەبمەوە، یەکسەر سمەکانت دەخەمە باخەڵم، گۆشتەکەت بەسەر ئاگرەوە دەکوڵێنم، پێستەکەشت دەکەمە کڵاوی سەر سەرم!

کەرویشک بەم وشانەی هێرمان تەواو شپرزەبوو:

– هێرمان دەزانم من چەوتیم لەگەڵ کردوون. بەڵام ئەگەر ئەم جارەیان ئازادم بکەی، بەڵێنی ئەوەت پێ دەدەم، کە چیتر توخنی باخچەکەت نەکەومەوە.

– هێرمان کەوتە پێکەنین:

– ئەگەر ئازادیشت نەکەم! ئەوە چیتر چاوت بەباخچەکەم ناکەوێتەوە. من دەبێ بچم چەقۆیە تیژەکەم بهێنم! هێرمان گەڕایەوە ماڵ، بەڵام لە بیری چوو دەرگای باخچەکەی گاڵە بداتەوە. لەو دەمەدا ڕێوی برا خاس وەک



ئەوەی فرسەتی هێنابێ، ئەمەی بەداوەت زانی، خزییە ناو باخچەکەیەوە، هەرکە زیاتر هاتە ژوورەوە، هەستی کرد دەنگە دەنگێک لەناو قۆرتێکەوە هەیە.

– ئەمە چی دەگەیەنێ، لەڕێی خودا؟ لە خۆی پرسی.

کەرویشک یەکسەر لە دەنگییەوە زانی ئەمە ڕێوی برا خاسە.

– ڕاکە! ڕێوی برا خاس! ڕاکە! زوو بکەوە ڕێ، ئەگەر ژیانی خۆت خۆش دەوێ!

– بۆ! کەرویشکی برا چی بووە؟

– هێرمان گرتوومی و لەناو ئەو چاڵەی ناوم، ناچاری کردووم گۆشتی بەرخ بخۆم، من زۆرم خواردووە، ئەوەندە نەماوە هێڵنجم بێتێ، زووکە لێرە دەرچوو، پێش ئەوەی تۆش بگرێ!

ڕێوی براخاس ئەوەی نەچووە مێشکەوە:

– من حەزم لە گۆشتی بەرخە! ئەمەی گوت و سەری چاڵەکەی هەڵدایەوە، تۆ وەرە دەرەوە، من دەچمە شوێنەکەتەوە، کەرویشکی برا بەبێ خۆ گرخاندن ئەمەی لەگەڵ کرد، بەڵام ئەمجارەیان هیچ چاوەڕوانی نەکرد، بزانی چی ڕوودەدات، یەکسەر بۆی دەرچوو.

لە چیرۆکەکە باسی ئەوە ناکرێ، ڕێوی برا خاس چی بەسەر هاتووە. بەڵام کەرویشک پیستی خۆی دەرباز کرد کە دەبوو ڕێوی برا خاس– ئەمە بکات دەبێ هەرکەسە بەخۆی فریای خۆی بکەوێ...

## جورجی برا گوێی لە گۆرانی دەبێ

کەرویشکی برا نزیکەی مانگێک خۆی لە باخچەی هێرمان بەدوور گرتبوو، بەڵام شەوانە خەونی بەو هەموو سەوزەواتانەی باخچەکە دەبینی، کە خراپ پێوەی گرتبوو، تووشی سەریەشەیەکی ناخۆش هاتبوو! لەو لاشەوە هێرمان دڵنیابوو کە کەرویشکی برا هەر سەر دەداتەوە. دەرگای پەرژینی ڕۆژانە دەخستە سەر گازی پشت، کچەکەشی ڕاسپاردبوو:

– ژینۆ؛ دەبێ پاسەوانی باش بکەی. هەرکە کەرویشکی برا، یاخود گوێ

قیت، یان هەر ناو نراوێکی دیکە هاتە ناو باخچەکەوە، یەکسەر بەبێ وەستان، ڕاکە زوو دەرگای پەرژینەکە گاڵ بدە:

– بەڵێ باوکە.

ئەو ڕۆژە کەروێشکی برا، ئۆقرەی لێ هەڵگیرا، ڕووی لە باخچەکە کرد، دیتی ئەوە دەرگای کراوەیە، وای زانی کە ئەمەشی لە بەختی خۆیەتی. بەخشکەیی خزییە ناوەوە، کەوتە خواردن، پاش تێربوون گەرەکی دەرچوون بوو، سەیری کرد ئەوە دەرگای پەرژینەکە گاڵە دراوە. کەوتە هەژاندنی دەرگاکە و پاڵ پێوەنانی، بەڵام هیچ سوودی نەبوو. تووڕە بوو لە ڕکان هەوڵی شکاندنی دا، کەچی هیچی بۆ لەگەڵ نەکرا.

– هۆ ژینۆ! هاواری کرد؛ وەرە ئەم دەرگایەم بۆ بکەرەوە! من زۆر نیگەران دەبم کە بەداخراوەیی دەبینم! ژینۆ بەغاردان هات، بەڵام ورتەی لە دەم نەهاتە دەرەوە.

– تەمەشا کە ژینۆ! هەنوکە بیکەرەوە! من تووڕە دەبم کە ئەم دەرگایە دابخرێت! ئەگەر ئێستا نەیکەیتەوە، ئەوە قفڵەکە دەشکێنم و خۆم دەیکەمەوە.

– باوکم پێی گوتم، نابێ بیکەمەوە. کەروێشکی برا دەمی کردەوە بەتەواوی:

– دەتەوێ ئەم ددانە تیژانەم ببینی! ئەگەر هەر زوو نەیکەیتەوە، بەو ددانانە پەتارت دەکەم.

ژینۆ ترسا، یەکسەر دەرگاکەی بۆ کردەوە. کە هێرمان هاتەوە، پرسی کەروێشکی برای بەرچاو نەکەوتووە.

– ئەو لێرە بوو باوکە، ژینۆ وەڵامی دایەوە؛ بەڵام دەرگام لێ کردەوە کە گەرەکی بوو بەددانە تیژەکانی پەتار پەتارم بکات!

– ژینۆکەکەم، هێرمان گوتی؛ ئەو چۆن دەتوانێ تۆ پەتار پەتار بکات، کە ئەو لەناو باخچەکە بێ و تۆ لە دیوی دەرەوە بیت؟

ژینۆ بیری لەمە نەکردبووەوە. کەروێشکی برا بۆ ڕۆژی دوایش هاتەوە،



دیسانەوە دەرگا کراوە بوو، خێرا چووە ژوورەوە، لەگەڵ سەوزەواتە تەڕ و ناسکەکانی هێرمان خەریک بوو، ئەوەندەی خوارد، خەریک بوو خۆیشی سەوز هەڵگەڕێت. پیاو دەبێ بیری لە لای خۆی بێت!

هەر کە ویستی بڕوات، دەرگای پەرژینەکە پێوەدرابوو، پاڵی پێوەنا، بۆی نەکرایەوە، پێلەقەی لێ دا هەر نەکرایەوە، چەندی کردی دەرگای بۆ نەبووەوە، هەتا شەرە قۆچانیشی لەگەڵ کرد، بەڵام سوودێکی نەبوو.

– هۆ ژینۆ! هۆ! هاواری کرد؛ وەرە زوو ئەو دەرگایە بکەوە، جوان نییە پیاوێکی وەک من ئازار دەدەن! ناشیرینە! دەرگاکە بکەوە! ژینۆ ورتەی نەکرد.

– دەبێ شەرم لە خۆت بکەی! کەروێشکی برا بەژینۆی گوت؛ دەبێ شەرم بتگری کە ئاوا مامەڵە لەگەڵ من دەکەی، من هەست بەبرینداری دەکەم، زوو بیکەرەوە، هەتا خۆم نەم شکاندووە!

– باوکم پێی گوتم، بۆم نییە بیکەمەوە.

کەروێشکی برا چاوی شاش و شۆش کرد:

– تەماشای ئەم چاوە گەورانە بکە! من ناچارم یەکێکیانت تێ بگرم، لەجیێی خۆت ئاگرت تێ بەردا ئەگەر دەرگاکە نەکەیتەوە. زووکە دەرگاکە بکەرەوە، هەتا تێم نەگرتووی! ژینۆ خێرا بۆی کردەوە.

ئێوارە هێرمان هاتەوە، پرسی ئایا کەروێشکی برا نەهاتووە؟ ژینۆ بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕاوە کە چۆن بەرەڵای کردووە، چونکە ئەو خەریک بووە، چاوێکی خۆی تێ بگرێ و بیکوژێ.

– کەروێشکی برا، درۆی کردووە، ژینۆ. هەرگیز شتی لەم جۆرەی بۆ ناکرێ. بەیانی ڕۆژی دواتر، کەروێشکی برا هەم دیسانەوە هاتەوە، چووە ناو باخچەکە، کەوتە خواردنی ئەو کوریکانەی تازە لە سەوزەکان بەریان دەرهێنابوو، بەتایبەت ئەوەی چەوەندەرەکان ئەوەندەی خوارد هەتا پەنمابوو، کە ویستی بڕوات، دەرگای پەرژینەکە داخرابوو، وەک خۆی پێشبینی کردبوو –ڕای کێشا، هەژاندی، پێلەقەی لێ دا، تووڕە بوو کەچی دەرگا

نەکرایەوە.

– هۆ ژینۆ هۆ! وەرە ئێرە، زوو ئەو دەرگایە بکەوە! بەڕاستی ناشیرینە ئاوا، لەگەڵ خزمی خۆت هەڵسوکەوت دەکەی.

من تووڕە دەبم کە ئا بەم جۆرە مامەڵەم لەگەڵ دەکەی. ژینۆ هیچ وەڵامی نەدایەوە.

– پیاو نابێ ئاوا لە خزمی خۆی بکات، ژینۆ، بۆ باوکت فێری ئەمەی کردووی؟

– تۆ چۆن دەبیە خزمی من؟ ژینۆ پرسی.

– باپیرەت جارێکیان بە سەگ مامی منی ڕاو کردووە، بۆیە بووینەتە خزمی یەکتری.

ئەوجا دەرگاکە بکەوە! ژینۆ وەڵامی نەدایەوە.

– خۆ دەبینی چ ددانی درێژو تیژم هەیە، من دەتوانم پەتار پەتارت بکەم!

– نا لە کاتێکدا تۆ لەناوەوە و من لە دەرەوەی پەرژینەکەم!

– تەماشای چاوە گەورەکانم بکە، دەتوانم چاوێکت بگرمێ و یەکسەر بتکوژم!

– هەرگیز ئەمەت بۆ ناکرێ! نا ئەمەشت بۆ ناکرێ!

لێرەدا کەروێشکی برا، زۆر تووڕە بوو:

– دەبینی چ قۆچێکم هەیە! ئەمەی گوت و گوێچکەکانی قیت و ڕەق کردەوە، کە ڕەق ڕاوەستابوون. بەم قۆچانە ورگت هەڵدەدڕم!

ژینۆ بلەز دەرگای بۆ کردەوە، کەروێشکی برا بۆی دەرچوو.

هێرمان لەگەڵ گەیشتنەوە ماڵێ، ژینۆ بەسەرهاتی ئەمڕۆکەشی بۆ گێڕایەوە، هێرمان پێی گوت.

– بەیانی کەروێشکی برا هاتەوە، تۆ دەرگای پەرژینەکە داخە، دوایی یەکسەر بۆ خۆت برۆ لەگەڵ منداڵان گەمان بکە.

ژینۆ ئەمەی زۆر پێ خۆش بوو.



ڕۆژی دوایی کەروێشکی برا کەوتە پرۆڤەکردنی ترشۆکەکان، پاش تێربوونی، گەرەکی بوو بچێتەوە ماڵ، بەڵام دەرگا داخرابوو، چەندی کردی بۆی نەکرایەوە، هاواری ژینۆی کرد، ژینۆ دیار نەبوو. زۆری هەوڵ دا بەسەر پەرژینەکەدا باز بدات بۆی نەکرا، هیچ کون و کەلەبەرێکیشی بۆ نەدۆزرایەوە!

هێرمان گەڕایەوە، یەکسەر چووە ناو باخچەکە، لەناکاو ملی کەروێشکی برای گرت، ڕاست خستیە ناو کیسەیەکەوە، کیسەکەی گرێدا، بەرز بەدارێکی هەڵواسی. چوو هەتا مەترەقێک بهێنێ.

هێرمان بۆ دار هێنان چوو بوو، لە ناکاو جورجی برا پەیدابوو، بەنقەنق خۆی گەیاندە ناو باخچەکەوە، سەرێکی بەرزکردەوە، چاوی بەو کیسە ئاوێزانە کەوت.

– دەبێ ئەم کیسە چی تێدا بێت، ئاوا بەدارەوە هەڵواسراوە؟

– وس، جورجی برا! کەروێشکی برا گوتی، من گوێ لە گۆرانی هەور دەگرم!

– کا من گوێم لە هیچ نییە!

– بێ دەنگبە، پێم گوتی! منیش هیچ نابیستم کە تۆ ئاوا وەستاوی و پرتە پرتتە! تاوێکی درێژ بێدەنگ بوو.

ئێستاکە گوێم لێیە! کەروێشک قیژاندی! ئاواتەخوازم تۆش وەک من گوێت لە گۆرانی هەور دەبوو!

– خۆشم حەزم لێیە.

– دەزانی چییە. بۆت هەیە بێیتە ناو کیسەکەوە، تا تۆش گوێت لێ بێت، بەڵام بەو مەرجەی بەڵێنی ئەوە بدەی، هەندێک چاوەڕوان بکەیت. جورجە بەڵێنی دایێ. ئەوەبوو بەدارەکەوە هەڵگەڕا، دەرکی کیسەکەی کردەوە، بەئەسپایی کەروێشکی برا هاتە دەرێ و جورجە خۆی تێکرد. ئەوجا کەروێشک کیسەکەی گرێ دایەوە و بەدارەکەی وەکردەوە.

– من گوێم لە هیچ نییە. کەروێشکی برا.

– پەلە مەکە، هەنوکە گوێت لێ دەبێ.

– کەروێشک کیسەکەی بەباشی بەدارەکەوە گرێدا.

– من گوێم لە هیچ نییە! کەروێشکی برا.

– هەنوکە تۆزێکی دیکە گوێت لێ دەبێ، جورجی برا، پەلە مەکە!

لەو تاوەدا کەروێشکی برا، بازێکی دایە ناو نەمامەکانی دەوروبەر، هێرمان گەیشتەجێ، جورجی براش هاواری دەکرد:

– من گوێم لە هیچ گۆرانییەک نییە!

– من ئێستا وا دەکەم. گوێت لە چەندان گۆرانی بێت! هێرمان گوتی.

هێرمان کیسەکەی لە دارەکە کردەوە، دارەکەی دەستی بەرز کردەوە، کەوتە کوتانی. ئەوەندەی کوتا هەتا ماندوو بوو، وای زانی کەروێشکی برایە جیفلیقاوەی لێ هاتە دەرێ. لەو دەمەدا کە هێرمان گەرەکی بوو دەرکی کیسەکە بکاتەوە، کەروێشکی برا لەناو نەمامەکان هاتە دەرەوە و قیژاندی:

– من کوریکەی هەموو چەوەندەرەکانم خواردووی، من تێر لە کەرەوزەکانم خوارد، من تێر لە شێلمە سەوزەکانم خوارد، من لە هەموو جۆرە سەوزەکانم خواردووی، من هەروا بەردەوام دەبم هەتاکو تۆ لە ژیان دابیت.

## مەتەڵی کەروێشکی برا

کەروێشکی برا خەریک بوو، دیسانەوە بچێتەوە ئەوێ، بەڵام خۆی گرتەوە، بۆ ئەوەی بکەوێتە باری هێمنی، ئیتر بەدوای کاری سەربەرزانەدا بگەرێ. ئەمەش رەنگبێ لەبەر ئەوە بێت، هەستی کردووە بەرەو تەمەن دەچێ، یاخود رەنگبێ گەیشتبێتە رادەیەک کە چیتر بەبەریەوە نەبێ، هەروا ژیان بەبرۆ بدە بەرێ بەسەر ببات.

ئەو پارچە زەوییەی پشتەوەی ماڵەوەیانی کێڵا، هەمووی بەپەتاتە چاند زەوییەکی ئاوا بەپیت کەم هەبوو. رێوی برا خاس دەیدیت، کە کەروێشکی برا چۆن ئارەقەی رەش و سپی دەرکردووە، رۆژانە لەسەر ئەم پارچە زەوییە،



کاری دەکرد، بەلایەوە ئاسان نەبوو، بروا بەچاوی خۆی بکات، دەبێ شتێک کەروێشکی برای گێرابێتەوە، دەنا چۆن ئاوا بەدرێژایی رۆژێ کارێ دەکات. کەروێشکی برا ترسی لێ نیشتبوو، کە رێوی براخاس لێی بەدەردەکەوت، چونکە هەلێکی بۆ رەخسابوو کە تۆڵەی هەموو ئەوانەی رابردووی خۆی بکاتەوە.

رێوی براخاس لەلای خۆیەوە بریاری دا، کە کەروێشکی برا بخاتە تاقیکردنەوە، شەوێکیان کەوتە رووخاندنی لایەکی پەرژینی کێڵگەکەی کەروێشک بەیانی رۆژی دوایی، کەروێشک دووبارە پەرژینەکەی چاککردەوە. ئەمە هەرگیز کاری کەروێشک نەبوو! بەڵام بۆ شەو رێوی براخاس، تێکرای پەرژینەکەی بەسەر یەکدا رووخاند! بەیانی کەروێشکی برا کە لە خەو رابوو، بەپشوویەکی درێژ تەکانی دایە خۆی، هەموو پەرژینەکەی چاککردەوە. ئەوەبوو رێوی براخاس، هاتە سەر ئەوەی پری بداتێ. بۆ رۆژی دواتر، هاتە لای کەروێشک و سڵاوی لێ کرد:

– من پێشنیارێکم هەیە، با پیاسەیەک بکەین و بۆتی باس بکەم!

– بۆ کوێ پیاسە بکەین؟ کەروێشک گەرەکی بوو بزانی.

– بۆ ئەو دوورە!

– ئەو دوورە کوێ؟

– ئەوەندە بەگومان مەبە، من تەنیا دەمەوێ دەربارەی دار هەڵووژەیەک قسەت لەگەڵ بکەم، کە من لەو دوورە دۆزیمەتەوە، دەبێ تۆ یارمەتیم بدەی بۆ کۆکردنەوەی هەڵووژەکان.

ئەم زمانەی رێوی براخاس، شێوە زمانێک بوو کە کەروێشکی برا تێی گەیشت. پاش نەختێک هەردووک کەوتنە رێ بۆ کۆکردنەوەی هەڵووژان. کەروێشکی برا، دارێکی دەستنیشان کرد، کە هەموو لقوپۆپەکان بەهەڵووژە تەنرابوو، یەکسەر بەو دارەوە هەڵگەرا.

رێوی براخاس هات لەبن دارەکە چاوەروانی کرد، هەتا کەروێشک لەگەڵ هاتنە خوارەوە، یەکسەر بگری. بەڵام کەروێشک قیژاندی:

– ئەمە ناکرێ. ئەگەر تۆ پێت نەگیرانەوە، ئەوە هەڵووژەکان دەکەونە زەوی، هەموویان دەفلیقێنەوە.

بۆیە من هەندێک دوور بۆ گیایەکەی ئەو لاوە، هەڵووژەکان دەهاوێم.

ئەوە ڕێوی براخاس چووە ئەوێ کە هەڵووژەکان کۆبکاتەوە، کەروێشک خێرا بەدارەکەدا هاتە خوارەوە، چوو لەناو دارودەوەنی ئەو ناوە خۆی شاردەوە

گوێت لێبە ڕێوی برا خاس! من مەتەڵێکم هەیە.

– دەبیڵێ؟

– ئەمەیە، کەروێشک دەستی بەم گۆرانییە کرد:

باڵندە زلەکان تالآن دەکەن و باڵندە بچکۆلەکان دەجریوێن،
هەنگە زلەکان دەخولێنەوە و مێشە بچووکەکان لە شۆلدان.
ئەو پیاوە گچکەیە پێش هێسترە زلەکەی کەوتووە.
ئەو پیاوە چ دەکات کە سەری لەناو شتێک گیربووە؟

ڕێوی براخاس، سەری خۆی خوراند، نێوچەوانی بلۆقی کرد، ئەو بەدەستی بن باڵی خوراند، بولۆقی نێوچەوانی گەورەتربوو، لەپشتەوە خۆی خوراند، زیاتر خۆی خوراند، نێوچەوانی گرێی زیاتر کەوتێ، هەتا وای لێهات ڕووی ناو ئاژەڵەکانی پێوە نەما.

– ئەمە مەتەڵێکی چاک بوو. کەروێشکی برا وەڵامەکەی چییە؟ ڕێوی پرسی.

کەروێشکی برا سەری لەقاندەوە.

– من باسی ناکەم. بەڵام تۆزێک یارمەتیت دەدەم. بۆ ئەوەی بتوانی ئەم مەتەڵە هەڵبهێنی. ئەگەر هەندێ هەنگوین بخۆی. من هەنگوینی زۆر پێ دەزانم. ڕێوی برا خاس دوای کەروێشک کەوت، چوونە باخچەی ورچەبۆر، لەوێ چەندان سەوەشێر هەنگوین دانرابوو. ئەوەی لە شارە. بەچاکی پەروەردە نەکراوە، هەڵبەتە نازانی وشە چییە، ئەمەیە کە بەشلکەداری دروست کراوە.



بێگومان ڕێوی برا خاس ئەوەندە تامەزرۆی شیرینی نەبوو؛ بەڵام دەیەویست ئەم مەتەڵە هەڵبهێنێ. ئەو تەماشای دەکرد، کەروێشکی براش لە دەوروبەری سەوەشێرەکان دەهات و دەچوو، بەدارێک تاقی دەکردەوە، بزانی کامەیان پڕە.

– ئەمەیان زۆر چاکە. ڕێوی براخاس، سەری خۆت بکە ناوی، ئەوەندەی بۆت دەکرێ، هەنگوین بخۆ.

کەروێشک کوپەکەی بۆ لار کردەوە، ڕێوی براخاسیش سەری لەناو نا، هێشتا هەر ئەوەتە سەری لەناو دانابوو، کەروێشکی برا کوپەکەی بەسەر سەری قولپ کردەوە، بەجۆرێک ڕاست کوپە هەتا سەر ملی هات.

ڕێوی براخاس هەر چەند خۆی هێناو برد، هاواری کرد، بازی دا لوشکەی هاوێشت، سەما و هەڵپەڕی، تکا و پاڕانەوەی کرد کە، سەری لە کوپەکە دەربێتەوە، بۆی نەکرا، هاواری لە کەروێشکی برا کرد کە فریای بکەوێ، بەڵام ئەو فێڵبازە، لە مێژبوو بۆی دەرچووبوو.

دوای مەودایەک، کەروێشکی برا هەستایەوە، لە دوورەوە چاوی بەباپیری ڕێوی برا خاس کەوت، کە پێیان دەگوت، ڕێوبیە بۆر لەناو خەڵکدا.

– ڕۆژباش باپیرە ڕێوبیە بۆر، چۆنی؟ کەروێشک بەئەدەبەوە پێی گوت.

– ئەوەندە باش نیم. باپیرە ڕێوبیە بۆر گوتی؛ خەریکە ددانەکانم دەسوێن.

– شتێکی زۆر ناخۆشە. بەڕاستی زۆرم پێ ناخۆشە. کەروێشک وەڵامی دایەوە؛ ئەوە چۆنە هاتوویتەوە ئەم ناوە؟

– دەزانم بەبێ بەڵای سەری، ئەو برازا دەمچەفتەی منت نەدیوە، وەک بیردەکەمەوە؟

کەروێشکی برا کەوتە خەندەوە:

– ئاوا، بەڵێ دیومە. من و ئەو گرەومان لەسەر مەتەڵێک کرد. ئێستا کە ئەو لە جێگایەک هەوڵ دەدات ئەو مەتەڵە هەڵبهێنێ. دەتەوێ

ئەنجامەکەی ببینی؟ تۆش دەتوانی بەمەزەندە لێکی بدەیتەوە کە دەڵێ:

باڵندە زلەکان تالان دەکەن و باڵندە بچکۆلەکان دەجریوێنن،
هەنگە زلەکان دەخولێنەوە و مێشە بچووکەکان لە شۆڵدان.
ئەو پیاوە گچکەیە پێش هێسترە زلەکەی کەوتووە.
ئەو پیاوە چ دەکات کە سەری لەناو شتێک گیربووە؟

باپیرە ڕێوییە بۆر، قەنەیەکی بۆ تێکرد، سەری خوراند، هەندێ کۆخی. بیری کردەوە و بیری کردەوە و بیری کردەوە، هەندێکی تر خۆی خوراند، بەڵام بەڕاستی وەڵامی نەدایەوە.

کەروێشک پێی پێکەنی و کەوتە گۆرانی وتن:

وەک چۆن باز ڕێوی خوارد، کوپەیەکی گەورە
ئەگەر پیاو سەری لەناو گیربێ، چۆن لێی قوتار دەبێ؟

باپیرە ڕێوی بۆر، قەنەیەکی دیکەی تێکرد، هەندێکی دیکە خۆی خوراند، بیری کردەوە، خۆی خوراند زیاتر و زیاتر، ئەوجا پێکەنی، سەری بۆ لەقاند و بەرەو باخچەی ورچە بۆر بەڕێکەوت.

هات دروست گەیشتە ئەو دەمەی، کە ورچە بۆر خۆی، ڕێوی برا خاسی برازای گرتبوو، دەیهێنا و دەیبرد کە کوپەیەکی بەسەرەوە بوو. بەڵام دروست گەیشتە سەر ورچەبۆر، کە بەحەیزەران ڕێوی برا خاسی دەکوتا، وەک چۆن خوشکە قاز بەدەستکە داری پان جلی شۆراو دەکوتێ... باپیرە ڕێوییە بۆریش زۆری حەز بەدیتنی ئەم دیمە کرد...

## ڕاوەماسی

ئێوارەیەکیان کەروێشکی برا چووە سەردانی کیسەڵ، خەندەی سەر لێوەکانی کەروێشکی برا، ئەوەیان نیشان دەدا کە شتێکی لەژێر سەر دایە، یەکێکیش کە شایستەی برادەری بێت لە دەمی دزیکردن و بەدیکردن، ئەوە بەتەنیا هەر لە شانی کیسەڵ دەوەشێتەوە، ئەو کوڕی هەموو وەختێک بوو!

– من بیرێکم هەیە، کیسەڵی برا.

– شتێک بڵێ کە من نەیزانم.



کەروێشکی برا بزەی هاتێ.

– من بەنیازی ئەوەم، ڕێوی برا خاس، گورگە بۆر، ورچی برا بۆ ئاهەنگی ماسی سبەینێ ئێوارە داوەت بکەم. تۆش دەبێ لەگەڵ بیت، بەو مەرجەی هاوکاری من بکەی، لەوەی من دەیڵێم. تێگەیشتی!؟

کیسەڵی برا سەری بۆ لەقاند.

– ئەگەر من سبەی ئێوارە لەوێ نەبم، ئەوە دیارە لەگەڵ باڵندەیەکەوە هەڵفڕیوم. ئەمەی گوت و پێکەنی.

هەردووکیان دەستی یەکتریان گوشی، ئەوجا کەروێشکی برا چووە ماڵ و پاڵ کەوت، کیسەڵیش دەبوو یەکسەر بکەوێتە ڕێ بۆ سەر دەربەندەکە، تا شەوێ بگاتە ئەوێ. ڕۆژی دوایی کەروێشکی برا پەیامی بۆ هەموو ئاژەڵەکان نارد، هەموویان بۆ ئاهەنگی ماسی داوەت کرد، ڕێوی براخاس چووە لای خانم ئێنگ و خانم پریک ئەوانیش دێن یاخود نا.

هەرکە ئێوارە داهات گورگە بۆر بەخۆی و قولابی ماسی گرتن، هەروەها ورچی براش قولابی ماسی گرتنی هێنابوو. ڕێوی براخاس تۆڕێکی گەورەی ماسیگرتنی پێ بوو، کیسەڵیش لەگەڵ خۆی دانی هێنابوو، بەڵام خانم ئێنگ و خانم پریک هیچیان پێ نەبوو، کەچی چاکترین جلوبەرگیان لەبەرکردبوو.

ورچی برا حەزی دەکرد ڕاوی مار ماسی بکات، گورگەبۆر حەزی لە گرتنی ماسی شەبوت بوو، ڕێوی برا خاسیش ماسی(ئابوڕا)ی ڕاو دەکرد، تاکو بۆ خانمەکان بیکاتە دیاری. کەچی کیسەڵ دەیویست ماسی بێ ئێسک (مۆرت) ڕاو بکات، لەگەڵ چاو تەکاندنێکی بۆ کیسەڵ، کەروێشکی برا پێی گوت؛ ئەو نیازی ڕاوکردنی پیاوی مێشک وشکی هەیە.

هەرکە هەموو ئاژەڵەکان قولابەکانیان ئامادە بوو، کەروێشکی برا چووە پێشەوە، بۆ سەر لێواری دەربەندەکە، تا یەکەم جار داوەکەی خۆی هەڵبدات. ئینجا بۆ دواوە گەڕایەوە، دەستی بەرز گرتبوو، کە داوەکەی ڕاکێشایە دەرەوە، لە پڕ زریکاندی، لە جێی خۆی وەستابوو، چاوی بریبووە

قولابەکەوە کە بەداوەوە لە دەستی دەرچوو، خۆی بۆ خوارەوە شۆڕکردەوە، دیقەتی دایێ و دیقەتی دایێ، نەختێ سەری بۆ خوراند، زیاتر دیقەتی دایێ.

– هەرگیز نابێ وابێت، ئەمەی بەدەنگێکی خنکاو گوت.

خانم ئێنگ هەستی کرد، چاوی بەجارێک کەوتووە، قیژاندی:

– لە ڕێی خودا ئەمە چییە؟

کەروێشک وەڵامی نەدایەوە، بەڵکو بەردەوام بوو لەسەر خوراندنی سەری، تا خۆی وەرسووڕاندەوە:

– خانمەکان، پیاوەکان، ئەمەی گوت؛ وا چاکە قولابەکانمان کۆبکەینەوە بچینە دوکانی ماسی فرۆشی، بۆ خۆمان هەندێ ماسی دەکڕین، لەم دەربەندەدا و بەم شەوە ماسیمان بۆ ڕاو ناکرێ.

کیسەڵ هەڵی دایێ، ڕاست دەکات! زۆر ڕاستە!

– ئێوەش خانمەکان، پێویست ناکات بترسن، ئێمە هەموومان کوڕی ئازا و جەربەزە، دەتوانین ئێوە بپارێزین، دیارە تۆش بەسەرهات دەبینی، بەڵام من تێ ناگەم، بۆ ئێرە وای لێ هاتووە؟

– چییە، چی بووە؟ خانم ئێنگ کە لە خۆی دەرچوو بوو، ڕەنگی پێ نەما بوو؛ پرسی.

– وەرە خۆت تەماشا بکە، ئەوجا دەبینی، مانگ بەربۆتەوە ناو دەربەندەکە!

– ئۆی، ئۆی، ئۆی، ڕێوی براخاس لەگەڵ تەماشاکردنی دەربەندەکە گوتی:

بەڕاستی ناخۆشە! ورچە گوتی. زۆر ترسناکە! خانم ئێنگ قیژاندی.

– پیاو هەرچییەکی بوێ، دەیلێ، کەروێشکی برا گوتی و شانەکانی هەڵتەکاند بەڵام ئەگەر مانگ لە دەربەندەکە دەرنەهێنێ، ئەوە ئەمشەو ئاهەنگی ماسیمان لە کیس دەچێت، ئێوە دەتوانن لە کیسەڵ بپرسن، چونکە ئەو لە هەموومان زۆرتر دەزانی لە ئاو... وایە، ڕاست دەکات، کیسەڵ گوتی.

– باشە ئێمە چۆن بتوانین مانگ لە ئاوەکە هەڵکێشینەوە؟ خانم پریک لە کیسەڵی پرسی.

– کەروێشکی برا چاک ئەمە دەزانی. کەروێشک ڕاست ڕاوەستا بوو، وەک ئەوەی بەقووڵی بیر بکاتەوە.

– ئم، دوای تاوێک ئەمەی گوت؛ ئێمە تۆڕەکەی کیسەڵ بەقەرز وەردەگرین تا مانگی پێ هەڵکێشینەوە.

کەروێشک چوو تۆڕەکە بەقەرز وەرگری، ئەو دوورکەوتبووەوە، کیسەڵ گێڕایەوە، کە باپیرەی جارێکیان بۆی گێڕاوەتەوە، ئەوەی مانگ هەڵکێشێتەوە لەناو ئاوێ، یەک گەنجینەی لەناو ئاوەکە دەست دەکەوێ. ڕێوی برا خاس و گورگەبۆر و ورچە زل ئەمەیان زۆر بەدڵ بوو، ئەوان یەکسەر لە خۆیانەوە کەوتنە تان لە خۆدان؛ کە دەبێ ئەوان کوڕی تەنگانە نەبن، ئەگەر بێڵن کەروێشک مانگ هەڵکێشێتەوە، گەنجینەکە بۆ خۆی ببات. هەرکە کەروێشک گەڕایەوە، ئەوان بەر سنگیان گرت و گوتیان، خۆیان دەیانەوێ تۆڕەکە فرێ دەنە ناو ئاو و مانگ دەربهێنن. لێرە کیسەڵ هێمای بۆ کەروێشک کرد، دوای مشتومڕێکی زۆر، کەروێشک بەنادڵی تۆڕەکەی پێدان.

– ڕێوی براخاس لایەکی گرت و گورگەش لایەکەی دیکە، ورچەش کەوتە دیقەتدانە تۆڕەکە، کە لە هیچ شوێنێک گیر نەبێت، ئەوان تۆڕەکەیان شۆڕکردەوە ناو ئاوەکە و ڕایان کێشایەوە، کەچی هیچ مانگ نەبوو، دیسان دووبارەیان کردەوە، مانگ نەبوو، ئەوان زیاتر چوونە نزیک دەربەندەکە و زیاتر و زیاتر، هەتا ئاو گەیشتە گوێچکەیان، لەو دەمەدا ئاوی قووڵایی دەربەندەکە گێژی خواردەوە و بۆی هەڵچوو، هەموویانی ڕاپێچا... هاوار... هاوار... هاوار... هاوار... ئەوان کەوتنە شڵپە شڵپ هەتا بەچ حاڵ سەرکەوتنەوە و هاتنە کەنار. وەک جلی تەڕ کەوتنە خۆ ڕاوەشاندن، بەدەم لەرزینەوە، چەقە چەقی ددانیان ئەو ناوی پڕ کردبوو.

کەروێشک سەیرێکی کردن و گوتی:
– ئێوە کوڕەکانی تەنگانە، وا چاکە بۆ خۆتان بچنەوە ماڵەوە، خۆتان وشک بکەنەوە، هیوادارم جارێکی دیکە بەختتان یار بێت. من بیستوومە مانگ هەمیشە بەقولابەوە دەبێ ئەگەر پیاو قولابی بۆ هەڵبهاوێ.
ڕێوی وگورگ و ورچە ڕێچکەیان بەست، شەپ شەپ بەڕێ کەوتن، کەروێشک و کیسەڵ و خانم ئێنگ و خانم پێرک بەدوایانەوە بەرەو ماڵ بوونەوە.

## چۆن ورچە زلە کلکی لە دەست دا؟

دوای بەزمی ئاهەنگی ڕاوە ماسی، کەروێشکی برا و کیسەڵ بەیەکەوە بوونە هاوکاری یەکتری. ڕۆژێکیان کەروێشک، چووە ماڵی کیسەڵ بۆ ئەوەی قسەی لەگەڵ بکات، بەلاّم کیسەڵ لە ماڵ نەبوو، ژنی کیسەڵ گوتی؛ ئەوە کیسەڵ چووەتە سەردانی ئامۆزاکەی، ئەوەبوو کەروێشکیش چووە ئەوێ پێکەوە دانیشتن، چیرۆکیان بۆ یەکتری دەگێڕایەوە، کاتێکی زۆر خۆشیان بەسەربرد. بەلاّم ئەو ڕۆژە زۆر گەرم بوو، هەرسێکیان کەوتنە خۆیان، بچنە سەر دەربەندەکە، تا هەندێک فێنک ببنەوە. لەناو ئاوی دەربەندەکەدا، پارچە دارێکی پان هەبوو، کیسەڵ و تۆمی ئامۆزای کەیفی لێ بوو، کە بچن لەسەر ئەو دارەی ناو ئاوەکە خۆ بدەنە بەر هەتاوی. کەروێشکی برا لە کەنارەوە تەماشای دەکردن، ئەوانیش بۆ خۆیان دەیانگوزەراند، لەو دەمەدا ورچە زلە پەیدا بوو.
– سلاّو، کەروێشکی برا. سەیرکە ئەوە کیسەڵ و تۆمی ئامۆزاشی لێرەن.
– دانیشە ورچە زلە، پشووێ بدە، پیاو پێویستە لە ڕۆژی ئاوادا هەندێ خۆی فێنک بکاتەوە.
– ئەوە بۆ تۆ لەگەڵ ئەوان گەمان ناکەی کەروێشکی برا؟ ورچە زلە پرسی.
کەروێشکی برا چاوێکی لەکیسەڵ و ئامۆزاکەی هەڵتەکاند و گوتی:



– من تازە هاتوومەتە دەرێ، ورچە زلە، زۆرم یاری کرد، دەمەوێ هەنوکە خۆم لەو کەنارە وشک بکەمەوە.
– ڕەنگبێ تۆش حەزت لە گەمان بێت ورچە زلە؟ کیسەڵ پێشنیاری بۆ کرد کە خۆی لەسەر پشت لە ناوەڕاستی ئاوەکە پاڵکەوتبوو. ورچە زلە کەوتە پێکەنین.
– کێ؟ ورچە زلە؟ ئەوە تۆ گاڵتە دەکەی! ئەو پێیەکانی زۆر گەورەن، کلکە درێژەکەی نایەڵن ئەو لەسەر ئەم لەتەدارە بۆ خۆی گەمە بکات. هەتا ئەو کاتە ورچە زلە، بەڕاستی کلکێکی درێژ و جوانی هەبوو، یەکسەر بەتووڕەیی کەوتە جوولاندنەوەی.
– ئەم ناماقوڵییە چییە دەیکەی کەروێشکی برا؟ وا دەزانی من دەترسم لەسەر ئەو لەتەدارە خۆم بدەمە بەر ڕۆژی؟ ها؟
بەبێ ئەوەی زیاتری لەسەر بڕوات، ڕاستەوخۆ چووە ناو ئاوەکە و بۆ سەر لەتەدارەکە خۆی فڕێ دا، خۆی گرمۆڵە کرد بوو، کلکی بەناو لاقەکانیدا هاتبووە خوارەوە. لەسەرەتادا هێواش هێواش بزەی دەهاتێ. بەلاّم لە ناکاو بەسەر لەتەدارەکە خزی بۆ ناو ئاوەکە، بەهەموو دەنگی زریکاندی، وەک کەرتە چیایەک بەناو ئاوەکە کەوت، لەگەڵ خۆی ئەوەندەی ئاوی فڕێ دایە دەرەوە، بەشی هەموو هاوینی دەکرد. ورچە زلە بەهانکە هانک لە ئاوەکە هاتە دەرەوە، لێوەکانی بەئەسپایی جوولاندەوە:
– نەمگوت، من ناترسم. ئەمەی گوت و هاتە تەک کەروێشک.
کەروێشکی برا دەستی بۆ درێژ کرد و کە لەپشتەوەی خۆی نابوو گوتی:
– تۆ شتێکت لە بیر چووە! ئەمەی گوت و کلکەکەی دایەوە.
ورچە زلە دەستی بۆ پشتەوەی برد، بەڕاستی خۆ کلکی نەماوە، ئەو لە کاتی خزینەکەی لەسەر تەختەکە کلکی پچڕابوو:
– من لە ماڵەوە دۆنی مریشکانم هەیە. کەروێشکی برا بەپێکەنینەوە؛ دیارە کە بۆ برین زۆر چاکە. ورچە زلە بەبرین و دڵی شکاوی کەوتە گێژاوی ناو ئازار، نازانم ئەوانی دیکەش چییان کردەوە.

## گورگی ناپەسەند و کەروێشکی چاپووک

ماوەیەکی درێژ بوو، ئاژەڵەکان لەگەڵ یەکتری کۆک بوون، خەریک بوو لەم تەباییە بێزار دەبوون. دیار بوو ئەو ماوەیە کەروێشکی برا، کاری بەدیکردنی لە بیر چوو بوو، خۆی و گورگە بۆر زۆر دۆست بوون!

هەموو یەک شەمووان کەروێشکی برا دەچووە سەردانی گورگە بۆر، گورگە بۆریش هەموو جارێ دەچووە سەردانی ئەو. ئەوان ئەوەندە دۆستی یەکتربوون، هەر لە مێشە سەگانە دەچوون، هەرکە پێکەوە لەسەر سەکۆی بەرماڵ دادەنیشتن، دەکەوتنە بنێشت جوین و جگەرەکێشان، بەدەمەوە لەسەر هەموو شتێک دەدوان، بەبێ ئەوەی خۆ لە هیچ وشەیەک بپارێزن. ئەوان یادگارییان بۆ یەکتری دەگێڕایەوە، هەردوو کوڕە گەورەکانیان، گورگە ناپەسەند و کەروێشکە زیتە، لە دەرەوە لەناو باخچە گەمەیان دەکرد هەڵدەپەڕین، چاوشلکانێیان دەکرد... ئەو ماوانە خۆشیان ڕادەبوارد.

– من لە دڵەوە دەگەشێمەوە کە منداڵەکان دەبینم، لەگەڵ یەکتری گەمان دەکەن، گورگەبۆر گوتی؛ دەبێ ئێمەش بۆ ئەو هەموو ساڵانەی تەمەنمان، هەر لێوی خۆمان بکرۆژین، جێگای شانازییە منداڵەکان لە ئێمە بەهۆشترن! هەرکە کاتی ئەوە هات کەروێشکی برا بچێتەوە ماڵ، گورگەبۆر گوتی؛ دەکرێ کەروێشکە زیتە ڕۆژانە بێت لەگەڵ گورگە ناپەسەندی من گەمان بکات؟ ئێمە دەبێ زیاتر هانیان بدەین بۆ دۆستایەتیکردنی یەکتری

کەروێشک ئەوەی پێ خۆش بوو...

گورگەبۆر و ناپەسەند هەتا بەر دەرگا لەگەڵ کەروێشکی برا و کەروێشکە زیتە هاتن، کە ئەوان گەیشتنە شوێنی پێچکردنەوە، دەستیان بۆ یەکتری هەڵشەقاند و کەروێشکی برا گوتی؛ کەروێشکە زیتە بۆ لای گورگە ناپەسند دێت بۆ گەمان!

گورگەبۆر زۆر لەسەر دۆستایەتی و بەهێزکردنی دوابوو، بەڵام ئەمە مانای وانە بوو کە سروشتی گورگایەتی خۆی سڕی بووەوە، یەک و دوو و سێ ئەم سروشتەی تێدا زیندوو ببووەوە، هەرکە خۆی و کوڕەکەی مابوونەوە، بۆ



هاتنەوە ماڵی خۆیان، بەکوڕەکەی گوت: هەرکە کەروێشکە زیتە دیت بۆ گەمان، پێکەوە گەمەی چوونە ناو گونیە بکەن!

– ئەمە چۆنە؟ گورگەبۆر بەسەر سوڕمانەوە؛ دیارە من ئەو گەمەیەم بۆ باس نەکردووی، کە چۆن گەمەی ناو گونیە دەکرێ؟ دەبێ من باوکت نەبم بۆم باس نەکردووی! تۆ خۆت لەناو گونیە دەنێی و کەروێشکە زیتە بەم لاو بەو لات ڕادەکێشێ، دوای ئەو دەچێتە ناو گونیەکەوە تۆ ڕایدەکێشێ... هەمووی ئەوەیە!

کە کەروێشکە زیتە بەڕۆژ دەهاتە لای گورگە ناپەسند، پێکەوە گەمەی چوونە ناو گونیە یان دەکرد، زۆریان پێ خۆش بوو، بەڵام کەروێشکە زیتە هەندێ گەمژە بوو، چونکە گورگە ناپەسندی بەسەر بەداروبەرد ڕاکێشا، بەجۆرێک گورگە ناپەسەندی لێ کەوتە گلەیی؛ کە ئازاری داوە، ئەوجا کەروێشکە زیتە بەڵێنی داێی کە دووبارەی نەکاتەوە، دووبارە کەوتنەوە یاریکردن.

کەروێشکە زیتە لە ماڵەوە بۆ باوکی گێڕایەوە کە چەند خۆشیان بەسەر بردووە، لەوەی گەمەی گونیەیان کردووە. کەروێشکی برا گوێی بۆ گرتبوو، بیری لێ دەکردەوە، بەڵام وشەیەکی نەگوت. بەڵام کە گورگە ناپەسەند بۆ باوکی گێڕایەوە، کە گەمەکە زۆر خۆش بوو، گورگەبۆر وەک خەو ببینێ، لێوی خۆی لێستەوە.

– ئەم گەمەیە، بەدوایەوە دێت، پێکەنی، کە پێی دەگوترێ دەرگای گونیە بەستن.

بۆ جاری دی کە کەروێشکە زیتە لەگەڵ گورگە ناپەسەند گەمەی چوونە ناو گونیەیان تەواو کرد، گورگە ناپەسەند پێشنیاری ئەوەی کرد کە ئەوجا گەمەی دەرکە بەستنی گونیە بکەن.

هیچ یەکێک لە منداڵەکان ئاگادار نەبوون، کەروێشکی برا لەو ناوە خۆی دانووساندبوو، هەرکە گوێی لە پێشنیاری گورگە ناپەسەند بوو، هاتە دەرەوە و بانگی کەروێشکە زیتەی کرد؛

– تۆ دەبێ زوو بچیتە ماڵێ. کە نۆبەتی گورگە ناپەسەندی هات چووە ناو گونیەکە، گونیەکەی لەسەر گرێدە و ڕاکە بۆ ماڵەوە، دەبێ یارمەتی دایکت بدەی.

ئەوەبوو کەروێشکی برا ڕۆیشت، هەردوو منداڵەکە کەوتنە گەمەی خۆیان، یەکەم جار گورگە ناپەسەند، کەروێشکە زیتەی لەناو گونیە نا و بۆ مەودایەک دواتر نۆبەتی خۆی هات، کەروێشکە زیتە وەک باوکی گوتی، گورگە ناپەسەندی لەناو گونیەکە نا و دەرکەی قایم گرێ دا و گوتی:

– من ئەوە هەتا ماڵەوە دەچمەوە، زوو دەگەڕێمەوە، ئەو دەمە دەرکت بۆ دەکەمەوە!

کەروێشکە زیتە بزر بوو، ئێوارە داهاتبوو، گورگەبۆر لە کاری سەر کێڵگە گەڕایەوە، چاوی بەگونیە دەرک بەستراوەکە کەوت، بزەی هاتێ. زۆری پێ خۆش بوو، لەدڵی خۆیدا کوڕەکەی شاباش کرد؛ دیارە گورگە ناپەسەند ماندوو بووە، بۆ خۆی چووە لە ماڵەوە بخەوێ. گورگەبۆر گونیەکەی بەملی دادا، لەبەر دەرگا بەژنەکەی گوت:

– ژنەکە ئاوی ناو مەنجەڵەکە دەکوڵێ؟

– بەڵێ لەسەر ئاگرییە بەر لەوەی یەکێک لەو ناوە چرپەیەک بکات، گورگە بۆر، گونیەکەی لەناو ئەو مەنجەڵە پڕ لە ئاوی گەرم بەتاڵ کرد!

## کەروێشکی برا پارەکان بۆ خۆی دەبا

کەروێشک بۆ ماڵەوە دەهاتەوە، لەناوەڕاستی ڕێگا تووشی مام زۆراب بوو، کە بەسواری عارەبانەیەکی پڕ لە پارە دەچووە شاری. بەڵام ئەو زۆرابە نەبوو، کە کەروێشکی برا بەباخچەکەی فێر بوو. ئەو زەمانە ئاژەڵەکان بەهەموو ئادەمیزادێکیان دەگوت، (هێرمان) زۆراب دەچووە شاری، تا پارەکانی لە بانک دابنێ، ئەو ساڵە بەختی یار بوو، چونکە پارەیەکی زۆری لا کۆببووەوە، چاکی بۆ هاتبوو، مام زۆراب خاوەنی نێوچەوانی بڵند، چاوی تیژ، پەنجەی درێژ بوو.

هەر کە کەروێشک چاوی بەم هەموو پارەیە کەوت، مام زۆراب لەناو



عارەبانەی داناوە، ئاوڕی لە پشتەوەی خۆی داوە، هیچ عارەبانەیەکی بەدوای خۆیەوە نەدیت، کە پارەی تێدا بێت. ئەمەی بەناڕەوا زانی. دەبوو هەموو پارەکان بۆ ئەو بێت، نەک مام زۆراب! ئەوە بوو زۆراب بەعارەبانەکەوە، گەیشتە ئاست کەروێشکی براوە، کەروێشک زریکاندی:

– هۆپ، هۆپ مام زۆراب! منیش دەمەوێ لەگەڵت سواربم. زۆراب وەستا.

– ئەوجا ئەوە تۆ خۆت لە شار دەگەڕێیتەوە، بۆ دەتەوێ لەگەڵ من سوار بیت؟ دیارە ئێمە ڕێگامان بەپێچەوانەی یەکترییە! کەروێشکی برا بەبەپێکەنینەوە وەڵامی دایەوە:

– من لەو پیاوە بەسالاچووانەم، گوێ بەوە نادەم، لە کوێ و بۆ کوێ دەچم، تەنیا مەبەستم سواربوونە.

زۆراب پێی گوت، وەرە لەلای من سواربە، بەڵام کەروێشکی برا گوتی، من لەپێشەوە دڵم هەڵدەچێ. یەکسەر بازی دایە پشتەوە ناو عارەبانەکە.

زۆراب (گا) جڵەوکراوەکەی لێخوڕی، ڕێگاکە هەموو قۆرت و کەندەڕ بوو، بەرەو لێژی بوو، زۆراب ناچار بوو، بەچاکی ئاگای لە(گا)یەکە بێت. کەروێشکی براش لەپشتەوە کەوتە بەردانەی کیسەی پڕ پارە، کە کیسە بەعەردی دەکەوت، ئەو لە جێی خۆیەوە، دەیزریکاند: ئای!

– چییە؟ زۆراب لە کەروێشکی پرسی.

– هیچ نییە. عارەبانەکە تاسەی کرد، خەریک بوو ئەژنۆم بشکێ.

کەروێشکی برا کیسەی دیکەی بەردایەوە، هەر کە کیسەکان دەکەوتنە عەردی، دەیزریکاند! ئاخ!

– چییە دیسان کەروێشکی برا؟

– هیچ نییە. من تەنیا دنکە برێشکەیەکم شکاند!

کەروێشکی برا بەردەوام کیسەکانی فڕێ دەدا، هەتا عارەبانەکەی بەتاڵ کرد. کە لە شار نزیک بوونەوە، زۆراب ئاوڕێکی دایەوە، هەرئەوەندە مابوو ببووریتەوە.

– پارەکانم چییان بەسەر هاتووە؟ پارەکانم بۆ کوێ چوون؟ کا پارەکانم؟ پارە جوانەکانم؟پارەکانم چی لێ هات؟ کەروێشکی برا؟ کەروێشکی برا! سەیرێکی ناو عارەبانەکەی کرد، وەک ئەوەی کە تازە پێی زانیبێ، زۆراب هەستایە سەر پێیان و کەوتە قیرە قیڕ و هاوارکردن و قژ ڕناندنەوەی خۆی. کەروێشکی برا، سەری هێنا و برد:

– ئەگەر یەکێک هەنوکە بەو ناوەدا تێپەڕێت، دەڵێ ئەو کابرایە شێت بووە؟ کەروێشک ئەمەی گوت، ڕاست بازی دایە خوارەوە.

– کاتی ئەوە هاتووە بچمە ڕێگای خۆم. چونکە چیتر تاقەتم نەماوە لەگەڵ تۆ بەردەوام بم، دوایی دەکەوییە بەسکاڵاکردن لەمن، کە پارەکانم بردووە. بەڵام بەهەر حاڵ من سوپاست دەکەم کە ئەوەندە سوارت کردم.

کەروێشکی برا بەرەو دواوە گەڕایەوە، بێگومان لە ڕێگا هەموو کیسە پارەکانی هەڵگرتەوە.

ئەوەی من تێی بگەم، باش بوو هەر عارەبانە و (گا)یەکەشی لە زۆراب نەستاندووە!

## ئەو لانکەی نا هەژێتەوە!

مـام زۆراب ئەوەندە لەکەلەکی کەروێشکی برا پەست بوو، کە هەر نەبێتەوە، بۆیە کەوتبووە دروستکردنی یەک تەلەی تایبەتی، تا بتوانێ بەیەکجاری کەروێشکی برا لە کۆڵ خۆی بکاتەوە. ئەو ڕۆژگارە خەڵک ئەوەندە لە دارتاشی نەدەزانی، چونکە ئەم هونەرە، تازە بابەت بوو، بەڕاستی پیشەیەک بوو، گاڵتەی لەگەڵ نەدەکرا، بۆیە زۆراب تەلەیەکی گەورەی، فۆرمی سەندوقێکی وەک عەمبار دروست کرد، تا کەروێشکی برای پێ بگرێت. زۆراب خەریکی ئەو کارە بوو، هەر سوێندی دەخوارد، بەشێوەیەک کەروێشک تامەزرۆی ئەوە ببوو، تا بزانێ زۆراب چی لەژێر سەری دایە، بەڵام تێ نەدەگەیشت زۆراب مەبەستی چییە، هەر بۆیەش بۆ دڵنیابوون، هەمیشە چاوێکی لە زۆراب بوو، زۆراب لەگەڵ دارتاشییەکەی خەریک بوو، تا ئەو تەلەیەی تەواو کرد لە دارستان دایناوە، کەروێشکی



برا بەپەنا دزە، ئەو تەلەیەی دیت. زۆراب لەگەڵ دانانی سەندووقەکە، بزەیەکی دڵخۆشانەی هاتێ و گەڕایەوە، کە لە هەمان کاتدا کەروێشکی براش هەر بزەی هاتێ. بەڵام هەنوکە ئەو پرۆبلیمێکی بۆ هاتووەتە پێشەوە، دەبێ سەرقاپەیەک بۆ سندوقەکە پەیدا بکات، تا ئەوەی دەکەوێتە ناوی ئەوەندە نیگەران نەبی!

کەروێشکی برا کەوتە ڕێ، دوای مەودایەک ڕووبەڕووی گورگەبۆر بووەوە، دوای سڵاوکردن و لە یەکتری پرسین، کەروێشکی برا گوتی، زۆر بێ تاقەتە، گورگەبۆر هۆی ئەم بێ تاقەتیەی لێ پرسی.

– شتێک نییە کە پیاو خۆی پێوە خەریک بکات. من هەست دەکەم، تەواو بوومە.

گورگەبۆر چاوەکانی ڕۆشن بوونەوە، ددانەکانی بەجیرە جیر کەوتن. بەڵام بەسەر خۆی نەهێنا، بەڵکو بەتەواوی خۆی لە کەروێشک خۆش کرد.

– من هەرگیز تۆم نەدیتوە، ئاوا بەم شێوەیە بپەیڤی! کەروێشکی برا. بۆمی باس بکە چییە! ڕەنگبێ بتوانم شتێ بەشتێ بکەم بۆت! ئامادەم یارمەتیت بدەم، لەناوەندی دڵمەوە. گورگە ئەمەی گوت و بزەیەکی هاتێ، وەک ئەوەی لووتی خۆی بخورێنێ. کەروێشکی برا چاک لە مەبەستی گورگەبۆر گەیشت، بەڵام بەسەر خۆی نەهێنا:

– ماڵت ئاوا، گورگە مادام وایە بۆتی دەگێڕمەوە؛ تۆش ڕای خۆتم پێ بڵێ. من لەلای مام زۆراب دامەزراوم، تا بەشەوان پاسەوانی باخچەکەی بکەم (سەوزەوات)، نەوەک ئاژەڵە چاوچنۆکەکان بەشەو بێنە ناوی. ئێستا زۆراب زۆر منی بەدڵە، هەر بەوەندە نەوەستاوە، بەتێر خواردنی سەوزەوات خەڵاتم بکات، بەڵکو گەرەکیەتی لانکێکم بۆ ساز بکات، کە دیاری بێت بۆ بێچووەکەم. ئەم بەیانییە ئەمەی پێشکەشی کردم، بەڵام ئەوەندە قورس و گەورەیە، ناچاربووم جارێ، لەناو دارستان بەجێی بهێڵم. بەڕاستی نازانم چۆنی بگەینمە ماڵەوە!

گورگەبۆر هەندێک چاوچنۆکانە چاوی تروکاند، ژنەکەی تازە پرتەپرتی

بەسەردا کردووە، کە لانکێک بۆ بێچووەکەیان ساز بکات.

– ژنەکەی من داوای لانکێکی تازە بابەتم لێ دەکات.

– بەڵێ ئەو لانکە مۆدێرنە، خۆ بەڕاستیش من ئەوەندە پێویستیم پێی نییە. من هەر بۆ ئەوە وەرمگرت، تا نەڵێ پیاوێکی چاکە ڕەتکەرەوەیە. چونکە زۆراب خۆی بەتایبەتی ئەمەی بۆ دروست کردووم.

– ئاوا، مادام تۆ پێویستیت پێی نییە، ئەوە من بۆ خۆمانی دەبەمەوە. کەروێشک هەندێک کەوتە بیرکردنەوە و گوتی:

– ئەوجا بۆ نا! ئەو لانکە گەورەیە هەر بەکەڵکی بێچووی ئێمە نایەت، ڕەنگبێ دروست پڕ بەپێستی بێچووی ئێوە بێت.

ئەوەبوو کەروێشکی برا، گورگە بۆری لەگەڵ خۆی بردە سەر تەلەی زۆراب:

– ئەمەتە ئەمەیە.

گورگە بۆر بەدەوریدا سووڕایەوە.

– ئەوە چییە لەناوی؟

– ئەوە مۆدێلی تازەیە! کە تازە بابەتە! هێشتا کەس نەیدیتووە!

گورگەبۆرە خۆی خزاندە ژێرەوە تا بنەکەی ببینێ، تەڵەکە تەقییەوە! کەروێشکی برا بۆی کەوتە سەر گازی پشت، یەکسەر خۆی لەو ناوە شاردەوە، کە دیتی ئەوە زۆراب بۆ لای تەڵەکە بەڕێوەیە.

زۆراب لە میانی درزەکان سەیری کرد، کەوتە دەست لەیەک خشاندن:

– هەنوکە کەوتیە چنگم بەیەکجاری. گیرای و دەرچوونت بۆ نییە.

– کێت گرتووە؟ گورگە بۆر بەدەنگێکی نووساو لەناو سندووقەکەوە؛ بۆ تۆ وا دەزانی کێت گرتووە؟

– من هیچ کەسم نەگرتووە! دەزانم! ئەوە هەر کەروێشکی برایە، کەسی دیکە نا!

– من بەردە، ئەوجا دەزانی کێت گرتووە.

زۆراب بەدەم پێکەنینەوە:



– پێویست بەخەیاڵ پڵاوی ناکات، چیتر ناتوانی بەدەنگ گۆڕینی خۆت، من لە خشتە ببەی! کەروێشکی برا.

– من کەروێشکی برا نیم.

زۆراب لەنێوان درزەکانەوە سەیرێکی دیکەی، ناو سندووقەکەی کردەوە، چاوی بەگوێچکەیەکی کورت کەوت.

– ئەوە دیارە گوێچکەکانت کورت کردووەتەوە، بەڵام من هەر دەتناسمەوە، دەبینم ددانەکانت تیژ کردووەتەوە، بەمەش منت پێ لە خشتە نابردرێ!

– کەس نایەوێ تۆ لە خشتە ببات، بەڕاستی من کەروێشکی برا نیم، سەیری کلکە پتەوەکەم بکە، دەزانی من کێم.

– ئم ئم، دیارە تۆ کلک پتەوێکت داوەت کردووەتە ئێرە، بەڵام بەهەر شێوەیەک بێت، تۆ ناتوانی کڵاوم لەسەر بنێی، کەروێشکی برا.

– من گەرەکم نییە کڵاوت لەسەر بنێم. سەیری پێستەکەم و پشتم بکە، کە هیچ بەکەروێشکی برا ناچن، وا نییە؟

– نا، نا، ڕەنگبێ بۆ خۆت لەناو زیخ و لم گەوزی بووی، بەڵام تۆ هەر کەروێشکی برای.

– تەماشای پێیە ڕەشەکانم بکە... ئەمانە کەی پێی کەروێشکی بران!

– نا، نا، دیارە خۆت لە ڕەشکاو نایە، بۆ ئەوەی من بخەڵەتێنی!

ئێستا گورگەبۆر بەیەکجاری لە داخان دەبووڕایەوە، بەدەنگێکی کز:

– سەیری چا... وە... کانم بکە. کەی کەر... وێشک چاوی... شینی هەیە؟

– هەر چاوی خۆتم پێ نیشان بدە، بۆ من گرنگ نییە هەر کێ بێت.

– ناتوانی کڵاوم لەسەر بنێی!

– من کەروێشکی برا نیم! من ئەو نیم!

– باشتر وایە من بەرەڵڵا بکەی، تا ببیستی، من چۆن کەروێشکی برا کەوڵ دەکەم، هەر بەدەستەکانی خۆم!!

مـام زۆراب پێکەنی و پێکەنی، گـورگەبۆریش وەک منداڵان کـەوتبـووە هۆڕە هۆڕی گریان.

## کەروێشکی برا یارمەتیدەرە

ئێوارەکیان ڕێوی برا خاس لە شار بۆ ماڵەوە دەهاتەوە، چاوی بەکیسەڵی برا کـەوت، بیـری کـردەوە، ئەمـە دەرفـەتێکی زۆر چاکـە، بەڵکو کـڵاوێک لەسەر ئەو دۆستـەی کـەروێشکی برا بنێ. زۆری نەمابوو، بگاتەوە ماڵێ، دەستی بەڕاکردن کرد، تا گونییەیەک لە ماڵەوە بهێنێ، چونکە دەیزانی کە کیسـەڵ هەر دەتوانێ چەند مـەترێک لەو شوێنە دوورکـەوێتـەوە. ڕێوی برا خاس، بەپێچەوانەی ئاژەڵەکانی دیکە، بەبێ ئەوەی سڵاو بکات، یەکسەر بەپرتە پرت کیسـەڵی هەڵگرت و خستـیە ناو گونیەکەوە. کیسـەڵ کەوتە زریکە زریک، خـۆڕاتەکـاندن و پرتە پرت، بەڵام ڕێوی برا خـاس دەمی کیسەکەی گرێ دا و بەرەو ماڵ بەشانی دادا.

کـەروێشکی براش لەو دەمی خـەریکی ئەوە بوو بەخـشکەیی، خـۆی لە کێڵگەی کاڵەک و شووتییەکەی ڕێوی بـرا خاس بدات، هەر لەبەر خۆیەوە دەیگوت؛ چۆن هەندێکیان بخۆم! گوێی لە دەنگی ڕێوی برا خاس بوو، کە بەدەم ڕێگاوە، پڕ بەقـورگی گـۆرانی دەگـوت، یەکـسـەر خـۆی هاوێشـتـە قۆرتێکەوە، تا کەس نەیبینێ.

– دەبێ ئەو کیسەیە چی تێدابێت، کەوا ڕێوی برا خاس بەشانی خۆیدا داوە؟ کـەروێشک بیـری لێ کـردەوە. هەر بیـری لێ کـردەوە و زیاتر بیـری کردەوە، هیچی بۆ ساغ نەبووەوە. بەڵام ئەو شتێکی دەزانی: کە ڕێوی برا خـاس هەروا بەخـۆڕایی، بەدەم ڕێگاوە گـۆرانی ناڵێت، شـتێک بەکـوڵی هەڵناگرێ، ئەگەر نەزانێ ئەمە چییە!

کـەروێشک بەدوایەوە، زیاتر چووە پێـشـەوە، تا گـەیشـتـە بەردەم خانووەکەی ڕێوی:

– ڕێوی برا خاس! هاواری کرد؛ زووکە ڕێوی برا خاس! خەڵکێکی زۆر ڕژاونەتە ناو کێڵگەی شووتی و کاڵەکەکەت، هەموو شتڵەکانیان لەژێر



پێیان ڕزاندەوە، وەک ئەوەی کەوتوونەتە پیاسەکردنی ڕۆژی یەکشەمووان!

من لە ڕێگاوە هەوڵم دا، بەڵام هەڵبەتە کێ گوێ بەقسەی من دەدات وا چاکە خۆت فریا بکەوی!

ئەوە بوو ڕێوی برا خـاس، بای غـاریی دایێ، کەروێشک بەحریتە حریت چووە ژوورەوە، گـونیـەکـەی لە قوژبنێک دیتەوە، کـە هەڵی گـرت زانی چی تێدایە.

– ڕزگـارم کـە. گـوێی لە دەنگێک بوو لەناو گـونیـەکەوە؛ ڕزگـارم بکە! گوێت لێیە چی دەڵێم؟

کـەروێشکی برا گـونیـەکـەی بەر دا و بازێکی بۆ پشـتـەوە دا، ئەوجـا بەپێکەنینەوە:

– لەم دنیـایە تەنیـا یەکـێک هەیە، کـە زریکە زریک بکات، ئەویش کیسەڵە!

– ئەوە تۆی کەروێشکی برا؟

– بەڵێ ئەوە منم کە بەم بەیانییە پەیدا بووم.

– دەرم بێنە، قـورگم پڕی تۆز و خـۆڵ بووە، چاوم زیخی تێ چووە، چیتـر هەناسەم پێ نادرێ.

کەروێشکی براش دەرم بێنە!

– شـتـێک هەیە پێم بڵێ، کـیسـەڵ؟ ئەوە تۆ چۆن کـەوتوویتـە ناو ئەو گونیەوە، لەڕای خوا پێم ناڵێی چۆن لە ژوورەوە دەمی گونیەکەت گرێداوە؟

کیسەڵ ئەوەندە (گوراحی) خۆش نەبوو، گوێ لە گاڵتەی کەروێشکی برا بگرێ.

– ئەگەر تۆ ئازادم نەکەی، بۆ ژنەکەت دەگێڕمەوە، کە تۆ ڕۆژانە دەچیتە لای خانم ئێنگ و کچەکانی.

کەروێشکی برا خێرا دەمی گونیەکەی کردەوە، کیسەڵی هێنایە دەرەوە، بردی لەناو دارستـان بەرەڵڵای کرد. دوایی خۆی وانیشـان دا، کە بەدوای شتێکدا دەگەڕێ.

– ئەوە لە چی دەگەڕێی؟
– ئەوەتە یەکێک! کەروێشکی برا هاواری کرد.

زەنگەسۆرەیەکی لەناو کونە دارێک دەرهێنا، لەگەڵ چەند گەڵایەکی وشک، هەموو زەنگەسۆرەکانی ناو کونی دارەکەی دەرهێنا، خستیە ناو گونیەکەوە دەمی گونیەکەی گرێ دا، کەوتە شەق و شۆلاق لە گونیەکە هەڵی دەگرت و بەعەردیدا دەدا، بەسەر سەری خۆی چەند جارێک گونیەکەی سووڕاندەوە. هەتا زەنگە سۆرەکان هار بن، ئەوجا ڕاست چوو، گونیەکەی لە هەمان قوژبن دانایەوە، غاری دایەوە ناو دارستانەکە، لەگەڵ کیسەڵ خۆیان شاردەوە. دوای چەند خولەکێک، ڕێوی برا خاس تووڕەیی لێ دەباری، بەرەو ماڵەوە جرت و فرتی بوو! کەروێشک و کیسەڵ چاوەڕوان بوون. لەناکاو گوێیان لە کورسی بەسەریەک دادان بوو، پەردە داماڵاندن. مێز شکاندن، وەک ئەوەی یەکێک گاڕانێک چێڵ و مانگای بەردابیتە ژوورەوە.

دوایی ڕێوی برا خاس، بەهەڵەداوان بەدەرگاوە هاتە دەرەوە، بەبێ ئەوەی دەرگای ماڵەوە پێوە بداتەوە، هەموو گیانی زەنگەسۆرەی لێ ئالابوو!

ئەو ڕۆژە ڕێوی برا خاس، یەک وانەی فێربوونی وەرگرت، لە ئازار و ئەشکەنجە.

## دەنگێکی گەورە لە دارستاندا

ڕۆژێکیان کەروێشکی برا، هەروا بۆ خۆی لەناو دارستان پیاسەی دەکرد، گوێی لە دەنگی ئەو دارانە بوو، کە هێرمان دەیبڕینەوە، دارەکان کە بەعەردی دەکەوتن، قرچ و هۆریان ئەو ناوەی پڕ کردبوو، کەروێشک هەڵوەستەی کرد، گوێی بۆ گرت، لە ناکاودا، تاپ، تاپ، تاپ! کەروێشک چەند جارێک، بەرەو ئاسمان لە خۆی هەڵدا و دەکەوتە سەر پێیان. بێگومان ئەو دانی بەوە دانەنا کە ترساوە، بەڵام زۆر لە ئێمەش تووشی ئەو ترسە دەبێ، کە برووسکە دەگرمێنێ، لەگەڵ ئەوەش ئێمە دەزانین کە گرمە گرم جێگای ترس نییە، بەهەمان ڕەنگ کەروێشکیش هەروا بوو. ئەو خۆی



بەترسەوە کەوتە ڕاکردن، کە گوێی لەم دەنگە زلانە بوو.

ڕای کرد و ڕای کرد و ڕای کرد، هەتا هەناسە برکێی پێ کەوتبوو، لە بای غارێدا تووشی ورچە جل شۆڕ بوو.

– ئەوە بۆ ڕادەکەی، کەروێشکی برا؟
– من ناتوانم بوەستم، دەبێ لەو ناوە بەغاردان بڕۆم.
– بۆ کەس لە خێزانەکەتان نەخۆشە؟
– نا... خوانەکاتن. بەڵام دەبێ هەڵێم!
– ئاخر بۆ چی بووە؟
– گوێم لە گرمەیەکی گەورە بوو، لەوێ لەناو دارستانەکەوە. بۆیە دەبێ هەر بەغار هەڵێم!

ورچە جل شۆڕ لە ماڵەوە زۆر دوور بوو، هەندێ ڕاچڵەکی و کەوتە ڕاکردن. بەڵام زۆری غار نەدابوو، تووشی ڕێوی براخاس بوو.

– برام، ورچە جل شۆڕ، ئەوە چییە بۆ ڕادەکەی!
– دەبێ ڕا بکەم!
– بۆ کەس لە ماڵەوە نەخۆشە؟
– نا... خوانەکاتن. بەڵام من دەبێ غار بدەم!
– بۆچی، چی بووە؟
– گرمەیەکی زۆر سەیر لەوێ، لەو دارستانە هاتووە، دەبێ بەغار هەڵێم.

ئەوجا ڕێوی برا خاسیش ملی بەغار وەنا، بەڵام زۆر نەبەزیبوو، ڕووبەڕووی گورگە بۆر بووەوە!

– ڕێوی برا خاس! ڕاوەستە، هەندێ پشوو بدە!
– دەبێ ڕا بکەم!
– بۆ کەس لە ماڵەوە نەخۆشە؟
– نا... خوانەکاتن. بەڵام من دەبێ بەغار هەڵێم!
– پێم بڵێ، چی بووە، شتێکی (هەواڵێکی) چاک یان خراپە؟
– گرمەیەکی زۆر ترسناک لەناو دارستان ڕووی داوە. بەڵام دەبێ من

هەر هەڵێم!

گورگە بۆریش دایە قۆشمە و بزر بوو، بەڵام هەر زوو لەگەڵ ورچە زلە تووشی یەکتر بوون. ورچە زلە: چییە بۆ ڕادەکەی؟ گورگەبۆر، بۆی گێڕایەوە، کە گرمەیەکی ترسناک هاتووە. ورچە زلە بەڕاستی گەورە و گران بوو، بەڵام لەو تاوەدا ئەوەی لەبیر نەماوە، کەوتە لۆقە لۆق، زەوی لەبەر پێیەکانی دەلەرزیەوە.

پاش ماوەیەک تێکرای ئاژەڵەکان کەوتنە غاردان، وەک ئەوەی مەرگ بەدوایانەوە بێت.

زۆریان غاردا، هەتا تووشی کیسەڵ بوون... لەوێ هەموو هەناسەبرکێ ببوون، وەستان تا پشوویان بێتەوە بەرێ. کیسەڵ بێ گومان دەیزانی مەسەلە چییە.

– گرمەیەکی گەورە و ترسناک لەناو دارستان هاتووە. ڕێوی برا خاس گوتی.

– بەڕاستیتە، ئەم گرمەیە چۆن بوو؟ هیچ یەکێک لە ئاژەڵەکان خۆی گوێی لێ نەببوو.

– کێ لە ئێوە گوێی لێ بووە؟ کیسەڵ لێیانی پرسی.

هەموو سەیری یەکتریان کرد، خێرا تێگەیشتن کە کەسیان شتێکی گوێ لێ نەبووە.

– من داوای بووردن دەکەم، بەڕێزان، کیسەڵ لەبن سمێڵان پێ دەکەنی؛ بەڵام نابێ نان خواردنی بەیانی لە دەست خۆم بدەم. ئەمەی گوت و بۆی دەرچوو.

ئاژەڵەکان لەناو خۆیان کەوتنە گفتوگۆ، لەسەر ئەم مەسەلەیە، دوای تاوێک پێیان سەیر نەبوو کە زانییان، ئەوە کەروێشکی برا، ئەم دەنگە ترسناکەی بڵاوکردۆتەوە.

هەموو لەسەر ئەوە کۆک بوون، کە بچنە ماڵەکەی کەروێشک، ئەو ڕۆژەش خۆر بەدەرەوە بوو، کەروێشکی برا خۆی دابووە بەر هەتاوی،



ئا (سوله) بکات.

– ئەوە بۆ تۆ دەخوازی کڵاومان لەسەر بنێی، تا هەموو وەک شێتان غار بدەین؟

– کڵاوم لەسەر کێ ناوە، ورچە زلە؟

– لەسەر من، کەروێشکی برا! من نەوەک یەکێکی دیکە!

– من هەتا هەنوکە ئەوە چەند ماوەیەکە تۆم نەدیوە، ورچە زلە. لێرەدا ورچە جل شۆڕ خۆی هەڵی دایێ:

– تووشی من هاتووی ئەمڕۆ، کڵاوت لەسەر من ناوە!

– من چۆن کڵاوم لەسەر تۆ ناوە؟

– تۆ وات پیشان دا کە گوێت لە گرمەیەکی زۆر گەورە بوو، لەناو دارستاندا.

– من وام پێشان نەداوە، بەڵکو گرمەیەکی لە ناکاو ڕووی داوە.

– ئەو گرمە کەی و لە کوێ بوو؟ ورچە جل شۆڕ پرسی.

کەروێشک بزەیەکی هاتێ و گوتی: ورچە جل شۆڕ دەبێ تۆ ئاگاداری خۆت بیت، ئەوە هێرمان بوو، داری دەخست. ئەگەر تەنیا تۆ بتپرسییایە، هەڵبەتە من بۆم باس دەکردی.

کەروێشک بەخەندەوە خۆی وەرگێڕا، لەبەرامبەر خۆردا چاوی نوقاند.

## کەروێشکی برا دەکەوێتە سەر گۆشتێکی زۆرەوە

ماوەیەک بوو کەروێشکی برا حەزی لە گۆشت بوو، هەروەها گورگەبۆریش بەدوای گۆشت عەودال بوو، بۆیە هەردووکیان پێکەوە چێڵێکیان لە خرتۆکی وەردا و کوشتیانەوە، بەبێ ئەوەی ئەو چێڵە هی خۆیان بێت.

هەر کە هاتنە سەر ئەوەی گۆشتەکە لەنێوان خۆیان دابەش بکەن، گورگەبۆر بیری لەوە کردەوە، کەروێشکی برا لە خشتەی نەبات.

– من لە تۆ گەورەترم، دەبێ بەشی هەرە زۆر بۆ من بێت. گورگە گوتی.

ئەوجا کێردی گۆشت وردکردنی دەرهێنا و کەوتە شەقوپەقکردنی گۆشتی چێڵەکەوە... دیارە ئەوە بەدڵی کەروێشکی برا نەبوو، چونکە وای مەزەندە کرد کە گورگەبۆری برا خەریکە دەست بەسەر هەموو گۆشتەکەدا بگرێ. بۆیە لەســەرەتاوە، کــەروێشکی برا ســوورێکی بەدەوری کــەلەشی چێــڵــەکــە خواردەوە، ئەوجا کەوتە بۆنکردنی گۆشتەکە.

– بۆچی پێت وایە ئەو گۆشتە بۆنی ئاساییە؟ کەروێشکی برا پرسی.

گورگەبۆری برا کە خەریکی گۆشت برین بوو، ئەو پەیڤانەی کەروێشکی برای نەچووە مێشک و لە مەبەستەکەی گەیشت و گوتی:

– بۆنی گۆشتی ئاساییە، گۆشتێکی تەڕ و ناسک.

کەروێشکی برا یەک خولی دیکەی بەدەوری کەلەشی چێڵەکە خواردەوە، ئەوجا سەرەسمێکی لە گۆشتەکەدا و گوتی:

– سەیرکە چەند شل و خاو و لیچە؟

– من وا دەزانم گۆشتیکی تەواوە و عەیبی نییە.

لێرەدا کەروێشکی برا بەتووڕەبوونەوە گوتی:

– من گەرەکمە وەک دۆستێک ئاگادارت بکەمەوە، دەنا ئارەزووی خۆتە کە دەتەوێ بەو گۆشتە بمری، بەلاَم دیارە بەلاتەوە گرنگ نییە. کەروێشکی برا ئەوەی گوت و بەبازێک ملی ڕێگای گرت.

دوای تاوێک، کــەروێشکی برا بەخــۆی هەندێ خــەڵووز و قــاپێک خێ هاتەوە.

– دەتەوێ چ بکەی؟ گورگە بۆری برا بەگومانەوە پرسی.

– من نامەوێ بەشی خۆم بۆ مالَەوە بەرمەوە، پێش ئەوەی لەوە دڵنیـابم کە ئەو گۆشتە تەواوە.

ئیتر کەروێشکی برا ئاگرێکی کردەوە، پارچەیەکی لە گۆشتی نەرمە بڕی و کــەوتە برژاندنی، هەتاکــو بەتەواوی برژا، ئەوجــا بۆنی کــرد و کــەوتە تامکردنی و جوینی.

– من بەهەڵە چووبــووم. کــــەروێشــکی بــرا گــــوتی. پڕ بەئارەزووی



گۆشتەکەی هەموو خوارد و گوتی:

– لەو باوەڕەدام من هەڵە بووم. دەستی نابووە سەر زگییەوە.

گــورگــە بۆری براش بۆ خــۆی هەر خــەریکی گۆشت بڕین بوو، بەلاَم هەر چاوێکی لە کەروێشکی برا بوو کە وەک حاکمێک لەسەر کۆلکە دارێکەوە هەڵتــووتکابوو. کــەچی کــتــوپڕ کــەروێشکی برا کــەوتە دەست و پێ هەڵشــەقــاندن و نالاَندن. بەدەم هاتن و چوونەوە هەر دەینالاَند، زگی خۆی توند گرتبوو، لێرە بۆ ئەوێ ئۆقرەی نەدەگرت:

– ئای، خــودایە مــردم! ئای، خــودایە مــردم! بەدەم نالاَندنەوە ئەوەی دەگوت.

گــورگــە بۆری برا ناچار کــرد کــێــردەکــەی بەلاوە بنێ، کــەروێشکی برا چاوەکــانی زەق بوونەوە، ئەوجا هاوارێکی کرد و زرپەی هات کــەوتە ئەو گۆڕەوە، دەست و پێیەکانی ڕادەوەشاند و گوتی:

– من ژەهر خــواردوو بووم! من ژەهر خــواردوو بووم! گــورگی بــرا زووکــە دکتۆرم بێنە سەر!

گــورگــە بۆری برا زۆر ترســا، بەهەڵەداوان ملی ڕێگای گــرت، بەدوای دکتۆردا چوو.

بەلاَم هەر کە لەگــەڵ دکــتــۆر گــەڕایەوە، کەروێشکی برا لەگــەڵ هەمــوو گۆشتەکە لەو ناوە نەمابوو. تەنیا شتێک بۆ گورگە بۆری برا مابووەوە کە دەبوو پارەکەی دکتۆریش بدات.

## گورگەبۆر تووشی ئازار دەبێ

چەند ڕۆژێک دواتر، هەر کــە کــەروێشکی برا، بەڕێگاوە بوو، دەچووە شاری. تووشی گورگە بۆر بوو. گورگە بۆر تا بڵێی لەسەرخۆ و هێمن بوو، وەک ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێت، هیچ تووڕەبوونێکی پێوە دیار نەبوو.

– ســلاَو کــەروێشکی برا! چۆنی، ئەوە بۆ کــوێ دەچی؟ بەبزەیەکــەوە، درێژەی پێ دا؛ کــەروێشکی برا ئەوە شــەرمت لەخــۆ نەکــرد، پێــرێ ئەو کلاَوەت لەسەرم نا؟

کەروێشکی برا هەر دەبوو ئەمە بکات، گوتی:

– ئەدی بەخۆت چۆنی؟ ماڵ و منداڵەکانت چۆنن؟ لێی پرسی.

سوپاس، ئەوان باشن. گورگە بۆر وەڵامی دایەوە و کەوتە مۆڕە لێی و گوتی:

– ئەمڕۆ زۆر باشتر دەبن لە تۆ، کە ئەمڕۆ دەرچوونت بۆ نییە!

گورگە یەکسەر تاوی دایە سەر کەروێشک، کە ئەویش پای غاری پێوە نا، بەناو دارستاندا، ها لێرە، ها لە وێ!

گورگە بەدوایەوە بوو، بەجۆرێک کەروێشکی برا هەستی دەکرد، پرۆشکی لیکاوی گورگەبۆر بەسەر پاژنە و کلک و پشتی دەچۆڕایەوە، ناچار ڕووی لە کونەدارێک کرد، کە پێشتر پێی دەزانی، کەوتەوە بیری کە ئەمە چاکترین ڕێگایە بۆ ئەم تەنگەتاوییە. چونکە کونەکە ڕاست لەناوەڕاستی دارەکەوە دەرچوو. گورگە لەبەردەم کونەکە هەڵتووتکا، کەوتە بیرکردنەوە، لەوەی چی بکات لەگەڵ کەروێشکی برا. لەو تاوەدا چاوی بەورچە زلە کەوت، کە خەریکی زەوی کێڵان بوو.

– هۆ ورچە زلە! من کەروێشکی برام لە کونێ پەستاوە، دەتوانی ئاگرم بۆ بهێنی.

ورچە زلە هەر زوو، گورزە ئاگرێکی بەدەستەوە گرت، گەیشتە لای گورگە بۆر، ئاگریان لە دارەکە بەردا، پاش سووتانی بنە دارەکە، هەر مشکی و پشکۆیان بینی. گورگەبۆر و ورچە زلە بەمیهرەبانییەوە، خەندەیان کەوتە سەر لێوان. پشتیان لە یەکتری خشاند و چوونە ماڵەوە. ئەو شەوە زۆر چاک خەوتن. بۆ بەیانی گورگە بۆر چووە سەردانی خانم ئێنگ و کچەکان. کە گەیشتە ئەوێ، دیتی ئەوە کەروێشکی برا لەسەر سەکۆیەکەوە، دەستی لەملی دوو لە کچەکانە. گورگە بۆر زۆری نەمابوو، لەو گۆڕە لەخۆ بچی.

– وەرە دانیشە، گورگە بۆر. هەمیشە لەوە خۆشتر نییە، کە لەگەڵ دۆستێ دابنیشی. تۆش باشترین دۆستی کە من هەتا ئێستا تووشی هاتووم!



– ئاوا، ئەمە بۆ؟ گورگە بۆر لێی پرسی؛ کە هێشتا دڵنیا نەبوو، ئایا لەگەڵ پەرییەک دەپەیڤی، یاخود خۆی شێت بووە!

– من بیرم هەر لەلای دوێنێیە، کە ئاگرت تێ بەردام، کە لەناو کونی دارەکەوە بووم. ئەگەر وەختت هەبێ، بەڵکو جارێکی دیکەش دووبارەی بکەینەوە!

– بەڵام کەروێشکی برا؛ دەبێ یەکێک لە هەردووکمان شێت بێت، دیارە من بەخۆمی تێناگەم، بەڵام کەروێشکی برا ئەوە تۆ چۆن دەربازبووی؟

کەروێشک دەنگی نزم کرد:

– نازانم، ئایا دەتوانم ئەوە هەر بۆ تۆ باس بکەم، بەڵام نامەوێ کەسێکی دیکە بیزانێ!

– نا من بۆ کەسێکی دیکەی باس ناکەم لەم سەر زەمینەدا!

کەروێشکی برا کەوتە بیرکردنەوە، دوایی گوتی:

– باشە. ئەمەی گوت و دەنگی نزم کرد. بەچرپەوە گوتی:

– ئەگەر تۆ لەناو کونەدارێکەوە بیت، یەکێک ئاگر لەو دارە بەر بدات یەکسەر هەنگوینت بەسەردا بڕژێ.

بەیەکجاری لەناو هەنگوین نقوم دەبی. هەڵبەتە ئەمە لێناگەڕێ تۆ بسووتێی، بەڵکو هەنگوینێکی زۆرت بۆ پەیدا دەبێ، تا بیخۆی. ئەوجا زیاتر پێکەنی.

– ئەمە شتێکی خەراپ نییە، وەنییە؟ من کونە دارێکی چاک پێ دەزانم، ئەگەر کاتت هەبێ، بەڵکو تۆ چاپووکانە، جارێکی دیکەش، ئاگرم تێبەر بدەی.

– من ئێستا دەست بەتاڵم. گورگەبۆر گوتی.

– من دەزانم تۆ کوڕێکی چاکی!

یەکسەر کەوتنە ڕێ، هەرکە گەیشتنە ئەو شوێنە، گورگەبۆر بەکەروێشکی برای گوت، دەبێ کارێکی بۆ بکات، ئەو قەرزاری ئەمە.

– مەبەستت چییە؟

– جاری پێشوو دارەکەم ئاگر تێبەردا، ئیتر تۆ هەنگوینت خوارد. هەنوکە نۆبەتی منە، بچمە ناو کونەکەوە، تۆش ئاگری تێبەردە –ئەمە ڕەوانییە!
کەروێشکی برا هاواری کرد؛ هەموو ئەمرۆکە هەر بیرم کردووەتەوە، بەڵکو لەناو ئەم کونەدارە ئاگرم تێبەر بدەن! ئەوان زۆریان گوت و گوتەوە: بەڵام لە کۆتاییدا، کەروێشکی برا ڕازی بوو، گورگەبۆر خزییە ناو ئەو کونەدارە گەورەوە، بەڵام ئەم کونەدارە هەتا سەری سەرەوە کون نەبوو.

کەروێشکی برا دار و گەڵای وشکی کۆکردەوە، هەمووی لە دەوروبەری کونی دارەکە لەسەر یەک کەلەکە کرد، ئەوجا ئاگری لەهەر چواردەورە بەردا. لەگەڵ ئاگر تێبەردان. هەستا بەبەردان، کونی دارەکەی گرت.

– ئەوە خەریکە کونەکە تەواو گەرم بووە، کەچی هیچ هەنگوین نابینم!

– تۆزێک ئۆقرە بگرە!

ئاگرەکە کەوتە قرچە قرچ، پرووشکی بەمەلاو بەولادا پەرت دەبوو، کونەدارەکە بەتەواوی ئاگری تێ بەربوو.

– ئێستاکە ژوورەوە بووەتە یەک پارچە ئاگر، کەروێشکی برا؛ بەڵام هێشتا تامی هەنگوینم نەکردووە!

– ئەوە دێت، گورگە بۆرە، ئەوە دێت.

– من دەمەوێ دەرچم، خەریکە بخنکێم!

– هەوای سازگار تامی هەنگوین ناهێڵێ، وا چاکە هەندێک ئۆقرە بگری!

– کوڕە زۆر گەرمە ژوورەوە!

– ئەوە خەریکە هەنگوینەکە بێتە خوارەوە!

– هەندێکی دیکە ئۆقرە بگرە، هەنگوینت دەگاتێ!

– ئۆف، ئۆف، من تەواو سوتام!

کەروێشکی برا؛ گەڵا و چڵەداری وشکی زیاتر بەئاگرەکە داکرد.

– من دەمەوێ لەو هەنگوینەت دەرخواد بدەم، کە تۆ دەرخواردی منت دا.



## کەروێشکی برا زمان لە گورگە بۆر دەدات

ئاژەڵەکان ببوونە دوو گرووپی گەورە. گرووپی یەکەمیان لەو ئاژەڵانە پێکهاتبوون، کە کەڵبە و چڕنووکی تیژیان هەبوو، لە نموونە کەروێشکی برا، ڕێوی براخاس، گورگە بۆر، لەگەڵ ئەوانی دیکە. گرووپی دووەم ئەو ئاژەڵانەی دەگرتەوە، کە قۆچیان هەبوو، وەک گا، گامێش، خوشکە چێڵ، بەران، بزن، هێستری ئاوی، لەگەڵ ئەوانەی یەک شاخیان هەبووە. هەڵبەتە چەندان جۆریان هەیە، بەڵام من لەو کاتەدا ناوی کەسیانم لەبیر نییە.

هاوینەکی درەنگ لەو ساڵەدا، هەموو ئاژەڵە قۆچدارەکان خەریکی کۆبوونەوە بوون، بۆ ئەوەی تەگبیرێک لەخۆیان بکەن، بەرامبەر بەئاژەڵە کەڵبەدار و چڕنۆک تیژەکان، کە بەردەوام شەڕیان پێ دەفرۆشن، کۆبوونەوەکەیان لە قوژبنێکی دووری دارستان بوو، دووری دەرەوەی پاوانەکانەوە. کەچی گورگە بۆر بەدزی خۆی گەیاندبووە ناویانەوە، بۆ ئەوەی بزانێ چی بڕیار دەدەن. بەڵام دوو قۆچی بەپەلکی دار لەسەری خۆی بەستبوو، لەگەڵ ئاژەڵە قۆچدارەکان تێکەڵ ببوو.

– تۆ کێیی؟ گامێشی برا لێی پرسی، کە بەگومانەوە سەیری دەکرد.

– حو حو حو! من گۆلکە بچکۆلانەم.

گامێشی برا هەر چەندە دڵنیا نەبوو، بەڵام شتێکی نەگوت. گورگەبۆر گوێی لێ بوو، ئاژەڵەکان چۆن کەوتبوونە، گلەیی و گازندە لە خۆی و کەروێشکی برا؛ بە چ جۆرێک مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت، بەجۆرێک کە گورگەبۆر تۆزێک دڵی کەوتبووە ترسەوە.

دروست لەو کاتەدا، مێشە کەرانەیەکی، قەڵەو بەو ناوە داهات، گورگەبۆر کەوتبووە دوای، بەبێ ئەوەی بیر لە خۆی بکاتەوە.

یەکێک بلند پێکەنی.

– ئەمە کێیە پێدەکەنێ، پشێوی دەنێتەوە، خۆی پێ ڕاناگیرێ؟ گامێشی برا بۆڕاندی.

کەس دەنگی نەکرد، پاشان کۆبوونەوەکە بەردەوام بوو. بەڵام گورگەبۆر

دەنگی ئەو پێکەنینەی ناسییەوە، زۆر چاک زانی ئەمە کێیە، چونکە زۆر جاری دیکەی بیستووە. بەڵێ، کەروێشکی براش خۆی لەو ناوە لەناو درک و دالآن مەلآس دابوو. هەر کە چاوی بەگورگەبۆر کەوت بەو دوو قۆچە دارەوە، کە لەسەری خۆی بەستبوو، بۆی کەوتە مێشە سەگانە بەرەڵلاکردن، دوایی بەگۆرانی دەیگوت:

گۆلک، گۆلکی گەمژەل، بۆچی وات لە خۆ کردووە!
ڕاوی مێشەکەرانە دەنێی، گۆلک کەی کاری ئەمە بووە.

ئاژەڵە قۆچدارەکان، سەیری خۆیان و دەوروبەریان کرد، تێ نەگەیشتن چی لە ئارادایە. دوایی کەوتنە قسەکردن، بەلآم پێش ئەوەی گورگەبۆر، خۆی کۆبکاتەوە و بەچاکی گوێ بگرێ، مێشەکی گەورە هات و گازێکی لە ملی گورگە گرت، گورگە بەبێ ئەوەی بیر بکاتەوە لە خۆی، لەگەڵ دەستی پاشی کەوتە خوراندنی ملی. لێرەدا کەروێشک کەوتە پێکەنین بەدەم گۆرانی گوتنەوە.

ڕاکێش... ڕاکێشانە، ئێوە ڕەنگبێ باوەڕیشم پێ نەکەن!
بەلآم ئەو گۆلکە گچکەلآنە بەکەلبەی خۆی خوراند!

گورگە ترسا، کەچی هیچ یەکێک لە ئاژەڵە قۆچدارەکان، گوێی پێ نەدا. دوای تاوێکی دیکە، کەروێشکی برا دووبارە کەوتەوە گۆرانی:

سلآو، ئاسان، ئاسانە، گۆلکی لە سنگی ببەستننەوە!
بۆ خۆتان تێدەگەن، خاوەن چ کلکێکی خورت و درێژە!

خۆت خەملّی لێ بدە کە گورگە چ ترسێکی لێ نیشتووە، بەتایبەت کە دیتی ئەوا گامێشی برا چاوی تێ بڕیوە.

کەچی کەروێشک زیاتری لەسەر خوێند:

قوله لەسەر قوله بەلآم ناگاتە قەلآ
نە قۆچی دار قۆچە، نە قۆچیش دەکاتە قۆچی دار

گامێش و گورگە لە یەک وەختدا لەیەکتری ڕاست هاتن، گورگە ناچار بۆی دەرچوو.



دوای ناچاربوونی گورگ بۆ خۆ دەربازکردن، ماوەی هەفتەیەک نەهاتووەتە دەرەوە، چونکە کەروێشکی برا، هەموو ئەو ناوەی تێگەیاند بوو، کە گورگە بۆر چی کردووە چۆن بەهەموو دارستاندا سووڕاوەتەوە کە کورسییەکی لەسەر سەری داناوە و هەوڵی داوە کە خوشکە بزنە کێوی بخوات.

## کەروێشکی برا و پێشوولە

گورگەبۆر کچێکی هەبوو، زۆر جوان بوو. بەڵێ، وا پێویستە شتێک ڕوون بکەمەوە، پێش ئەوەی لەسەر گێڕانەوەی چیرۆکەکە بەردەوام بم، بەتایبەت دوای ئەوەی هەست دەکەم کە تۆ بیر دەکەیتەوە، سەبارەت بەگورگە بۆر، کە تا ئێستا دوو جاران مردووە. بەڵێ ئەمە چی دەگەیەنێ، ئەگەر من بپرسم؟ ئایا من خۆم چیرۆکەکەم؟ یاخود چیرۆکەکە منم؟ یاخود چیرۆکەکە هەر چیرۆکە؟ ئەگەر خۆت دەتوانی ئەمە لێک بدەوە. بەلآم ئەگەر من خۆم چیرۆکەکە نەبم و چیرۆکەکە من نەبێ، ئەوە چ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ، لەوەی گورگەبۆر دەژی یاخود مردووە، ئەدی وا نییە!

گورگەبۆر چ مردوو یاخود زیندوو بێت، کچێکی هەبوو، ئەو کچە، کیژۆڵەیەکی خنجیلانەی جوان بوو، هەموو ئاژەڵەکان هاتبوونە داخوازی، لەپێشی پێشەوە ڕێوی برا خاس. ئەو ڕۆژەی ڕێوی هاتبووە داخوازی، لەسەر سەکۆی بەر ماڵی گورگەبۆر، لەگەڵ کچەکەی دانیشت، شرم پرم قسەی دەکرد، هەموو کەسێک دەیزانی ڕێوی برا خاس چۆن چۆنییەک دەپەیڤی. بەلآم لە ناکاو پێشوولە لە دەوروبەریان پەیدا بوون، پێشوولەکانی چوار دەوری ماڵی گورگەبۆر، ئەوەندە گەورە بوون، هەر لە کلۆ دەچوون، گزە گزێکی تیژیان هەبوو. ڕێوی برا خاس خۆی لەبەر نەگرتن، کەوتە کوشتنیان و بەدوایان کەوت، هەتا گورگەبۆر هاتە دەرەوە، پێی گوت؛ بڕۆ ڕێگای خۆت بگرە.

– یەکێک نەتوانی بەرگەی پێشوولەیەکی بچکۆلانە بگرێ، پێویست ناکات بەدوای کچەکەمەوە عەوداڵ بێت.

داخوازیکەری دووەم، ورچە سپی بوو، ئەو هێشتا پێی نەخستبووە، سەر سەکۆیەکەیانەوە، لەگەڵ پێشوولەکان کەوتە ڕکە و داپلۆسینیان. گورگەبۆر ڕێگای هاتن و گەڕانەوەی پێ نیشاندا.

پاشان پشیلەی کێوی هات، یەکسەر کەوتە خۆ پاسکردن لە پێشوولەکان، گورگەبۆر پێی گوت، دەتوانی بچیتە شوێنێکی دیکەوە بۆ خۆ پاسکردن.

بەجۆرێک هەموو ئاژەڵەکان خۆیان تاقی کردەوە، هەر هەموویان تەنیا کەروێشکی برا نەبێت. ئەویش پەیامی بۆ گورگەبۆر نارد، کە گەرەکیەتی داوای دەستی کچەکەی بکات و ببێتە پاسەوانی کچەکەی گورگەبۆر. ئەوە بوو کچە خۆی قیت و قۆزکرد، چووە ناو پانتۆلێکی کاوبۆی ژمارە بچووک.

ئەوجا کوللەیەکی بەسەر خۆیدا دا؛ هەر کە کەروێشکی برا چاوی پێ کەوت، وایزانی گیانی دەرچووە و بەرەو ئاسمان بەرزبۆتەوە.

کە گورگەبۆر بەم بەزم و ڕەزمەی کچەکەی زانی، گوتی نابێ بەتەنیا لەگەڵ کەروێشکی برا دابنیشێ، لەسەر سەکۆیەکەیان جۆلانە بکەن. ئەو کەروێشکی برای چاک دەناسی، بۆیە بەخۆشی کورسییەکەی خۆی هەڵگرت، هات لەلایان دانیشت، کە ماوەیەکی زۆر نەبوو، ئەوان پێکەوە بوون، کەروێشکی برا گوێی لە گزە گزی پێشوولەکان بوو، گز گز گز

– گورگەبۆر شوێنێکی هێکجار خۆشتان هەیە.

گز... گز... گز...

– هەندێک وا دەزانن زۆر نزیکی قامیشەڵانەکەیە، گورگەبۆر وەڵامی دایەوە.

گز... گز... گز...

مێشوولەکان زۆر بەتیژی دەسووڕانەوە، کەروێشکی برا کەوتە نیگەرانی، هەر کە نیگەرانیش دەبوو، مێشکی بەچاکی کاری نەدەکرد.

– ئەمڕۆ کە لە شار بووم، هێسترێکی پتک پتکم دیت، کە هەرگیز هێستری ئاوا پتک پتکم لە ڕابردوو نەدیوە.



گز... گز... گز

– بۆم باسکە! منیش شتێکی لەم جۆرەم نەدیتوە.

– ئۆف، تۆ چەند زیرەکی، کچەکە گوتی. ئەو بیری لەوە نەکردەوە، یەکێک لەم دنیایە، هێستری پتک پتکی دیتبێت. بۆیە بەتامەزرۆ بوو بۆی.

گز... گز... گز...

– باپیرەشم ئاوا پتک پتک بوو، کەروێشک گوتی.

– ئا... دە بۆم باس بکە!

گز... گز...

– بەڕاستی باپیرەم تەواوی گیانی وابوو، پتکێکی لێرە هەبوو، کەروێشکی برا لەگەڵ دەستبردن بۆ ڕوومەتی پێشوولەیەکیشی پان کردەوە.

– پێویست بەپێکەنین ناکات، چونکە باپیرم خۆی هەموو گیانی پتک پتک بوو یەکێکی لەسەر ڕوومەتی هەبوو، هەروەک هەنوکە پێم نیشان دای، یەکێکیش لەسەر قاچی هەبوو...

شڵپ! پێشوولەیەکی دیکە لەناو چوو.

– ئەو یەکێکی دیکەی لەناوەڕاستی شانیدا هەبوو!

چرپ!

– یەکێکی لەسەر سمتی هەبوو!

زرپ!

کەروێشک بەدەم باسکردنی، پتک پتکی بەدەنی باپیری بەردەوام بوو، هەتا هەموو پێشوولەکانی قڕاند. بەجۆرێک گورگەبۆر ماندوو ببوو، لە گوێ گرتن سەبارەت بەپتک پتکی بەدەنی باپیری کەروێشک، بۆ خۆی کەوتبووە خەوێکی گرانەوە.

ئەوەبوو کەروێشکی برا دەستی کچەکەی گورگەی گرت، بەیەکەوە بۆ ناو دارستان شۆڕ بوونەوە، کە ئێمە ناتوانین چیتر لەگەڵ بین.

## هەرکە کەروێشکی برا دەبێتە دەعبایەکی سەیر

رۆژێکیان کەروێشکی برا لە ماڵەوە دەست بەتاڵ دانیشتبوو، نەیدەزانی چ بکات، لە خۆیەوە کەوتە بیری ئەوەی، بچێ سەر لە ماڵی ورچە زلە بدات، بەڵێ، نەک بۆ لای ورچە زلە خۆی، بەڵکە بۆ ماڵی ئەو!

کەروێشکی برا بەرەو ئەوێ خزی، لە پەنایەک خۆی حەشاردا، دوای تاوێک ورچە زلە، خانم برون (قاوەیی)، خانم برۆکیگ (ڕەنگاوڕەنگ) پێکەوە لە ماڵ بەرێکەوتن، گەرەکیان بوو بەدرێژایی ڕێگا پیاسە بکەن. خانمی برون و خانمە برۆکیگ چەترەکانیان هەڵدابوو. ورچە زلەش یەک سەبەتە خواردنی پێ بوو، کەروێشکی برا چاوەڕوانی کرد، هەتا ئەوان بزر بوون، ئەوجا لنگی دا ماڵەکەیان. ئەو بەدوای شتێکی دیاریکراوەوە نەبوو، تەنیا هەر حەزی لەوە دەکرد، بزانێ ئەو خەڵکە لە ماڵەکەیان چۆن دەژین. جاروبار سەری بەهەموو ماڵەکاندا دەگرت، کە دەیزانی لە ماڵەوە نین. شتێکی لێرە تەماشا کرد و یەکێکی لەوێ، خۆی بەشتێکی... دادەدا، بەشتێکی ئەوێ، ئەوجا لە پڕ کەوتە دەست لە یەکتری دان، بەوەی بەر چاوی کەوت. ئەو بەدەم سەیرکردن و نەکردنەوە و خۆی پێوەنووساندبوو، کە یەکێک لە کوپە هەنگوینەکانی ورچە زلە بوو، لەسەر ڕەفەکان خزی و گلۆر بووەوە، پێش ئەوەی کەروێشک بەخۆی ڕابگات، دروست کوپە هەنگوینەکە بەسەریدا قلپ بووەوە، هەر لە کارامێلێکی گەورە دەچوو، هیچی نەدەبینی هەتا هەنگوینی سەر چاوی لادا، ئەوجا زانی چی بەسەر هاتووە!

– باشە من چی بکەم؟ لە خۆی پرسی.

یەکەم جار لە خۆی ڕانەدیت بچێتە دەرەوە، چونکە مێش و مەگەزی هەر چوار قوژبنی ولات تێی وەردەهاتن، بەڵام ئەگەر هەروا لە ژوورەوە بمێنێتەوە، ئەوە ورچە بۆر پێی دەزانێ، ئەو کاتە خراپتر لەپاشترە.

ناچار بەخشەخش چووە دەرەوە، بۆ ناو دارستان ڕێی گرت، لەوێ کەوتە خۆ گەوزاندن لەسەر عەردەکە، بەڵکو هەنگوینی لێ ببێتەوە، ئەو چیلکە و



گەڵایەی لەو عەردە هەبوو، هەمووی پێوەنووسان. بەهەر لایەکدا دەگەوزی، گەڵای زۆرتری پێوە دەنووسا.

ئەوجا کەوتە بازدان بەرەو خوار، بەرەو سەروو، خولی دەخواردەوە، تا ئەو گەڵایانەی لێ ببێتەوە، چەند کەوتە خۆ هێنان و بردن، خۆ هەژاندن، تەکان، بەخۆدان، خۆ هەڵواسینی بەلای پێشەوە و پشتەوە، بەدەستێک خۆی گرتبوو، بەدەستەکەی دیکە دەخولایەوە، کەچی هیچیەکی سوودی نەبوو، گەڵا و چیلکە دارەکان وەک ئەوەی لەگەڵی گەورە ببوون.

– ئەدی ئێستاکە سەری خۆم بۆ کوێ هەڵگرم؟ لە خۆی پرسی.

دۆزەکەی باشتر نەبوو، باشتر وایە بەهەر شێوەیەک بێت، ڕێگای ماڵەوە بگرێ، بەڵکو لە گەرماوی ماڵەوە بەخۆ شوشتن ڕزگاری بێت. کەروێشکی برا هەنگاوی هەڵهێنا، چ هەنگاوێک، هەر هەنگاوێکی هەڵدەگرت، تێکرای گەڵا و چیلکەکان قرچ و هۆڕیان بوو، هاژ، هاژ، هاژ، ورش، ورش، ورش، هاژ، هاژ، بەجۆرێک ئەگەر خوشکە دەریا، قاچی هەبوایە و پیاسەیەکی بکردایە، من وا تێدەگەم ئەویش ئاوا دەنگی دەبوو.

کەروێشکی برا نەیدەویست کەس بەم دیمەنەی ببینێ، چونکە دەبووە جێگای پێکەنینی هەموو ئاژەڵەکان، خانم ئێنگ، و کچەکانی هەرگیز لێ نەدەگەڕان جارێکی دیکە پێ بنێتە سەر سەکۆی ماڵەکەیانەوە.

هەر کە گەیشتە ناو پاوانەکەوە، ڕاست بەرەو ڕووی مانگا غاری دا. کە مانگا ئەوی دیت، یەکسەر پاشی لە ئاسمان کرد و کەوتە ڕاکردن، وەک ئەوەی قەساب بەدوایەوەی بێت، کەروێشک کەوتە نەرمە پێکەنین.

دووەم گیانلەبەر کە کەروێشک کەوتە دووی، کورێک بوو کە بێچووە بەرازی لەو ناوە دەلەوەڕاند. کورێژگە و بێچووی بەرازەکان چاویان لە کەروێشکی برا بڕیبوو، وا دەزانم هیچ یەکێکیان لە ڕاکردن نەکەوتبوون.

کەروێشک بۆ خۆی کەوتبووە پێکەنینەوە، بەڵام پێکەنینەکەی لە قورگی عاسی بوو کە چاوی بەورچە زل، خانم برون، خانم برۆکیگ کەوت، کە لە گەڕان بۆ ماڵەوە دەگەڕانەوە. ورچە زلە، خانم برون، خانم برۆکیگ لە

شوێنی خۆیان وەستان، . کەچی کەروێشکی برا ڕووبەڕوویان چوو – هاژ... هاژ... ورش... هاژ... هاژ... ورش... هاژ، خانم برون چەترەکەی فڕێ دا و کەوتە غاردان. هاژ... ورش... هاژ... وەش... هاژ. خانم برۆکیگ –یش چەترەکەی فڕێ دا و بۆی دەرچوو. ورچە زلە هەر وەستا بوو... هاژ... ورشی... زیاتری گەرەک بوو، تا بترسێ.

کەروێشکی برا بازێکی بۆ ئاسمان دا، گەلاّکان کەوتنە لەرینەوە، هەموویان تلق تلق بەڕووی یەکتری قرچە قرچیان دەهات، هەروەک چۆن خۆلی وشک لەسەر ئێسکی وشکی کۆنە دەخزێ، کەروێشک قیراندی:

من ئەو هێزە مەزنە نەناسراوم
کە شەیتان... (زەفەری) پێ نابات
بۆنی من زیاترە لەوەی تۆ

ئەمە بۆ ورچە زل بەس بوو، یەکسەر سەبەتەی خۆراکەکەی فڕێدا، خێرا بۆی دەرچوو، ئەوجا کەروێشکی برا خشی و خشی هەتا چاوی بەگورگ و ڕێوی کەوت، هەردووکیان مشتومڕیان بوو، لەسەر ئەوەی چۆن کەروێشکی برا دەستگیر بکەن. ئەوەندە سەرقالی تەگبیرەکانیان بوون، چاویان لە هیچ نەبوو، هەتا ڕووبەڕوویان بووەوە، هەر کە سەیریان کرد، سەیرترین جانەوەریان لەم سەر زەمینە هاتە بەرچاو.

گورگە ویستی بەڕێوی نیشان بدات، کە چ جۆرە پاڵەوانێکە، کەوتە مۆڕەکردن لە جانەوەرەکە.

– تۆ کێی؟

کەروێشکی برا، بازێکی بەرەو ئاسمان دا؛ بەهەموو دەنگی قیژاندی:

من ئەو(مێگۆگە) بەهێزە مەزنەم
هەتا شەیتانیش درکم پێ ناکات
بۆنم لە بۆنی هەمووتان بەهێزترە.

جارێکی دیکەش بازی بۆ ئاسمان دا، ڕاست خۆی بۆ سەر ئەوان هاویشت، گورگە و ڕێوی... هەر ئەوەندە بەخۆیان ڕاگەیشتن، چەند پێیان



هەبوو ئەوەندەی دیکەشیان قەرز کرد.

بەلاّم کەروێشک بەناڵەناڵە خۆی گەیاندەوە ماڵەوە، دوای خۆ شوشتنی، یەکسەر چووە سەردانی خانم ئێنگ و کچەکان، باسی ئەوەی بۆ گێڕانەوە، کە دەڵێن شتێک دەرچووە، ناوی مێگوگە، ئەوان هەر جارێک چاویان بەڕێوی برا خاس دەکەوت، بەبیریان دەهێنایەوە، ئەو کەڵبەکانی خۆی لەبیر چووبوو، لەبەرامبەر مێگۆگی نەناسراودا.

## ڕێوی برا خاس و کەروێشکی برا و شازادە مامزە کیوی

هەڵبەتە خانم ئێنگ و کچەکانی، تابلێی شۆخ و شەنگ و جوان بوون، بەلاّم هیچ یەکێکیان لە جوانی نەدەگەیشتە شازادە مامزەکە (کچی پادشای مامزان)، کە هەرگیز لەگەڵ ئەو بەراورد نەدەکران، شازادە مامزەکە خاوەنی قژێکی درێژ، پێستێکی ڕەنگ پەشمی ناسک. من زۆر بەشان و باڵیدا هەڵنالێم، دوایی دەترسم ئێوە بەجۆرێکی تر تێم بگەن.

ڕێوی برا خاس و کەروێشک، هەر یەکیان گەرەکیان بوو ئەو کچە شازادەیە بۆ خۆی بخوازێ، بۆیە هەمیشە بەمڕی، بست بەبست بەدواوەی بوون، یەکێکیان بەردەوام لە دەوروبەری کچە بووە و بەزۆریش هەردووکیان لەوێ بوون.

پادشای ئاسکەکان ئاگای لە هەردووکیان هەبوو. هەڵبەتە ئەمە بەدڵی کەروێشک نەبووە، بۆیە بڕیاری دابوو، دەبێ پادشا ڕای خۆی بگۆڕێ.

ڕۆژێکیان کە بەرێگاوە بوو بۆ پەرستگا، ڕاست چووە ناو قەرسیلی ئاسکە پادشا، چاپووک دوو بزنی کیوی بەبەردان کوشت. ئەوجا خێرا هاتە خزمەتی پادشاوە و لە پادشای پرسی، کەی ئاهەنگی زەماوەند دەگێڕن.

– زەماوەندی چی؟ پادشا بەسەرسوڕمانەوە پرسی.

– زەماوەندی نێوان شازادە و ڕێوی برا خاس.

پادشا هێشتا بیری زەماوەندی بەبیردا نەهاتبوو.

– ئەوە تۆ دەڵێی چی؟

– من واتێگەیشتم، لەم زووانە زەماوەند دەکرێ، چونکە من ڕێوی برا

خاسم دیت، لەناو قەرسیلەکەتان بەبەردان، خەریکی کوشتنەوەی مریشک و بزنان بوو. کە دوو بزنی کوشت، ئەو هەرگیز ئاوا ناکات، ئەگەر ئێوە وا زوو نەبنە خزمی یەکتری.

– بۆ وا دەزانی، تۆ دەتوانی من لە خشتە ببەی؟ پادشای ئاسکەکان گوتی و سەری بادا.

– خۆت بڕۆ سەیرێکی قەرسیلەکە بکە، بەخۆت دەبینی! کەروێشک ئەمەی گوت و شانی هەڵتەکاند.

پادشا یەکسەر وای کرد، هەر کە گەڕایەوە، وەک زەنگە سۆرە تووڕە ببوو.

– خۆت ئاڵۆز مەکە، هێمن بەوە، کەروێشک گوتی؛ پیاو نابێ زوو هەڵچێ، هیچ شتێک بەڕێوی برا خاس مەڵێ، پێش ئەوەی لێی دڵنیا نەبیت، لەوەی تاوانباری بکەیت. من خۆم لەگەڵی دەپەیڤم. ئێمە دۆستی یەکترین، ئەگەر بەڕاستی ئەو بزنەکانی کوشتبێ، ئەوە قسەم بۆ دەکات.

– ئەگەر ئەوەم بۆ بکەی، من کچەکەی خۆمت دەدەمێ، پادشا گوتی.

کەروێشکی برا هەر ئەمەی گەرەک بوو، گوێی لێ بێت، یەکسەر ملی ڕێگای گرت، بۆ ئەوەی ڕێوی برا خاس پەیدا بکات. بەڵام پێویستی بەمە نەبوو، زۆر ڕێ بکات، هەر لە خوار ڕێگاکەوە تووشی ڕێوی برا خاسی پیاو ماقوڵ بوو، کە بەرەو ماڵی پادشا دەچوو.

– ئەوە بۆ کوێ دەچی براله؟ کەروێشکی برا لێی پرسی.

– لاچۆ، کەروێشک لەپێشم؛ من دەچمە لای دەسگیرانەکەم.

– زۆر پیرۆزە، پادشا خۆی بۆی باس کردم، کە تۆ خەریکی کچەکەی بهێنی

ڕێوی برا خاس، خۆی گورج کردەوە، سنگی دەرپەڕاند، لە پەلەییان قۆپچەیەکی پاڵتۆکەی پسا.

کەروێشک بزەیەکی هاتێ.

– بەڵێ پادشا تکای لێ کردووم، ئەمشەو بچمە لایان، خۆ ساز بدەین،



بۆ ئەوەی ئاهەنگی مارە بڕین ئامادە بێت. منیش گوتم؛ ڕێوی برا خاس هەر خۆی، باشترین کەسە یارمەتیم بدات، چونکە تۆش دەستی مۆسیقات هەیە.

کەروێشک و ڕێوی بەجووتە چوونە ناو دارستانەکەوە، بۆ مەشقکردن، کەروێشک نای لێ دەدا و ڕێوی برا خاسیش لەسەر تریانگل –ئامێرێکی مۆسیقی– کەروێشکی برا گۆرانییەکی هۆنیبووەوە، تا پێکەوە لە ئاهەنگەکە گۆرانی بڵێین. ئەو ڕۆژە تا ئێوارە هەر مەشقیان کرد، ئێوارە پێکەوە بۆ ماڵی پادشای ئاسکەکان چوون.

پادشا و کچەکەی لەسەر سەکۆی بەر دەرگا، بەویقارەوە دانیشتبوون، کەروێشکی برا لەپێشەوە خۆی چەماندەوە، ڕێوی براخاسیش دەستەکانی دەهێنا و دەبرد، بۆ دەست پێکردن. کە ئاوازێکیان لێ دا، دوایی کەوتنە گۆرانی، کەروێشک لەپێشەوە دەستی پێ کرد:

لە بەسەرهاتی بزنەکانی پادشا ئێمە فێر دەبین

کە چۆن هەندێک هەوڵی پارووی لە خۆیان گەورەتر دەدەن. دوایی ڕێوی برا خاس وەڵامی دایەوە:

– ئەوەی من پێی بزانم، ئەو بزنانە شتێکی ئەوتۆ نین.

ئەوجا هەندێک ئاوازی دیکەیان ژەنی، پێش ئەوەی کەروێشک بکەوێتەوە تەواوکردنی گۆرانییەکەی کە دەڵێ:

زۆر مەڕ دز هەن، هەندێکی دیکە حەز لە بەراز دەکەن ئەوەی بزنان

دەکوژێتەوە، ئەوانە هەر لە گۆشتی برژاو دەگەڕێن!

پادشا گەرەکی نەبوو، زیاتر گوێ بگرێ، لەسەر سەکۆیەکەوە، بەگۆچانەکەی دەستی پەلاماری ڕێوی دا، لەگەڵ یەکەم دەست وەشاندن، ڕێوی قوچاندی و بزر بوو. کچی پادشا داوای لە کەروێشک کرد، بەڵکو مەودایەک بێتە تەکی دابنیشێ. جا هەنوکە هەندێک دەڵێن کەروێشک کچەی خواستووە، هەندێکی دیکە دەڵێن نا وا نییە. من نازانم، ئەگەر لەگەڵ خۆم ڕاستگۆبم. گوێ بەوە نادەم، چونکە چیرۆکەکە ئەوە ناگرێتەوە.

## کەروێشکی برا ئاهەنگ تێک دەدا

هەروەک لەپێشتر گوتوومە، لەهەر شتێک زیاتر ئاژەڵەکان لەسەری ڕێک بوون، ئاهەنگی ساڵ ڕۆژی ساڵانە بوو، بەبۆنەی زوو هەڵهاتنی خۆر! باران بارین! سەوزبوونی گیاوگوڵ، ئاژەڵەکان هەموو ساڵێک دەکەوتنە ئاهەنگ گێڕان.

ڕۆژێکیان ڕێوی برا خاس، تەنیا بەبۆنەی سێ شەمەوە بڕیاری ئاهەنگی دا ورچە زلە و گورگە بۆر و ورچە سپی و چەند ئاژەڵێکی دیکەی داوەت کردبوو، بەبێ ئەوەی بەکەروێشکی برا بڵێ.

کە ئاژەڵەکان لە ماڵی ڕێوی کۆبوونەوە، ئەویش یەکسەر شەڕابی بۆ تێکردن، دەنگی ڕادیۆکەی کردەوە، ئەوجا کەوتنە سەماکردن، شەراب خواردنەوە، گێڕانەوەی چیرۆک بۆ یەکتری، بەجۆرێک زۆر خۆش دەگوزەرا

بەڵام هەڵبەتە کەروێشکی برا، گوێی لەم ئاهەنگە ببوو! بۆیە هەر لەلای خۆیەوە، خۆی داوەت کردبوو. یەکسەر چوو دەهۆڵێکی کۆنەی دۆزییەوە، بەدەهۆڵەوە بەرەو ماڵی ڕێوی برا خاس کەوتە ڕێ.

ئاژەڵەکان بۆ خۆیان کەوتبوونە بەزم و ڕەزمی ئاهەنگەکەیان، کەچی لە ناکاو گوێیان لە شتێک بوو، وەک ئەوەی بروسکە و تەرزە دەبارێ.

دمپ، دمپ، دمپانێ، دمپ، دمپ، دمپانێ...!

– ڕادیۆیەکە بکوژێنەوە زوو! ورچە سپی گوتی کە هەمیشە گوێچکەی قولاخ بووە.

دمپ... ڕنگ... دمپ... ڕنگ... ڕنگ!!

ئەمە چییە؟ ورچە سپی پرسیاری کرد.

دمپ... ڕنگ... دمپ... ڕنگ... دمپ!

ورچە سپی خۆی نوشتاندەوە بۆ خوارەوە، شەپقەکەی لەبنی کورسییەکە دەرهێنا، کە پێشتر لەوێی دانا بوو.

–ئەوەش ئاوا... بەڕێزان! پێم وایە، من کاتی چوونە ماڵەوەم هاتووە. چونکە بەژنەکەم گوتووە؛ تەنیا تاوێک دوا دەکەوم، ئێستاکەش ئەوە



خەریکە شەو درەنگ دەبێ. ئەمەی گوت و بەرەو دەرگای دەرەوە هەنگاوی هاوێشت، وەک ئەوەی هیچ نەترسێ. بەڵام هەرکە گەیشتە لای پەرژینەکەوە، هەموو ئاژەڵەکانی دیکەش پێی گەیشتن، کە ڕێوی برا خاس هاتبووە پەنایەوە، هەموو بەپەلە بوون، بگەنە ناو دارستانەکەوە.

کەروێشکی براش ئەو دەمە هاتبووە کەنارەکەوە، دمپ... ڕنگ... دمپ... ڕنگ!

ئەوەبوو لە چاو تروووکانێکدا هەموو ئاژەڵەکان لەبەرچاو نەمان. کەروێشک بەپێڵەقەیەک دەرگای کردەوە و چووە ژوورەوە.

– ئەوە تۆ لە کوێی ڕێوی برا خاس! کەروێشک زریکاندی.

کەچی وەڵامی نەدایەوە، کەروێشکی برا بۆ خۆی کەوتە پێکەنین. چوو لەسەر کورسییە نایابەکەی ڕێوی برا خاس دانیشت، تفی لە زەوی ڕووکرد، سەرلەنوێ بۆی کەوتەوە پێکەنین.

ئەوجا کەوتە چاوگێڕان، یەکسەر شەرابەکەی بەرچاو کەوت، پێکێکی هەڵدایێ، دوایی پێکێکی دیکە، پاش تاوێک چاک خەیاڵاوی ببوو. لەو وەختەدا، ئاژەڵەکانی دیکە لە دەرەوە، لەناو دارستانەکەدا، هەوڵیان دەدا گوێیان لە دمپ... ڕنگ بێت، کەچی هیچ شتێکی لەم جۆرە نەبوو. ئەوجا ڕێوی برا خاس خۆی بەنەزان هاتە بەرچاو.

– وەرن، بەئاژەڵەکانی گوت؛ دەچینەوە ماڵ و لەسەر بەزمی خۆمان بەردەوام دەبین. ئەوە ورچە سپی ئێمەی هەموو زراوبردی کرد.

ئاژەڵەکان بەهەنگاوی لەسەرخۆ و وریایانە، گەڕانەوە ماڵەوە. زۆر بەهێواشی دەڕۆیشتن. ڕەنگ نەبوو لقەدارێک بلەرێتەوە، هەموویان خۆیان بەزەویدا دەدا.

بەڵام هەرکە لە پەنجەرەوە سەیرێکی ژوورەوەیان کرد، کەروێشکی برایان دیت، ئەوا لەبەرانبەر شەرابەکە دانیشتووە و پێک لەسەر پێک هەڵدەقورێنێ. وەک ئەوەی داوەت کرابێ، لە پەنجەرەوە هەستیان بەسەرخۆشی کەروێشک کرد، ڕێوی برا خاس بەختی هاتووتەوە. یەکسەر

لە دەرگاوە لێی چووە ژوورەوە.

– ئێستاکە دەرچوونت نییە، کەروێشکی برا! ئۆخەی خۆ ئاخیرەکەی تۆم دەستکەوت. ڕێوی و ئاژەڵەکانی دیکە، بازنەیان بەدەوریدا بەست.

ڕاستە کەروێشکی برا هەندێک سەرخۆش بوو، بەڵام نەک بەو ڕادەیەی ئاگای لە خۆی بڕابێت. ئەو بەهەر چواردەوری ژوورەکە دەخولایەوە، وەک پەپوولە بەلادا دەچوو، چاوەکانی ڕاست لەلا چاوی ڕێوی برا خاس قایم بوو، دەستێکی نایە سەرشانی و قیڕاندی:

– ئەدی دایکت چۆنە، دایکت؟ ئەوجا بۆی کەوتە هەنسکدان. ڕێوی برا خاس گەرەکی بوو، یەکسەر پڕی بداتێ، هەموو ئاژەڵەکان حەزیان لەوە بوو. بەڵام ورچە زلە کە بەبیرکردنەوە ناسرا بوو، وەک داوەرێک لەناو ئاژەڵەکان دانی پێدانرابوو، چاوێلکەکانی هێنایە سەر لووتی و قورگی خۆی پاک کردەوە و گوتی:

– بەپێی دەستوور، باشترین شێوە بۆ دادگاییکردنی گیانلەبەرێک، کە بووەتە مایەی ئازار بۆ هەمووان، دەبێ لەناو ئاو بخنکێنرێ.

ورچە زلە بۆی ڕوونکردنەوە و چاوێلکەکەی لە چاو کردەوە.

ڕێوی برا خاس کە دەمڕاستی داوەر بوو، کەوتە چەپڵە لێدان و گوتی، ئەمە دەستوورێکی چاکە. دوایی هەموو ڕازی بوون لەسەر بەخنکاندنی کەروێشکی برا لەناو ڕووبارەکەوە.

کەروێشکی برا هەرگیز ئەمەی بەدڵ نەبوو، کەوتە لەرزە لەرز:

– بۆ خاتری خودا، بەنائومێدی ناڵاندی، مەمخەنە ناو ئاوەوە، خۆتان دەزانن، من مەلە نازانم. بەڵام ئەگەر هەر سوورن لەسەری، ئەوە بەلای کەمی ڕێگام بدەن، یەک شەپکەدار بەدەستەوە بگرم، تا شتێکم بەدەستەوە بێت لە کاتی نقومبوون.

ڕێوی برا خاس تەماشای ورچە زلەی کرد، ورچە زلە دیسانەوە چاوێلکەکەی لە چاوی کرد، هەندێک سەری خوراند، لەبەرخۆیەوە دەیمڕاند و گوتی:



– بەڵێ، من شتێک لە دەستوور نابینمەوە کە ئەمە یاساغ بکات. ئەوجا چاویلکەکەی لە چاوی کردەوە.

ئەوەبوو کەروێشکی برا شەپکەیەکی درایە دەست، بەهەموو هەڵیان گرت بۆ سەر ڕووبارەکە و فڕێیان دایە ناو ئاوەکە. بەڵام کەروێشکی برا خێرا خۆی تا ناوقەدی لەسەر دارەکە هەڵواسی، قاچەکانی لەناو ئاو بوون، بەیارمەتی شەپکە دارەکە، خۆی پەڕاندەوە ئەوبەری ڕووبارەکە، چونکە ئاوەکە هەر دەگەیشتە بەر چۆکی.

کە کەروێشکی برا گەیشتە دڵنیایی، لەو بەرەوە، هاواری کرد:

–هۆ ڕێوی برا خاس، من وام پێ چاکە، تۆ چیتر ئەم شەرابە خەراپە نەکرێ!

ئەوجا لەبەر چاوان گوم بوو.

## کەروێشکی برا بەزیرەکی لە هێرمان دەباتەوە

ڕەنگبێ بێتەوە بیرت، کە چۆن کەروێشکی برا کڵاوی لەسەر ورچە زلە ناوە، واتە ئەو جارەی بەدارێی هەڵواسی!

بەدوای ئەوەوە، ورچە زلە بڕیاری دابوو، کە دەبێ کارێکی ڕێک بۆ خۆی بکات. تا لە ئەنجامدا کاری بەلەم لێخوڕینی دەستکەوت.

هەموو ئاژەڵەکان لەسەر ئەوە کۆک بوون، کە ورچ وزەی کارکردنی هەیە. بەڕاستیش زۆر چاک کارەکەی ئەنجام دەدا، بەلەمەکەی بەچاکی لە ڕووبار دەپەڕاندەوە، وەک ئەوەی هەر ئەمە کاری بووبێت.

ڕۆژێکیان هێرمان گەرەکی بوو، ماین و جوانە ماینێک بەبەلەم لە ڕووبارەکە بپەڕێنێتەوە. ورچە زلە تەختەداری لە کەناری ڕووبارەکەوە، بۆ سەر بەلەمەکە ڕێز کردبوو، بۆ ئەوەی ماین و جوانە ماینەکە بەسەریدا، بچنە ناو بەلەمەکەوە. لێرەدا نیگەرانی هاتە پێشەوە.

سەرەتا هێرمان لەپێشەوە ڕۆیشت، ماینەکەی بەدوای خۆیدا ڕاکێشا، ماینەکە گەیشتە نیوەی ئەسکەلەکە، دروست لەوێ غەزری، هەرچەند هێرمان ڕایکێشا، ماین ڕکەی گرت. ئەوجا هێرمان سواری پشتی ماینەکە

بوو، ڕێشمەکەی توند ڕاکێشا، کەچی ماین گوتی ناپەڕمەوە و ناپەڕمەوە.
جوانە ماینەکە وای زانی هێرمان، دەیەوێ دایکی دارکاری بکات کەوتە حریتە حریت و لووشکە هاوێشتن بەدەوروبەری خۆی!

ناچار هێرمان وای بەچاک زانی، هەندێک بیری لێ بکاتەوە. بیری کردەوە و بیری کردەوە. ورچە زلەش لە تەنیشتی دانیشتبوو، ئەویش بیری دەکردەوە. بەڵام هیچ یەکێکیان درکیان بەڕێگایەک نەبرد.

هەتا ورچە زلە لە بیرکردنەوە وەڕس بوو، دەیویست هێزی خۆی تاقی بکاتەوە، هەرکە ئاوڕێکی دایەوە، دیتی ئەوە کەروێشکی برا لەسەر بەردێکەوە،کەوتۆتە سەر گازەرەی پشت، لە پێکەنینان، سکی خۆی گرتووە.

ورچە زلە بۆ لای چوو:

– ئەوە چ شتێکی سەیرت دیوە، پێی پێدەکەنی؟

– بەتۆ و هێرمان پێدەکەنم. کەروێشکی برا گوتی.

– باشتر وانییە لە جیاتی ئەوە، بێی یارمەتیمان بدەی لە بۆ پەڕاندنەوەی ماین و جوانە ماینەکە؟ ئەگەر هەرسێکمان ئەوە بکەین، ڕەنگبێ خراپ نەبێ.

کەروێشکی برا سەری بۆ لەقاند:

– بۆ دەبێ ئەمە بکەم؟ ئەدی دوایی بەچی پێبکەنم! ئەمەی گوت و کەوتەوە پێکەنین. ورچە زلە بزەیەکی هاتێ، بۆ دواوە گەڕایەوە.

– ڕاوەستە، ورچە زلە! کەروێشک هاواری کرد؛ هەنوکە تێر پێکەنیووم، ئیتر پەڕاندنەوەی ماین و جوانی ماینەکە ئاو خواردنەوەیە. کەروێشکی برا گوتی.

– ئەگەر تۆ ڕێگەیەکمان پێ بڵێی، چۆن ئەم کارە بکەین، ئەوە من هەروەک تۆ دەڵێی وا دەکەم. ورچە زلە گوتی.

کەروێشکی برا شانی بۆ هەڵتەکاند و گوتی:

– ئەمە تەنیا بەوە دەکرێ کە جوانە ماینەکە جلەو بکەن، لەپێشەوە



ببەنە ناو بەلەمەکە، دوایی دایکی خۆی بەدوایدا دەکەوێ.

ورچە زلە ساڵدانە ساڵدانە چووەوە لای ئەسکەلەکە، جوانە ماینەکەی ڕاێشمە کرد و ڕاست بۆ ناو بەلەمەکەی برد. هەروەک کەروێشکی برا گوتی ماینەکە بەهێمنی بۆ ناو بەلەمەکە دوای کەوت، بەبێ ئەوەی کەس خۆی پێوە ماندوو بکات.

– کەروێشکی برا گیانلەبەرێکی پڕ ژیرە. ورچە زلە بەشانازییەوە گوتی؛ ئەو نەوەک هەر لە هەموو ئاژەڵەکانی دیکە زیرەکترە، بەڵکو هەتا لە مرۆڤەکانیشی تێپەڕاندووە. کەس دەرەقەتی نایێ گرەوی لێ بباتەوە.

بەڵام هێرمان لەگەڵ ئەوەدا نەبوو.

– ئاخیرەکەی ببینە! گوتی؛ من لەسەر یەک کوپە هەنگوین گرەو دەکەم، کە لەو سەر دەگەڕێمەوە ئەگەر من لە کەروێشکم بردەوە، تۆ دەبێ یەک بوتلە کەرە بدەیتە من، دەنا کوپە هەنگوینێک لە من وەرگرە.

– زۆر چاکە! ورچە زلە وەڵامی دایەوە.

دوای یەک دوو ڕۆژی دیکە، هێرمان لەگەڵ دوو ماین گەڕایەوە. ئەو دوو ماینە زۆر لە یەکتریان دەکرد. هەمان ڕەنگ، هەروەک یەک بەکەلەش، جیاکردنەوەیان ئاسان نەبوو.

ورچە زلە و هێرمان وڵاغەکانیان پەڕاندەوە، هەر کە هاتنە ئەم بەرەوە، هێرمان گوتی:

– یەکێک لەم دوو ماینە، دایکی ئەوەی دووەمە. بڕۆ لە کەروێشکی برا بپرسە، بزانە دەزانێ دایکەکە کامەیە و کچەکە کێهانە؟

ورچە زلە سەیرێکی ماینەکانی کرد... لە گرەوەکە پەشیمان ببووەوە، چونکە هەرگیز کەروێشکی برا لەیەکیان جیاناکاتەوە، لە داخان سەری هەر دەهێنا و دەبرد. هێرمان بەپێکەنینەوە

– وا چاکە هەر ئێستا ئەو بوتلە کەرەیەم بدەیتێ!

بەڵام ورچە زلە بۆنی هەنگوینی بارکراوی هێرمانی هاتە لووت، دە زووکە بوتلە کەرەکەم بۆ بهێنە. هێرمان گوتی.

ورچە زلە بەڕاستی نەیدەویست، هەروا لە خۆڕایی ئەو بوتلە کەرەیە بداتە هێرمان، بۆیە بۆ لای کەروێشکی برا چوو، کە هێشتا لە کەناری ڕووبارەکە چاوەڕوانی دەکرد. کەروێشکی برا خێرا هاتە پێشەوە...

– چاوەکەم کەروێشکی برا. ورچە زلە گوتی،

– دەبێ بمبوری کە سەر یەشەم بۆ دروست کردی. هیوادارم تۆ لێم زوێر نەبی. ئەوجا گرەوی ماینەکانی بۆ گێڕایەوە. کەروێشکی برا کەوتە پێکەنین:

– هیچ شتێکی سەیر نییە. کەروێشک گوتی. یەک و دەسکە گیا بخەرە پێش هەردوو ماینەکەوە، بۆت دەردەکەوێ.

ورچە زلە بەگوێی کەروێشکی برای کرد. کەروێشک تەماشای کرد، ماینەکان کەوتنە گیا خواردن. یەکێکیان لە ماینەکان بلەزتر گیایەکەی خۆی خوارد، ئەوجا چووە سەر گیای ئەوەکەی دیکەش. ماینی دووەم هیچ خۆی تێک نەدا، بەڵکو سەری خۆی هەندەک لەسەر گیایەکە بەرز کردەوە، تا جێگای لموزی ئەوەی یەکەم چاکتر ببیتەوە.

– ئەوەی لموزی لەسەر گیایەکە لادا، ئەوە دایکە.

هێرمان تەنیا دەم بەشبوونەوەی بۆ مایەوە.

– ڕاستە! چۆن ئەمەت زانی؟

– شتێکی سەیر نییە. ماینە گەنجەکە خێراتری خوارد لە پیرەکە، چونکە ئەو هێشتا خورتە و برسیترە لەوەی دیکە.

دایکەکە وازی لە لەوەڕین هێنا، کە دیتی کچەکەی زیاتری دەوێ.

هێرمان خۆی بۆ نەگیرا، چونکە نەیدەویست، دان بەوەدا بنێ، کەروێشکی برا لە مرۆڤ زرنگترە.

– من گرەو لەسەر یەک دۆلکە هەنگوینی تر دەکەم، ئەگەر کەروێشکی برا بردییەوە. ئەو دۆلکە هەنگوینەکەی یەکەمی دایە ورچە زلە

–زۆر باشە. ورچە زلە گوتی و کەوتە هەنگوین لێستنەوە.

– لێرە تاوێک چاوەڕوان بکەن. هێرمان ئەمەی گوت و ملی ڕێگای



گرت، دوای مەودایەکی کەم گەڕایەوە، سەبەتەیەکی بەسەر سەرەوە بوو، کە کەروێشکی برا ناوەکەی نەدەبینی، نەیدەزانی چی تێدایە. هێرمان سەبەتەکەی لەسەر دارێکی بەرزەوە ئاوێزان کرد.

– بلێ ئێستا، ئەم سەبەتە چی تێدایە، کەروێشکی برا!؟ هێرمان دڵنیا بوو کە ئەمجارە دەیباتەوە. کەروێشکی برا مەودایەکی درێژ سەرنجی سەبەتەکەی دا... تا لەدواییدا گوتی:

– ئەمە ئەگەر هەر چۆلەکە بزانێ چییە!

هێرمان خەریک بوو لە خۆی بچێ.

– بۆ خاتری خودا تۆ کێی؟ هێرمان پرسی. تۆ دەبێ سیحر بکەی! ئەوجا سەبەتەکەی لە دارەکە کردەوە، پیشانی دا کە چۆلەکەیەکی بچکۆلانەی لەناو بوو. ناچار دۆلکەیەکی دیکە هەنگوینی دایە ورچە زلە، سەریشی لە کەروێشکی برا دەلەقاند:

– دەبێ تۆ کەروێشکێکی ئەفسووناوی بیت، هێرمان گوتی؛ ئیتر دەبێ خۆم لە تۆ بەدوور بگرم.

هێرمان خێرا ملی ڕێگای گرت، ورچە زلە سەیری کەروێشکی برای کرد:

– لۆ خاتری خودا، چۆن زانیت ئەمە چۆلەکەی لەناوە؟ پرسی.

– منیش نەمزانی، گوتی؛ من گوتم تەنیا ڕەنگە چۆلەکە بزانێ ئەمە چیی تێدایە، چونکە سەبەتەکە لە بەرزی دایە، تەنیا چۆلەکە ناوی دەوەن دەبینێ کەچی تێدایە.

کەروێشکی برا کەوتە پێکەنینێ، هەروەها ورچە زلە بۆی وەرگرتەوە، هەردووکیان لەسەر ئەوە کۆک بوون کە ئەم هەنگوینە شتێکی باش بوو.

## برا گورگە و برا ڕێوی و بێچووەکانی برا کەروێشک

ڕۆژێکیان برا گورگ و برا ڕێوی پێکەوە چوونە سەردانی کەروێشکی برا. گەیشتنە ئەوێ، دیتیان تەنیا بێچووە کەروێشکەکان لە ماڵەوەن. کە لە دەرەوە، لە باخچەکەیان گەمەیان دەکرد، برا گورگە چاوبرسییانە تەماشای کردن. بێچووە کەروێشکەکان ئەوەندە خرپن و گۆشتن بوون، بۆی

نەکرا دەمی خۆی نەلێستەوە. گورگە تەماشایەکی ڕێوی برا خاسی کرد، دووبارە بەزمانی دەمی خۆی لێستەوە. ڕێوی برا خاسیش تەماشای گورگەی کرد، ئەویش کەوتە لێستنەوەی خۆی.

– توخوا ئەمانە خرپن و گۆشتن نین!؟ گورگە پرسی.

– هێواش، دەنگت ئەوەندە بڵند مەکە! ڕێوی برا خاس بەچرپە گوتی.

بێچووە کەروێشکەکان لە گەمەکردنی خۆیان بەردەوام بوون، بەڵام زۆر بەوریایی، لە پەرژینەکەیان نزیک دەبوونەوە، گوێچکەکانیان قولاغ کردبوو.

– بەڕاستی جوان و شیرینن. گورگە گوتی.

ڕێوی برا خاس لیکاوی بەدەمدا دەهاتە خوارەوە.

– تۆ ناتوانی دەمی خۆت بگری! بەگوێی گورگیدا چرپاندەوە.

بێچووە کەروێشکەکان بەدەم گەمەکردنەوە، بەئەسپایی و گوێچکە قولاغی زیاتر لە پەرژینەکەیان نزیک بوونەوە.

– توخوا ناسک و تەڕ نین ئەمانە؟ گورگە تامی دەمی خۆی خۆش دەکرد.

برا ڕێوی بەچاو کەوتە دیقەت دانی دەوروبەر.

– ئەگەر دان بەخۆت دانەگری، من تووشی هەڵچوونی زیاتر دەکەی، ئەو کاتە خۆشم نازانم چی دەکەم، بەبێ ئەوەی گوێ بەئەنجامەکەی بدەم.

بێچووە کەروێشکەکان، هەتا لای پەرژینەکەی خەریکی گەمان بوون، بەڵام گوێچکە قولاغ بوون.

– ئێمە ئەوانە دەخۆین! گورگەبۆر لە ناکاو گوتی.

– بەلێ، ئێمە ئەمانە دەخۆین! ڕێوی برا خاس دووپاتی کردەوە. کە هەموو ئەندامەکانی گیانی کەوتبوونە جۆش. کەروێشکە بچوکەکان لە گەمەکردنی خۆیان نەکەوتبوون، بەڵام لەوە گەیشتبوون چ باسە.

گورگ و ڕێوی بڕیاریان وەرگرتبوو، کە یەکێکیان کەروێشکی برا بەئاخاوتن خەریک بکات، لەو دەمەی دێتەوە ماڵەوە، ئەوەی دیکەشیان بێچوەکان کۆدەکاتەوە.



– وا چاکە قسەی لێ بکەین، گورگەبۆر. بێچوەکان بۆ من لێگەرێ. ئەوان خۆت دەزانی هەمیشە حەز لەمن دەکەن.

– بەڵێ، پیاو دەبێ گوێی لە زۆر شت ڕاگرێ، پێش ئەوەی گوێچکەکان بلەقێنێ. گورگە مراندی، خۆت دەزانی هەرگیز من لە ئاخاوتن باش نەبوومە، بەڵکو خۆت وەستای ئاخاوتنی، من بۆ گازگرتن باشم. ئەم بێچوانەش بەکەڵکی کۆکردنەوە نایەن، ئەوانە تەنیا لە گازگرتن تێدەگەن، کە کاری منە. تۆش کەروێشکی برا خەریک دەکەی، خۆم دەرحەق ئەم بێچوانە دێم.

هەردووکیان لەوە دڵنیا بوون، کە هەر یەکەیان زووتر دەمی بگاتە، ئەم بێچوانە، بێگومان پشکێکی بۆ ئەوەی دیکە ناهێڵێتەوە.

ڕێوی و گورگ هەر لە شوێنی خۆیان وەستابوون، خەریکی دەمە دەم بوون، بێچوە کەروێشکەکان کەوتنە بازدان، بازدان، لە دوای بازدان، بۆ ئەوەی زوو بەباوکیان بگەن.

بێچووەکان زۆریان بازنەدا، هەتا ڕووبەڕووی باوکیان بوونەوە، کە لە شارەوە بۆ ماڵ دەگەڕایەوە، گۆزەیەکی بەسەر سەرەوە بوو.

– باوکە ئەوە چیت کڕیوە؟ بێچووەکان هاواریان کرد.

– یەک گۆزە دۆشاوم بۆتان کڕیوە.

– دەتوانین تامی بکەین؟ بێچووەکان پرسیان.

کەروێشکی برا، ملاکێکی بۆ دەرهێنان، تا بێچووەکان بیلێسنەوە. ئەو دەمە بێچووەکان هاتبوونەوە سەر خۆیان، ئەوجا سەربردەی گورگ و ڕێوییان بۆ باوکیان گێڕایەوە، کە خەریکی چ بەزمێکن. کەروێشکی برا بزەیەکی هاتێ پاشان گۆزەکەی خستەوە سەر شانی، لەگەڵ بێچووەکانی بەرەو ماڵەوە کەوتە رێ. بەڵام پێش ئەوەی بگەنە ماڵەوە، کەروێشکی برا بەبێچووەکانی گوت:

– ئێوە خۆتان لە شوێنێک دەشارنەوە! نایەنەوە هەتا خۆم بانگتان دەکەم.

کـــەروێشکە بـچـکـۆلەکـــان ئەوەنـدە نـیـگەران نەبـوون، لەوەی نـاچـاری خۆشاردنەوە بن. چونکە کەڵبە تیژەکانی گورگەبۆر و زمانە درێژە سوورەکەی ڕێوی برا خاسیان دیتبوو. بۆیە بەبێ ورتە خۆیان لە پەنایەک مەڵاس دا.

کەروێشکی برا بەلاکە لاک ڕۆیشت. هەر کە گەیشتەوە ماڵ، دیتی ئەوە ڕێوی برا خاس و گورگەبۆر بۆ خۆیان، لەسەر سەکۆیەکە دانیشتوون، لە دوورەوە بزەیەکی بۆ کردن، ددانەکانی جیر کردبۆوە.

ئەوان ماندووبوونیان لە کەروێشکی برا کرد، کەروێشکیش بەخێرهاتنی ئەوانی کرد.

– ئەوە چییە لەناو ئەو گۆزەیە؟ گورگ گەرەکی بوو بزانی.

کـەروێشکی برا کـەوتە منگە منگ، وەک ئەوەی نەیەوێ باسی بکات چی تێدایە! بۆیە گورگەبۆر زیاتر تامەزرۆی زانینی بوو.

– ناتوانی پێمان بڵێی چی تێدایە!

کەروێشکی برا سەری بۆ هێنا و برد، وەک ئەوەی کە بەڕاستی نایەوێ پێیان بڵێت. ئەوجا کەوتە ئاخاوتن لەگەڵ گورگەبۆر، دەربارەی ئاووهەوا. لەو تاوەدا ڕێوی برا خاس بەخشکەیی چووە دەرەوە، بەڵکو فریای بێچووە کەروێشکەکان بکەوێ. کەروێشکی برا ملاّکێکی لەناو گۆزەکە دەرهێنا، بۆ گورگی درێژ کرد.

– فەرموو بۆ خۆت تامی بکە. کەروێشک گوتی.

گورگە بۆر پلێکی پێدا هێنا و کەوتە لێستنەوەی بەدەمی.

– شتێکی ناخۆش نییە! ئەمە چی پێ دەڵێن؟

– بەس بەکەس نەڵێی، ئەمە خوێنە ڕێوییە. کەروێشکی برا چرپاندی.

گورگە بۆر چاوی هەڵسووڕاند.

– تۆ چۆن دەزانی!

– من ئەوە کە دەزانم، دەیزانم.

– دەتوانم داوای ملاّکێکی دیکە بکەم؟

کەروێشکی برا سەری بۆ هێنا و برد.



– من تێناگەم، بۆ تۆ هەمیشە دەتەوێ خۆت ئازار بدەی! لە کاتێکدا تۆ دەتوانی هەر چەندەکت لەمــە بوێ، بەدەســتی خــۆت بۆ خــۆتی بەدەست بهێنی. دیارە تامی لەوەش خۆشتر دەبێ.

– چۆن ئەمە دەزانی؟

– من ئەوە دەزانم کە دەیزانم.

ئەوجا گورگە بۆر بەگوڕ ڕابوو، ملی ڕێگای گرت، دوای ڕێوی برا خاس کەوت. کـە ڕێوی دیتـەوە، یەکسـەر خۆی تێ کـرد، بەڵام ڕێوی خۆی لەبەر چنگی دەرهێنا و سـەریان لە دوو یەکـتـری نا، چنگ لەسـەر چنگ بەرەو دارستان بوونەوە. کەروێشکی برا تێر پێکەنی، ئەوجا بانگی بێچووەکانی کردەوە، ئەوانیش خۆیان ئاشکرا کرد و هاتنەوە.

دیارە تۆ دەپرسی، ئایا گورگە بۆر چی لە ڕێوی برا خاس کرد، من تەنیا لەگەڵ گێڕانەوەی چیرۆکەکەم، کە لەسەر ڕاستە شەقام دەڕوا، بەڵام بواری ئەوەم نـیـیــە بۆ لا ڕێگاش بەدوو ئاژەڵەکــان بکەوم. من نـازانم تۆ چۆنی تێـدەگەی و چۆنی، بەڵام خـۆم هەر کە نزیکی دارسـتـان بکەوم، لە ترسـان ئەژنۆم دەشکێ و ناتوانم هەنگاو هەڵگرم.

## ئاسوودەبوونی کەروێشکی برا

دەم دەمی ئەوەبوو، ئاژەڵەکـان شـتـێکی دیکەیان نەبوو، خـۆیـانی پێـوە خەریک بکەن، تەنیا خەریکی هەوڵی ڕاوکردنی کەروێشکی برابوون. ڕۆژ و شەویان بەدەم یەکەوە گرێ دابوو، هەتا ڕۆژانی پشوو دوا ڕۆژی هەفتەش خەریک بوون. بەڵام ئەوان هەرچییـەکـیـان دەکـرد، کـەچی کـەروێشکی برا خۆی دەرباز دەکـرد. ئیـتـر ئاژەڵەکـان لەسـەر ئەوەی کـۆک بوون، کـە دەبێ کەروێشکی برا یارمەتیدەرێکی هەبێت.

ئەوەبوو ورچە بۆر لەلای خـۆیەوە لەوە دڵـنیـا بوو کـە کـەروێشکی برا، بنیـادەمـێکی ئەفـسـووناوییـە. بەڵام گـورگی برا ئەوەی پێ ڕاست نەبوو، کەچی گەرەکیشی نەبوو سەرسوڕمانی خۆی بشارتەوە دەربارەی ئەوەی کە دیارە ئاژەڵێکی دیکە لەگەڵ کەروێشکی برا هاوکـونە. ڕێوی برا خـاسیش

پێی وابوو، دەبێ شتێکی لەو جۆرە هەبێت، چونکە کەروێشکی برا خاوەن بەختێکی ئاسایی نییە.

ئاژەڵەکان لەسەر ئەوەی کەروێشکی برا ئەو هەموو بەخت یاربوونەوەی خۆی لە کوێ هێناوە، کەوتبوونە مشتومڕێکی گەرمەوە. بەجۆرێک خەو و خۆراکیان لەخۆ حەرام کردبوو، هەتاکو هەندێکشیان لەچاو بەرایی پێ نەهاتنەوە تارومار ببوون.

لەو وەختەیدا کە ئاژەڵەکان بەمەزەندەکانی خۆیان لەسەر کەروێشکی برا خەریک بوون، یەکێک لە بێچووەکانی ورچە بۆر شەپرە لێی دابوو.

ورچە بۆر کەوتبووە پرسیاری ئەوەی، ئایا دایکە کەروێشک ناتوانێ هاودەمی ژنەکەی ورچە بۆر بکات کە بەدرێژایی شەو بێدارە. دیارە دایکە کەروێشک ئەوەی پێ خۆش بووە.

دایکە ورچە کەوتبووە هەژاندنی بێچووەکەی، تاکو ناڵە ناڵ نەکات، کە لەپڕ دایکە کەروێشک شتێکی ناخۆشی بیرکەوتەوە و هاواری کرد:

– ئۆف خودایە! قیژاندی.

– چی بووە؟ خوشکە کەروێشک؟

– هەنووکە بیرم کەوتەوە، کە من جۆڕکی پارەی پیاوەکەم لەبیر چووە بشارمەوە. کە لەسەر لێواری ناندینەکەم داناوە. بەجۆرێک هەر یەکێک بچێتە ژوورەوە، دەتوانێ بۆ خۆی بیبات. هەرچەندە من نازانم چی و چی تێدایە، بەڵام لەبیرمە، پیاوەکەم هەموو جارێ دەیگوت، دەبێ ئەوە لە گیانی خۆت چاکتر بیپارێزی، باشە من هەنووکە چی بکەم؟

– ئاه، ئەوە شتێکی ئەوتۆ نییە خۆتی بۆ نیگەران بکەی، ئەوە لە شوێنی خۆیەتی و کەس دەستی ناگاتێ.

ئەوە هیوای دایکە کەروێشکیش بوو، چونکە مەیلی ئەوەی نەبوو بەو نیوە شەوە بچێتەوە ماڵێ.

هەر ئەو شەوەش گورگە بۆر لەلای ورچە بۆر بوو، چۆنیەتی بیرکردنەوەی خۆی بۆ باس دەکرد، دروست گوێی لە پەیڤەکانی دایکە کەروێشک بوو کە چی دەگێڕایەوە. یەکسەر هەستا سەر پێیان و ملی ڕێگای ماڵی کەروێشکی برای گرت. زۆر بەوریایی خۆی خزاندە ژوورەوە و هەتاوەکو



بەردەم لێواری ناندین-ە کە نەوەستا، کە جۆرکی پارەی کەروێشکی برای لێ دانرابوو! گورگەبۆر جۆرکەکەی کردەوە و چاند دانە ناوکە کەلەرمێک و یەک دانە ددانی گەورەی کەروێشکی کێوی دەشتان و چەند وردە شتێکی دیکەی بەرچاو کەوت. کە لە خۆشیان کەوتە خەندەوە، وەک ئەوەی گەنجینەیەکی گەورەی دۆزیبێتەوە، ڕاست جۆرکەکەی خستە باخەلی خۆیەوە و بەرەو ماڵەوەی خۆیان قوچاندی.

دوای چەند ڕۆژێک کەروێشکی برا هەستی کرد کە جۆرکەکەی بزر بووە، هەموو کونج و کەلەبەری ماڵەوەیان سەر و بن کرد، لە ژنەکەی پرسی، کە ئایا نەیدیتوە، بەڵام ژنەکەی وەڵامی دایەوە، کە ئەو پێش هەفتەیەک لە جێگایەکی دیتووە، ئەگەر ئێستا گوم بوو، چ پەیوەندییەکی بەمەوە نییە کە بەسەریدا پرتە و بۆڵە بۆڵ بکات، چونکە ئەوە جۆرکی خۆی بووە، کە خۆی نەتوانێ ئاگاداری شتەکانی خۆی بێت، ئیتر بۆ دەبێ گلەیی لە خەڵکی دیکە بکات، چونکە ئەو هەر ئەوەندە دەتوانێ بەکاروباری ناو ماڵ و بێچوەکان ڕابگات! لێرەدا کەروێشکی برا گوتی:

– من دەزانم دوا جارەکەی جۆرکەکەم پێ بووە، بەڵام نازانم دوایی لە کوێم داناوە.

ئیتر لە مەودوا، بووە مەودای ئەوەی کە گورگی برا ببێتە خاوەن بەخت و لە هەموو هەڵسوکەوتێک بەختی یار بێت، کەچی کەروێشکی برا دەست بەتاڵ ماوەتەوە. گورگەبۆر زیاتر و زیاتر قەڵەو بووە و کەروێشکی برا هەتا هاتووە لەڕ و لاوازتر بووە. گورگەبۆر چۆنی حەز لێ بووە، ئاوا غاری داوە و بەغار بووە، کەس بای نەشکاندووە، کەچی کەروێشکی برا زۆر بەزەحمەت گەیشتۆتە خوشکە چێڵ. گورگی برا ساغ و چوست و گورج و گۆل بووە، بەڵام کەروێشکی برا وەک ئەوەی شەپرە لێی دابێت، تاقەتی هیچی نەبووە. پاش مانگێک کەروێشکی برا کەوتووەتە بڕیاری ئەوەی، کە تاکە شتێک دەبێ بیکات، ئەوەیە کە بچێتە لای داپیرە کەروێشکی کێوان و دۆزی خۆی لەلا باس بکات.

ئەو داپیرە کەروێشکە، جادووگەری بەرەی کەروێشکان بوو، کە دوور لە ئاوەدانی دەژیا، دوور لەناو تاریکایی، تەڕ و تەماوی، شوێنی بۆگەن و

زەنەک و پڕ دڕکـەزی دەژیا. بۆ ئەوەی بگاتە ئەوێ، دەبوو مـاندوو، مـردوو بێت، بەسـەر نەوالآن باز بدات، بەهەورازاندا هەڵگەڕێت، لە هەڵدێران بەقوونە خشکە بڕوات و گلۆر بێتـەوە، ساردی و تەڕی ببینێ. سەرباری هەموو ئەوانەش دەبێ وریا و چوست بێت، تاکو بگاتە ئەوێ.

بەهەر شـێـوەیەک بـوو، کـەروێشکی برا گـەیشـتـە هەواری داپیـرە کەروێشکی جادووگەر، بەڵام زۆر چاک شپرزە ببـوو. لەو شوێنە دانیشت تاکو نەختێ بحەسێتەوە، پاش تاوێک، چاوی بەدووکەڵێکی ڕەش کەوت کە لە کونێکی ئەو ناوی بەری ئاسمـانی گـرت. ئەوە شوێنەواری داپیرەی جـادووگـەر بـوو. دووکـەڵەکـە تا دەهات زۆرتر و زۆرتر دەبوو. ئیـتـر کـەروێشکی برا تێگەیشت، دەمی ئەوە هاتووە سـەربردەی خـۆی باس بکات.

– داپیرە گەورە، دەبێ یارمەتیم بدەی.

– کەروێشکە بچکۆلانەکـەم، چی بووە؟ چیت لێ قـەومـاوە کەروێشکە بچکۆلانەکەم.

– قوربانت بم داپیرە گەورە، ئەو ددانەی کەروێشکی کێوانم گوم کردووە کە تۆ پێت دابووم.

– ئۆف، کـەروێشکە بچکۆلانەکـەم، لە بۆچی؟ لە بۆچی کـەروێشکە بچکۆلانەکەم؟

–داپیرە گەورە، لەوەتەی ئەو ددانەی کەروێشکی کێوان گوم بووە، بەختم یار نییە! نازانم لە کوێ گومم کردووە؟

– کەروێشکە بچکۆلانەکەم، ئەوە گورگە بۆر لێتی دزیوە و بەختی تۆی بۆ خۆی بردووە. بکەوە شوێنی و لێی بستێنەوە، کەروێشکە بچکۆلانەکەم.

پاشان داپیرەی جادووگەر، دووکەڵەکەی هەڵمژتەوە و چووەوە کونەکەی خۆی و کەروێشکی براش ملی ڕێگای گەڕانەوەی گرت. بەدەم ڕێگاوە هەر بیـری لەوە دەکـردەوە، چۆن چۆنیـیـەک ئەو ددانەی کـەروێشکی کـێـوان وەرگرتەوە کە گورگی برا لێی دزیوە.

ئەوجا لەبەرئەوەی هیچ پلانێکی نەبوو، ناچار چوو لە نزیکی مـاڵەوەی گـورگـە بۆر خـۆی مـەڵاس دا و چاوەڕوانی هەلێکی گـونجـاوی کـرد.



کـەروێشکی برا ڕۆژێک، هەفـتـەیەک، نزیکەی مـانگێک هەر چاوەڕوانی کرد.

تاکو شەوێکیـان کە گورگی برا بەدرەنگانێ لە بەزمی شەوانە گەڕایەوە، فـرسەت بۆ کـەروێشکی برا ڕەخسـا. هەر کە پرخە پرخی گـورگـە بۆر هاتە گـوێی، کـەروێشکی برا بەپەنادزە خـۆی گـەیاندە ژوورەوە، گـورگـە بۆر چاکـەتەکەی خۆی بەسنگی جۆلانەکەی وەکردبوو. کـەروێشکی برا کـەوتە پشکنینی گـیرفـانەکـانی، تاکو لە یەکـێکیـان جۆڕکـەکەی خـۆی دیتـەوە، یەکسەر دەری هێنا و بەچاو ترووکانێک لەو ناوە نەما.

بەڵام لەگەڵ ئەوەش کەروێشکی برا، جۆڕکەکەی خۆی کەوتەوە دەست کە ددانی کـەروێشکی کـێوانیشی تێدامابوو، کەچی ئەو بەختـەی جارانی بۆ نەگـەڕابووەوە، وەکـو جـاران دەرەقـەتی ناخـۆشـیـیـەکـان نەدەهات و ددانی کـەروێشکی کـێـوان فـریای نەدەکـەوت. ڕەنگبێ ئەوە نیـشـانـەی پیـربـوونی بێت! لێـرەدا کـەروێشکی برا جـارێـکی دیکـەش چووەوە سـەردانی داپیـرە گـەورە، ژنەکـەی قـاورمـە و نانی بـۆ ئامـادەکـرد، بۆ ئەوەی لە ڕێگا برسی نەبێت.

– داپیرە گەورە. کەروێشکی برا بانگی کرد کە گەیشتە شوێنەکەوە.

– داپیـرە گـەورە، من ڕێگایەکی درێژم بڕیوە و زۆر بەخـێـرایی هاتووم، هەنووکە شادومانم لەوەی گەیشتمەتە خزمەتی تۆ.

لەو دەمەدا دووکەڵێکی ڕەشی گەورە لەناخی زەوییەوە دەرچوو:

– چی بووە؟ کـەروێشکە بچکۆلانەکـەم؟ داپیـرە گـەورە گـوتی؛ چیت لێ بەسەر هاتووە کەروێشکە بچکۆلانەکەم؟

– بەڵێ، داپیـرە گـەورە، من خـەریکە تێکرایی شـەنگ و تاقـەتی خـۆم لە دەست دەدەم. من وەکـو جاران ناتوانم بەئاسـانی ئاژەڵـەکـانی دیکە لەخشتـە بەرم، لەزگە ئەوان بەیەکجاری کۆتایی بەمن بهێنن!

داپیرە گەورە بەدەم دانیشتنەوە، لەگەڵ هەناسە هەڵکێشـانەوە، دووکەڵی ڕەشی بەئاسـمـان داکرد و لەناویدا تەنیا چاوە زەق و گوێچکە زلـەکانی دیار بوون.

– ئەوە سمـۆرەیەک لەسـەر ئەو دارەی بەرامبـەرت هەیە، بـەڵـکو بیگری و

بۆمی بهێنی! کەروێشکە بچکۆلانەکەم. داپیرە گەورە پێی گوت.

– من ئەوەندە توانام نەماوە. کەروێشکی برا گوتی. بەڵام ئەگەر ئەو سمۆرەیەی سەر دارێ نەهێنمە خوارەوە، ئەوە دیارە چارەنووسم خراپتر دەبێ.

کەروێشکی برا چووە نزیکی دارەکەوە، قاورمە و نانەکەی لەناو جۆرکەکەی دەرهێنا، دەستی دایە دوو کوچکە بەردان و جۆڕکەکەی بەدەستەوە گرت.

تاوێک چاوەڕوانی کرد، ئەوجا بەردەکانی لە یەکتری دا –شریق!

– هۆی، ئەوە چییە! سمۆرەکە لەسەر دارەکەوە گوتی.

کەروێشکی برا تاوێکی دی چاوەڕوانی کرد، پێش ئەوەی دیسانەوە بەردەکان لە یەکتری بدات. شریق! سمۆرەکە تۆزێک لەسەر دارەکە هاتە خوارتر و هاواری کرد:

– هۆی، هۆی!

بەبێ ئەوەی ورتەیەک بکات، کەروێشکی برا دیسانەوە بەردەکانی بەیەکتریدا دا.

– شریق! سمۆرەکە چەند بستێکی دیکە لە دارەکە هاتە خوارەوە و گوتی:

– ئەوە تۆ خەریکی چی؟

– خەریکی ئەو جۆڕکە گەورەم!

– چی لەو جۆڕکە دەکەی؟

– ناوکە بادەم دەقرتێنم!

– دەکرێ منیش چەند دانەیەک بقرتێنم؟

– بەڵێ، تەنیا ئەگەر باز بدەیتە ناو جۆڕکەکەوە. کەروێشکی برا گوتی.

سمۆرەکە لە سەرەتادا بەگومان بوو، بەڵام دوایی بازی دایە ناو جۆڕکەکەوە. ئیتر کەروێشکی برا دەرکی جۆڕکەکەی گرێ دا و بۆ داپیرە گەورەی برد.

داپیرە جادوگەر، دەرکی جۆرکەکەی کردەوە و سمۆرەکەی بەرەڵڵا کرد و



بەکەروێشکی برای گوت:

– ئەوە مارێک لەناو ئەو چیمەنەی ئەوێ ڕاکشاوە، کەروێشکە بچکۆلانەکەم. داپیرە گوتی، بەڵکو بەچوستی بۆمی بگری و بیبەیتە دەستم.

هەر کە کەروێشکی برا ئاوری دەوروبەرەکەی دایەوە، یەکسەر ئەو مارە گەورەیەی دیت کە هەرگیز شتی وا گەورەی بەرچاو نەکەوتبوو.

مارەکە خۆی قەف قەف کردبووەوە کە پێنج، شەش قەف دەبوو کە لە دوورەوە دیاربوو بەدوای نێچیرێک خۆی مەلاس دابوو کە بەو ناوە تێدەپەری.

کەروێشکی برا چەند تاوێک کەوتە بیرکردنەوە، پێش ئەوەی بچێتە ناو دارستانەکەوە کە پڕ بوو لە کندری شۆڕەوە بوو بەدارەکانەوە، کندرێکی بڕی و لەسەرێکەوە قولفێکی لێ گرێدا و ڕووی لە مارەکە کرد و گوتی:

– ئەمرۆکە چۆنی ئەی ماری گەورە و گران؟

مارەکە هیچ وەڵامێکی نەدایەوە. بەڵکو زیاتر کەوتە خۆ قەفکردنەوە و زمانی وەک تیخە خەنجەر دەهێنا ودەبرد، بەڵام ئەوە کەروێشکی نەترساند.

–من شادومانم ئەمڕۆکە تووشی تۆ هاتووم، چونکە پێش چەند هەفتەیەک لەگەڵ ورچەبۆر کەوتبوومە قڕە سەبارەت بەدرێژی تۆ. ئێمە هەردووکمان لەو باوەڕداین کە تۆ جوانترین ئاژەڵی خشۆکی سەر زەوی، هەر کە خۆشت قەف قەف کردووە، جوانتر بووی کە تیشکی ڕۆژ لێت دەدات.

ورچە بۆر دەیگوت، تۆ هەر یەک مەتر درێژ دەبی کە خۆت لەسەر زەوی درێژ دەکەیتەوە. بەڵام من پێم گوت، باشتر وایە چاوێلکەیەک بۆ خۆی پەیدا بکات، چونکە من دڵنیام تۆ دوو مەتر درێژ دەبی. ئێمە زۆر قڕە قڕمان کرد، هەتا وەکو من یەک شووڕکم لە تەپڵی سەری دا.

مارەکە خۆی مات کردبوو، بەڵام پێوەی دیار بوو لەو گرژییەی جاران شل بووتەوە.

– من بەورچە بۆری برام گوت، هەر کە من تووشی تۆ ببم، ئەوە درێژی تۆ دەپێوم، بۆیە من زۆر بەختەوەرم، کە ئەمڕۆ تووشی تۆ هاتووم، ئەوجا

بەڵکو خۆت درێژ بکەیتەوە، تاکو ئەندازەکەت بپێوم.

لێرەدا مارەکە بەتەواوی خاو ببووەوە و خۆی درێژکردەوە، وەک ئەوەی ئەویش حەزی لەو جۆرە گرەوەی نێوان کەروێشک و ورچە بۆر بێت.

– نیو مەتر، کەروێشکی برا لە کلکییەوە کەوتە پێوانی، هەتا ئێرە مەترێک، کە ئەوە مەترەکەی ورچە بۆرە هێشتا زۆریشی ماوە، یەک مەتر و نیو... کەروێشکی برا دروست گەیشتبووە سەر تەپڵی سەری مارەکە و گوتی؛ دوو مەتر! هەرکە ئەوەی گوت و نەگوت، یەکسەر کندرە قوڵفکراوەکەی لە ملی مارەکە کرد و بەدوای خۆی بۆ بەردەم داپیرە گەورەی ڕاکێشا، بەڵام کە گەیشتە ئەوێ، داپیرە گەورە لە هیچ شوێنێک نەما بوو. پاش مەودایەک گوێی لە دەنگێک بوو کە دەیگوت:

– ئەگەر تۆ لەوە زیاتر توانات هەبێ، کەروێشکە بچکۆلانەکەم، ئەوە ئێمەش جلەو دەکەی! کەروێشکە بچکۆلانەکەم!

ئەوەبوو کەروێشکی برا، لە خۆیەوە هەستی بەوە کرد، کە هاتووتەوە سەر ئەو توانایەی جاران و مارەکەی لەگەڵ خۆی بۆ ماڵەوە بردەوە و مەزەیەکی لە گۆشتەکەی دروست کرد. ڕوونی مارەکەشی بۆ چەورکردنی ئێسک و جومگەکان بەکار دەهێنا. بەڵام پێویستی بەوە نەبوو مێشکی چەور بکات، چونکە لە هەموو کاتان زیاتر گورج و گۆڵتر بوو.